حەشدی شەعبی و لایەنگرەکانیان ڕێگای سەرەکی نێوان هەولێر و مووسڵ دادەخەن

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5805) سێ شەممە 6ی ئاب 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

دوای ئەوەی سەرۆک وەزیرانی عێراق عادل عەبدولمەهدی بڕیاری دا بە کشانەوەی لیوای 30ی ملیشیاکانی حەشدی شەعبی لە دەشتی نەینەوا، ئەمەش ناڕەزایی ئەو لیوای لێکەوتەوە بەیانی دوێنێ دووشەممەش لە شارەیێ بەرتەلە ئەو لیوایە بەشێک لە هاوواڵاتیانی ئەو سنورەی کۆکردۆتەوە و لە خۆپێشاندانێکی ناڕەزاییدا دژایەتی خۆیان لەو بڕیاری سەرۆک وەزیرانی عێراق نیشان دا، بۆیە وەکو کاردانەوەک بەرامبەر بەو بڕیارە ڕێگای سەرەکی بەرتەلە بۆ هەولێریان داخست و دەشڵێن خۆپێشاندانمان بەردەوام دەبێت تا ئەو بڕیارە هەڵدەوەشێنرێتەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

سوپای عێراق: لەگەڵ پێشمەرگە کۆتایی بە جموجۆڵەکانی داعش دەهێنین

هەرچەندە سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق لە کانوونی یەکەمی 2017دا کۆتاییهاتنی داعشی ڕاگەیاند، بەڵام جموجوواڵی چەکدارانی داعش لە هەندێک ناوچە ماوە. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**



مەسرور بارزانی پێشوازی لە کونسوڵی نوێی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەولێر دەکات

دوێنێ دووشەمە 2019/8/5 مەسرور بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە نەسرواڵا ڕەشنوودی، کونسوڵی نوێی ئێران لە هەولێر کرد.
لەم دانیشتنەدا، سەرەتا کونسوڵی کۆماری ئیسلامیی ئێران، وێڕای پیرۆزبایی لە سەرۆکوەزیرانی هەرێم، ئاواتی سەرکەوتنی بۆ کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خواست. هەروەها مەسرور بارزانی بە خێرهاتنی کونسوڵی نوێی کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست. لەم دیدارەدا، پەرەپێدانی پەیوەندییە هەمەچەشنەکان، بە تایبەت لە بواری ئابووری خرایە بەر باس و گفتوگۆ.



سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئامادەی یاریی تۆپی پێی کوێت و سعوودیە دەبێت

دەرەنگانی شەوی یەکشەمە 2019/8/4 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئامادەی یاریی تۆپی پێی نێوان کوێت و سعوودیە بوو کە لە چوارچێوەی یارییەکانی پاڵەوانییەتیی خۆرئاوای ئاسیا، کە لە یاریگەی نێودەوڵەتیی شەهید فەرەنسۆ هەریری لە هەولێر بەڕێوە چوو و لە ئەنجامدا هەڵبژاردەی کوێت توانی بە 2-1 بەسەر هەڵبژاردەی سعوودیەدا سەرکەوێت.


تا هێزێکی هاوبەشی پێشمەرگە و سوپای عێراق نەچنە شنگال بۆ پاراستنیان، ئێزیدییەکان ناگەڕێنەوە شارەکە



مەحما خەلیل قایمقامی شنگال و ڕاوێژکاری کاروباری ئێزیدییەکان لەپەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە دیمانەیەکدا لەگەڵ بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا، لەبارەی هۆکاری نەگەڕانەوەی ئاوارەکانی شنگال بۆ شنگال دەڵێت: هاوڵاتیانی ئێزیدی ئاواتیان ئەوەبوو شنگال ئازاد بکرێت و ئاسایشی ئەوان بپارێزرێت، شنگال ڕزگار بوو بەڵام ئاسایشی ئەوان نەهاتۆتە پاراستن تا ئێستاش، هەتا ئێستا 360 هەزار ئێزیدی لەکەمپەکانی کوردستانن و 105 هەزار کەسیان ئاوارەی دەرەوەی وڵات بوون، هەتا ئێستاش تەنها 60 هەزار ئاوارە گەڕاونەتەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

پەکەکە لە بیرەوەری (شێرکۆ بێکەس)ی شاعیر دا

ئەو تونداڕەویی و داخرانەی ئەوان، گەیاندنی بە کۆڵانێکی بن بەست!



پەکەکە هەمیشە لە هەوڵی خۆسەپاندن و فەرزکردنی ڕاوبۆچوونی خۆیدا بووە، کە ئەمەیش کاریگەرییەکی خراپی کردۆتە سەر کاروباری نێوخۆیی خۆیان و کاروباری دەرەوەی حزبەکەیشیان و تەنانەت کاریگەرییەکی خراپی کردۆتە سەر یەکریزیی گەلی کوردستان، بۆتە هۆی کێشە و گرفت بۆ بەشەکانی تری کوردستانیش..
بەهۆی ئەو دەمارگیری و یەکتر قبوڵ نەکردن و ڕەق و داخرانەیان و ڕەتکردنەوە و سڕینەوەی بەرانبەرەکانیان، موراعات نەکردنی بارودۆخی هەستیاری ناوچەکە و بە زۆر خۆسەپاندنیان..
(زیاتر لە ل8 بخوێنەوە)

لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکدا، کورد زیانمەندی یەکەمە

وێڕای خراپیی ڕەوشی ئەمنیی کەرکووک، بڕیارە نیسانی ساڵی ئایندە، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق بە کەرکووکیشەوە بکرێت. هاوکات بەڕێوەبەرێکی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، لە 16ی ئۆکتۆبەرەوە150 هەزار ئاوارە نەگەڕاونەتەوە و 300 هەزار عەرەبی هاوردە نیشتەجێی سنووری کەرکووک بوونە ئێستا زۆرینەیان دەتوانن لە کەرکووک دەنگ بدەن. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



هاوواڵاتیانی سوودان خۆشحاڵی خۆیان ڕاگەیاند بە وازۆکردنی بەڵگەی دەستووری ئەو وڵاتە لە نێوان لایەنەکاندا

پێویستە حکوومەتی عێراق قەرەبووی قوربانیانی شنگال بکاتەوە

هەدیا مراد ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، لەبارەی بڕیارەکەی پەرلەمان کە ڕۆژی سێیی هەشتی بە ڕۆژی جینۆسایدی ئێزدیەکانیان ناساند. دەڵێت: ناوەڕۆکی ئەو بڕیارە دوای ئەو کۆمەڵکوژیەی دەرهەق ئێزدیەکان کراوە حکوومەتی عێراقی فیدرال قەرەبووی ئەو قوربانیانە بکاتەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ناکرێت کورد ئاوارە بن و عەرەبیش هاوردە بکرێن و هەڵبژاردنیش بکرێت

جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک/ گەرمیانی پارتی دەڵێت، هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ ئەوەی هەڵبژاردن لە کەرکووک ئەنجام نەدرێت، چونکە بەو شێوەیەی ئێستا گورزێکی گەورە بەر کورد دەکەوێت، لەبەر ئەوەی عەرەبێکی زۆر هاوردە کراون، بۆیە پێویستە ڕێگری لە ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە بکرێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

مەحما خەلیل: ئەگەر فراکسیۆنی پارتی نەبوایە تاوانی شنگال بەجینۆساید نەدەناسێندرا

تا هێزێکی هاوبەشی پێشمەرگە و سوپای عێراق نەچنە شنگال بۆ پاراستنیان ئێزیدییەکان ناگەڕێنەوە شارەکە





مەحما خەلیل قایمقامی شنگال و ڕاوێژکاری کاروباری ئێزیدییەکان لەپەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە دیمانەیەکدا لەگەڵ بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا، لەبارەی هۆکاری نەگەڕانەوەی ئاوارەکانی شنگال بۆ شنگال دەڵێت: هاوڵاتیانی ئێزیدی ئاواتیان ئەوەبوو شنگال ئازاد بکرێت و ئاسایشی ئەوان بپارێزرێت، شنگال ڕزگار بوو بەڵام ئاسایشی ئەوان نەهاتۆتە پاراستن تا ئێستاش، هەتا ئێستا 360 هەزار ئێزیدی لەکەمپەکانی کوردستانن و 105 هەزار کەسیان ئاوارەی دەرەوەی وڵات بوون، هەتا ئێستاش تەنها 60 هەزار ئاوارە گەڕاونەتەوە.

ئەوان دەڵێن ئێمە ناگەڕێینەوە چونکە "ئەمنیەت نییە" لەشنگال هێزی جۆر بەجۆر هەن هەر هێزەی بەپێی بەرژەوەندی خۆی مامەڵە لەگەڵ ئێزیدییەکان دەکات، وە گەرانەوەی ئەو هێزە عەرەبانەی کە لە 80%ی داعشن و هاوکاری داعش بوون، بەشەو داعشن بەڕۆژیش مەدەنین لە گوندەکانی دەوروبەری شنگال، حکومەتی بەغدا هیچ فلتەری ئەمنی بۆ ئەوانە بەکارنەهێناوە، حەشدی شەعبی بەشەودا ڕێ لە ئێزیدییەکان دەگرن، بۆیە قەزیەی ئێمە قەزیەیەکی ئەمنییە، بۆیە ئێزیدییەکان داوا دەکەن کە هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان و سوپای عێراقی بەهاوبەشی بە سیستمێکی ئەمنی هاوبەش پارێزگاری لە ئێزیدییەکان بکات.

ڕونیشیکردەوە: من بۆ خۆم مەیدانییەن لەناو کەمپەکان گەڕاوم، خاوەن شەهیدی ئێزیدی و کەسوکاری قوربانیان و پێش سپییەکان، دەڵێن ئێمە ناگەڕێینەوە شنگال تا هێزێکی هاوبەشی پێشمەرگە و سوپای عێراق نەیەنە شنگال بۆ پارێزگاریمان.

حکوومەتی عێراق تاوانبارە

مەحما خەلیل دەشڵێت: ئەوانەی دەڵێن پێشمەرگە بەرگری لەشنگال نەکرد و پارتی تۆمەتبار دەکەن لە کارەساتەکەی شنگال ئەوە قسەی خەڵکی شنگال نییە، بەڵکو قسەی هەندێک لەخەڵکی دەرەوەی شنگالە، باشە ئەگەر پارتی تۆمەتبارە لە بابەتی شنگال ئەی پارتی نەبوو کە پێشمەرگەی ڕەوانەی شنگال کرد بۆ بەرگری کردن، هەر فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لەسەر بەڵێنی "جەنابی سەرۆک بارزانی" تاوانی شنگالی بەجینۆساید ناسان، ئەگەر پارتی تۆمەتبار بووایە نەیدەهێلا بەجینۆسایدبناسرێت، خۆ ئەگەر فراکسیۆنی پارتی نەبوایە تاوانی شنگال بەجینۆساید نەدەناسێنرا لەپەرلەمانی کوردستان، چونکە زۆرینەی ئەوانەی دەنگیان دا لەفراکسیۆنی پارتین، ڕاستە ئەوانی تریش وەک فراکسیۆنی یەکێتی و گۆڕان دەنگیان دا بەڵام زۆرینەیان لە فراکسیۆنی پارتی بوون.

مەحما خەلیل ڕاشیگەیاندووە: حکوومەتی عێراق "تاوانبارە، تاوانبارە، تاوانبارە" بەپێی یاسا و دەستوور کە نە مافی مەدەنی و نە ئاسایشی بۆ شنگالیەکان دابین نەکردووە، سەد ساڵ ئێزیدییەکان خزمەتی عێراقیان کرد کەچی لەماوەی دوو ڕۆژدا سوپای عێراق شنگالی بەجێهێشت.

ڕزگارکردنی شنگال

قایمقامی شنگال و هەروەها ڕاوێژکاری پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری ئێزیدییەکان، ڕاشیگەیاند: پێشمەرگەی پارتی لەسەر فەرمانی "سەرۆک بارزانی" و لەسەر داوای میری ئێزیدییان و سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕۆحی ئێزیدییەکان شنگالییان لە 2014/12/18 ڕزگار کرد کە 12 هەزار پێشمەرگە بوون لە چیای شنگال، وە لە قۆناغی دووەمدا سەنتەری شنگالییان ڕزگارکرد، وە لەقۆناغی سێیەمیشدا هەندێک گوندی دەوروبەری شنگال ئازاد کران بە ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی عێراقی و هاوکاری ئەمەریکا و هاوپەیمانان لەهەرسێ قۆناغەکە بەسوپاسەوە.

دەربارەی ئەو لێژنەیەی کە کاتی خۆی لەلایەن سەرۆکی پێشووی هەرێمەوە دروستکرا دەربارەی شنگال؟ مەحما خەلیل ڕایگەیاندووە: دەبێت تا ئێستاش کارەکانی ئەو لێژنەیە بەردەوام بێت، هەر مرۆڤێک کەموکوڕی هەبووە لەبواری ئیداری و سەربازی و سیاسی لەشنگال و بووە هۆی کەوتنی شنگال دەبێت سزا و جەزای بدرێت ئیتر هەر پۆست و ناونیشانێکی هەبێت خۆ نەک پێشمەرگەی پارتی بەتەنها لەوێ بوو پێشمەرگەی یەکێتیش لەوێ بوون، من زانیاریم نییە لەسەر ئەو کارانەی لێژنەکە بەڵام مادام بە جینۆساید ناسێنرا دەبێت تا ئێستاش کارەکانی بەردەوام بێت. دەربارەی قسەکانی نادیە مراد کە لەبەردەم سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گوتی"هۆکاری نەگەڕانەوەی ئاوارەکانی شنگال بۆ زێدی خۆیان بەهۆی ناکۆکی نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی عێراقەوەیە" مەحما خەلیل گوتی: ئێمە ڕێز لەقسەی خوشکە نادیە مراد دەگرین، بەڵام ڕاستیەک هەیە ئەویش ئەوەیە کە بەغداد تاوانبارە، دەبێت خوشکە نادیە کە قسە دەکات قسەی دروست بکات بەڕاستی بەغدا پەیامێکی خراپی هەبوو لەدوای شانزەی ئۆکتۆبەر بۆ شنگال، با خوشکە نادیە بە حکوومەتی عێراقی بڵێت ئەو هۆزە عەرەبیانەی کە داعشن سزا و جەزایان بدات ئەوە بەرپرسیارێتی حکوومەتی عێراقە.

هەدیا مراد:

پێویستە حکوومەتی عێراق قەرەبووی قوربانیانی شنگال بکاتەوە



هەدیا مراد ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەبارەی گرنگیی بڕیارەکەی پەرلەمانی کوردستان کە ڕۆژی سێی هەشتی بە ڕۆژی جینۆسایدی ئێزیدیەکانیان ناساند. دەڵێت: ناوەڕۆکی ئەو بڕیارە دوای ئەو کۆمەڵکوژیەی دەرهەق ئێزیدیەکان کراوە حکوومەتی عێراقی فیدرال قەرەبووی ئەو قوربانیانە بکاتەوە و لە ئەستۆ بگرێت و دووبارە ئاوەدان بکرێتەوە بە هەموو ئەو ماف و ئیمتیازاتانە.

ئەو پەرلەمانتارە لە لێدوانێکدا بۆ دەنگی ئەمەریکا دەشڵێت، لە ڕۆژانی داهاتووشدا ئەوان پڕۆژەی زیاتر پێشکەش دەکەن بۆ خزمەتی خەڵکی خویان کە پێنج ساڵە لە کەمپەکان دەژین لە ڕۆژانی سەخت و دژواردا، هەموو هەوڵێک دەدەن و داوا لە حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی عێراقی فیدرالیش دەکەن کە هەماهەنگیەکی باشتر هەبێت و زیاتر خزمەت بکەن تا خەڵکی ئەوان جارێکی تر بگەڕێنەوە ناوچەکانیان و ئەو ناوچانە ئاوەدان بکرێنەوە، هەروەها ئەوان داوا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق دەکەن هەمانگی باشیان هەبێت و هەردووکیان پێکەوە هاوئاهەنگی بکەن تا هێزێکی هاوبەش هەبێت بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی شنگال و بەڕێوەبردنی ئاوەدانکردنەوەی شنگال و بەڕێوەبەرایەتی دەزگاکانی شنگال تا ئەو متمانەیە بۆ خەڵکی ئەوان دروست بێت و جارێکی تر بگەڕێنەوە زێدی خۆیان.

ئەو خانمە جەخت لەوەش دەکاتەوە کە ئێستا شنگال ناسەقامگیرە لەبەر ئەو هێزانەی کە ئێستا لە شنگالدان. ئەوان دەنگی خۆیان دەگەیەنن هەموو جیهان و خەڵک کە هەموویان بە چارەسەرکردنی دۆخی شنگال هەڵستن و خەڵکی ئەوان بگەڕێنەوە ناوچەکانیان و ژیانێکی ئارام دەربازبکەن.

هەروەها لەبارەی ئەوەی کە بڕیارەکەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە ڕۆژی جینۆسایدی ئێزیدیەکان لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی چ کاریگەریەکی دەبێت؟ هەدیا مراد دەڵێت: بەدڵنیاییەوە ئەمە هەنگاوێکی زۆر باش بوو، یەکەم هەنگاو بوو دوای پێنج ساڵ، پەرلەمانی کوردستان پێی هەڵستا ئەو ڕۆژەی دەستنیشانکرد وەک ناساندنی کەبسی جینۆسایدە، دەنگی خۆمان دەگەیەنینە نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی تاکو ئەوانیش بێنە دەنگ و جارێکی تر شنگال دووبارە ئاوەدان بکەنەوە.

پەرلەمانتارێکی کورد بۆ خەبات:

ڕژدین لەسەر بەسزاگەیاندنی ئەفسەرەکەی سەماوە



هەدار بارزانی پەرلەمانتاری کورد لە بەغدا لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە خەباتی ڕاگەیاند: ئێمە ڕژدین لەسەر دادگاییکردنی ئەو ئەفسەرەی عێراق کە دژایەتی هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستانی کردبوو لەسەر گۆڕە بەکۆمەڵەکانی سەماوە.

پێشتر پەرلەمانتارێکی لیستی قەتح لە پەرلەمانی عێراق، بەسەرۆکایەتی هادی عامری داوای ئازادکردنی ئەو ئەفسەرەی کردبوو کە دژایەتی ئاڵای کوردستانی کردبوو لەسەر گۆڕە بەکۆمەڵەکانی باشووری عێراق.

هەدار بارزانی گوتیشی: لە ڕێگەی لێژنەکەشمانەوە لێژنەی شەهیدان سکالا لە دادگای سەربازی تۆمارەدەکەین و چاوەڕێی ئەنجامیشی دەکەین، چونکە ناوبراو سەربازە.

ئەو پەرلەمانتارە کوردە ڕوونیشیکردەوە: لە تازەترین پێشهاتدا، هەوڵێک هەیە سۆزی عەشایەرە عەرەبەکان ڕابکێشرێت بۆ ئازادکردنی ئەو ئەفسەرە، ئێمەش ڕژدین لەسەر داوای بە سزاگەیاندنی و ئازادنەکردنی.

حەسەن عەلیوی ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی فەتح بە سەرۆکایەتی هادی عامری، لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا، پشتگیری لەو ئەفسەرەی عێراق کردبوو کە لە شاری سەماوە دژایەتی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی کرد. ئەو پەرلەمانتارە، ڕاشیگەیاندووە: ئەو ئەفسەرە کارێکی یاسایی کردووە و لەبری سزا پێویستە پاداشت بکرێ، بۆیە داوای ئازادکردنی دەکەین.

بۆ وەرزی نوێ

28 پڕۆژەیاسا لە بەردەستی سەرۆکایەتیی پەرلەمانە



سەرۆکی لیژنەی یاساییی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، بۆ دەستپێکردنی وەرزی نوێی پەرلەمان 28 پڕۆژەیاسا لە بەردەستی سەرۆکایەتییە پەرلەمانە. لە یەکی ئەیلوولی ئەمساڵ پەرلەمانی کوردستان وەرزی دووەمی خولی یەکەمی یاسادانانی ساڵی یەکەمی پەرلەمان دەست پێ دەکاتەوە، لەو بارەیەشەوە، بژار کۆچەر، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت: ئێستا 28پڕۆژە لەبەردەستی سەرۆکایەتیی پەرلەمانە و داوامان لە ئەنجوومەنی وەزیران کردووە ئەوانیش بۆچوونیان دەربارەی ئەو پڕۆژانە دیار بکەن بۆ ئەوەی لە دەستپێکی وەرزی دووەمدا بخرێنە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە.

ناوبراو گوتیشی: داوامان لە ئەنجوومەنی وەزیران کردووە لەو 28 پڕۆژەیە، بۆچوونیان لەسەر 14 پڕۆژە دیار بکەن، چونکە ئەو پڕۆژانە پەیوەندییان بە باری دارایییەوە هەیە و پێویستە ئەوان بۆچوونیان هەبێت.

جێی باسە ئێستا پەرلەمان لە پشوودایە، چەند کۆبوونەوەیەکی کردووە و تەنیا یەک یاسای تێپەڕاندووە، ئەویش یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم و دەنگدان بە کابینەی نوێ و دیاریکردنی ڕۆژی جینۆسایدی ئێزیدییان بووە.

حەشدی شەعبی حیساب بۆ بڕیارەکانی سەرۆکوەزیران ناکات

حەشدی شەعبی و لایەنگرەکانیان ڕێگای سەرەکی نێوان هەولێر و مووسڵ دادەخەن



دوای ئەوەی سەرۆک وەزیرانی عێراق عادل عەبدولمەهدی بڕیاری دا بە کشانەوەی لیوای 30ی ملیشیاکانی حەشدی شەعبی لە دهشتی نەینەوا، ئەمەش ناڕەزایی ئەو لیوای لێکەوتەوە بەیانی دوێنێ دووشەممەش لە شارێکی بەرتەلە ئەو لیوایە بەشێک لە هاوواڵاتیانی ئەو سنورەی کۆکردۆتەوە و لە خۆپیشاندانێکی ناڕەزاییدا دژایەتی خۆیان لەو بڕیارە سەرۆک وەزیرانی عێراق نیشان دا، بۆیە وەکو کاردانەوەک بەرامبەر بەو بڕیارە ڕێگای سەرەکی بەرتەلە بۆ هەولێریان داخست و دەشڵێن خۆپیشاندانەکان بەردەوام دەبێت تا ئەو بڕیارە هەڵدەوەشێنرێتەوە. سەبارەت بەم هەڵسوکەوتەی حەشدی شەعبی بەرپرسی لقی 14ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە مووسڵ رایگەیاند، دوای ئەوەی سەرۆکوەزیرانی عێراق بڕیاری دا لیوای 30ی حەشدی شەعبی لە دهشتی نەینەوا بکشێنەوە، دوێنێ سەرجەم بازگەکانی هاتوچۆیان لە سنووری خۆیان داخست و ڕێگە نادەن هیچ کەسێک هاتوچۆ بۆ مووسڵ بکات. عەلی خەلیل بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: سەرۆکوەزیرانی عێراق مۆڵەتی 24 سەعاتی دابووبە لیوای 30ی حەشدی شەعبی، کە پێویستە هێزەکانیان بکشێننەوە و سەرجەم بازگەکانیان لە دهشتی نەینەوا هەڵگرن، بەڵام ئەوان وەکو کاردانەوە هەڵساون بە داخستنی بازگەکان و ڕێگە نادەن لە سنووری ئەوان هیچ کەسێک هاتوچۆ بۆ مووسڵ بکات، لە کاتێکدا خەڵکێکی زۆری ئێمە فەرمانبەرن و ڕۆژانە هاتوچۆی مووسڵ دەکەن. خەلیل دهشڵێت: ئەوەی حەشدی شەعبی دەیکات، دژایەتیکردنی بڕیاری سەرۆکوەزیرانە و حیسابنەکردنە بۆ بڕیارەکانی، جگە لەوەش دژایەتیکردنی خەڵکی ئێمەیە، بۆیە پێویستە سنوورێکیان بۆ دابنرێت.

هەر سەبارەت بەم ڕووداوە هێمن قادر قایمقامی قەزای خەبات بە دەنگی ئەمەریکای ڕاگەیاندووە: کێشەیەک لە ئیدارەی مووسڵ هەیە ئیدارەی مووسڵ وەکو پارێزگا بە نیازی ئەوەن پۆلیسی ئیتیحادی یان پۆلیسی پارێزگای مووسڵ بێنن لە شوێنی حەشدی شەعبی دابنێن بۆ بازگەکان، ئەو بازگانەی کە دەکەونە دەرەوەی ساتری هێزی پێشمەرگە، بەڵام حەشدی شەعبی لەگەڵ لایەنگرانیان ڕێگاکەیان داخستووە لە دژی ئەو بڕیارەی پارێزگای مووسڵ و هیچ پەیوەندییەکی بە سنووری هەرێمی کوردستانەوە نییە. کێشەکە لە نێوان خۆیانە و وایان پێ باشە کە حەشدی شەعبی لە شوێنی خۆی مێنێتەوەو پۆلیسی ناوچەکەو پۆلیسی پارێزگا نەیەنە شوێنی ئەوان بۆ بازگەکان. قایمقامی خەبات دهشڵێت: ئەکید کاریگەری دەبێت ئێستا لەوانەیە خەڵکی ئێمە لەوێ گیری خواردووە بە هەمان شێوە لە ڕووی بازرگانیشەوە ڕۆژانە هاتووچۆیەکی زۆر هەیە لە نێوان پارێزگای مووسڵ و هەولێر، لە گۆڕینەوەی بازرگانی و شت و مەک کاریگەری خۆی دەبێت. کاربەدەستانی ناوچەکە دەڵێن ئەو بازگەیە کەووتووەتە نێوان قەزای خەبات و قەزای حەمدانیە حەشدی شەعبی لێی بووە و حکومەتی عێراقیش بڕیاری داوە کە بازگەکە بگۆڕێت بۆ بازگەی پۆلیسی پارێزگای مووسڵ، ئەمەش لە لایەن حەشدی شەعبی و لایەنگرەکانیان ناڕەزایی زۆری لێکەوتۆتەوە، بۆیە بەو هۆیەوە ڕێگاکەیان داخستووە.

هەروەها سەلاح سالح کە چالاکێکی سڤیلە ڕایگەیاندووە: حەشدی شەعبی بە زوورملێ وەرەقەی لە مالی شیعە و سوونە و تورکمان و شەبەک و لە هەموو مالێکی دا لە دوکان و فڕۆشگا و بەنزینخانە کە ڕۆژی پێنجی مانگ بێنە سەر شەقام و داوا بکەن حەشدی شەعبیان دەوێ، حەشدی شەعبی لیوای 30 لەگەڵ عەسائیب ئەهل حەق و خوراسان و ئەهلی بەدر و ئیمام عەلی هەموویان خۆیان کردە یەک کە خەڵک بێنە سەر شەقام.

دیاری حوسێن: ناکرێت کورد ئاوارە بن و عەرەبیش هاوردە بکرێن و هەڵبژاردنیش بکرێت



جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک/ گەرمیانی پارتی دەڵێت، هەموو هەولێک دەدەن بۆ ئەوەی هەڵبژاردن لە کەرکووک ئەنجام نەدرێت، چونکە بەو شێوەیەی ئێستا گورزێکی گەورە بەر کورد دەکەوێت، لەبەر ئەوەی عەرەبێکی زۆر هاوردە کراون، بۆیە پێویستە ڕێگری لە ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە بکرێت.

دیاری حوسێن، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: هەموو هەولێک دەدەین هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە کەرکووک نەکرێت، چونکە دۆخی کەرکووک جیاوازە لەگەڵ شارەکانی دیکە و عەرەبێکی زۆر هاوردە کراون، بۆیە پێویستە ماددەی 140 جێبەجێ بکرێت، لەبەر ئەوەی بە جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە سەرجەم کێشەکان چارەسەر دەبن و ئەوەی خەڵکی کەرکووک نییە، دەچێتەوە شوێنی پێشووی خۆی.

دیاری حوسێن گوتیشی: ئەگەر نەتواندرا لەو ماوەیەی لە بەردەستە ماددەی140 جێبەجێ بکرێت، پێویستە سەرجەم ئەو عەرەبانەی دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر هاوردەی کەرکووک کراون، ڕەوانەی شوێنی پێشووی خۆیان بکرێنەوە و ئەوانەی ئاوارەش بوونە، بگەڕێنەوە بۆ سەر مالوحاڵی خۆیان، ئینجا هەڵبژاردن بکرێت، چونکە ناکرێت عەرەب هاوردە بکرێن و کوردیش ئاوارە بن و هەڵبژاردن بکرێت، ئەمە نادەستووریە و هیچ دادپەروەری نییە، بۆیە ئێمە قبوڵ ناکەین. ناوبراو باسی لەوەش کرد، ئەگەر ئەو کارە نەکرێت، گورزێکی گەورە بەر کورد دەکەوێت و دەیدۆڕێنێت، بۆیە پێویستە هەموو هەولێک بدرێت هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە کەرکووک نەکرێت.

بەرپرسێکی کورد پۆستەکەی لە کەرکووک وەرگرتەوە



پاش ئەوەی بەهۆی کوردبوونیەوە لەگەڵ دەیان بەرپرسی دیکەی کورد لە پۆستەکانیان لادرابوون دوێنێ دووشەمە بەڕێوەبەری پۆلیسی فریاکەوتنی کەرکووک لە پۆستەکەی دەستبەکار بووەوە.

دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، بەڕێوەبەری پۆلیسی فریاکەوتنی کەرکووک لە پۆستەکەی لادرابوو و کەسێکی دیکە شوێنی گرتەوە.

بەپێی زانیارییەکانیش دوێنێ دووشەمە 2019/8/5 بە فەرمانی وەزیری ناوخۆی عێراق، عەقید دانیال جەبار، وەک بەڕێوەبەری پۆلیسی فریاکەوتنی کەرکووک دەستبەکار بۆتەوە. دانیال جەبار، یەکێک بوو لەو کوردانەی کە تا پێش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، بەرپرسیارێتییان لە کەرکووک هەبوو. جێی باسە لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە، زۆرینەی هەرە زۆری بەرپرسانی کورد لە کەرکووک، پۆستەکانیان لێ سەندرایەوە و لە جێگەیدا کەسانی سەر بە پێکهاتەکانی عەرەب و تورکمان دانران. جگە لەوەی هەڵمەتێکی چڕی بەعەرەبکردنیش لە شارەکە بەڕێوەچوو.

بەرپرسی کۆمپانیای خۆراکی سەر بە وەزارەتی بازرگانیی عێراق:

لە شەش مانگدا 39 هەزار و 286 عەرەب گواستراونەتەوە ناو شاری کەرکووک



پرۆسەیەکی فراوانی بە عەرەبکردن لە شاری کەرکووک دەستپێکردووە و ژمارەی عەرەب بەردەوام و بە بەرنامە، زیاد دەکرێت. بەپێی ئامارێکی کۆمپانیای خۆراکی سەر بە وەزارەتی بازرگانیی عێراقیش، لەنێوان مانگەکانی 1 و 7ی ئەمساڵ، 39 هەزار و286 کەسی عەرەب لە شارۆچکە عەرەبنشینەکانەوە گواستراونەتەوە ناو شاری کەرکووک. جێی باسە پرۆسەی بە عەرەبکردنی کەرکووک لە سەردەمی حوکمڕانیی حزبی بەعسی عێراقی لە 1979-2003بەردەوام بوو و دوای خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەری 2017ش، جارێکی دیکە دەستپێکردەوە.

لە ئەنجامی خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر، حەشدی شەعبی، کە کەرکووکی داگیر کرد، کەسێکی شۆڤینی و دژە کوردی وەک پارێزگاری کەرکووک دیاری کرد، کە ئەویش جگە لە دەرکردنی بەرپرس و فەرمانبەرانی کورد لە داموەزگاکان، سەدان خانووی هاوواڵاتیانی کوردی ڕووخاندووە، جگە لە هێنانی عەرەبی ناوچەکانی دیکە بۆ کەرکووک.

کۆتاش بۆ مەسیحییەکان، بەو پێیەش ژمارەی دانیشتوانی کەرکووک بە یەک ملیۆن و 639 هەزار و 953 کەس دیاری کراوە.

دەنگێکی زۆری کورد دەفەوتێ

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، لە پەرلەمانی عێراق یاسای هەمواڕکراوی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق تێپەڕێنرا، کە پەرلەمانتارانی پارتی و بەشێک لە پەرلەمانتارانی یەکێتی لەگەڵ ئەو یاسایەدا نەبوون، بەپێی ئەو یاسایە ژمارەیەکی زۆری دەنگدەرانی کورد لە کەرکووک بێ بەش دەبن لە دەنگدان. مەڕیوان جەلال، بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندنی لقی کەرکووکی پارتی، ڕایگەیاند: لە ماوەی چەند سەعاتێکی کەمدا، هەمواری پرۆژە یاسای ژمارە 12ی ساڵی 2018 لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کرا و لە پەرلەمان تێپەڕێنرا، بڕیاریش درا مانگی نیسانی ساڵی داهاتوو هەڵبژاردن لە پارێزگاکانی عێراق بەڕێوە بچێ، بەگوێرەی ئەو یاسایەی هەڵبژاردن دەنگێکی زۆری کورد دەفەوتێ و لەبەرامبەردا دەنگی عەرەب زیاد دەکات، چونکە کارێکی وا کراوە کە لە ساڵی 2010ەوە تاوەکوو 2013 پشت بە تۆماری دەنگدەران ببەستڕێت، بەو پێیەش کورد زیان دەکات، لەبەر ئەوەی کوردە ئاوارەکان پێش ئەو کاتە گەڕاوەتەوە شارەکەیان، بۆیە ئێمە دژی ئەو هەڵبژاردنەین، کە بەو شێوەیە بەڕێوە بچێ.

با تۆماری دەنگدەران بەو شێوەیە بمێنێتەوە

مەڕیوان جەلال گوتیشی: بارودۆخی کەرکووک زۆر خراپە و زیاتر لە 150 هەزار هاوواڵاتیی کوردی کەرکووک لە 16ی ئۆکتۆبەرەوە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوونە و زیاتر لە 300 هەزار عەرەبی هاوردە هاتوونەتە سنووری پارێزگای کەرکووک، ئەوان فۆرمی خۆراک و نفووسیان گواستووەتەوە بۆ کەرکووک، واتا دەتوانن دەنگ بدەنگ. گوتیشی: ئێستا نەیارانی کورد داوای ئەوە دەکەن، کە کۆمیسیۆن لە تۆماری دەنگدەرانی ساڵی2013 بەولاوە هەژمار نەکەن، ئەمەیان کارساتە، چونکە کورد لە ساڵی 2003ەوە هەر بەردەوام بوونە لە گەڕانەوە بۆ شارەکەیان و بەو پێیەش ئەوان ناتوانن دەنگ بدەن، بۆیە ئێمە ئەوە قبوڵ ناکەین و ئەگەر هەڵبژاردنیش بکرێ، پێویستە کەرکووکییەکان تێکڕا دەنگی خۆیان بدەن، وەک خۆی چۆن بووە، با تۆماری دەنگدەران بەو شێوەیە بمێنێتەوە».

300 هەزار عەرەبی هاوردە نیشتەجێی سنووری کەرکووک بوونە

لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکدا کورد زیانمەندی یەکەمە

کورسییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگا کەم دەکرێتەوە بۆ 13

لە ساڵی 2005 و بەپێی یاسای بڕێمەر، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک هاوکات لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەی عێراق کرا، ئەوکات لە کۆی 41 کورسیی ئەنجوومەنەکە، لیستی برایەتی توانی26 کورسیی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بەدەست بهێنێت، بەڵام بەهۆی تایبەتمەندیی خستنە پاڵ کەرکووک، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە ساڵی 2009 و 2013 دا نەکرا. بڕیارە بۆ یەکی نیسانی ساڵی ئایندە، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگانی عێراق بە کەرکووکیشەوە بکرێت و ڕێژەی کورسییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بەشێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە، بەشێوەیەک کە بۆ هەر یەک ملیۆن کەس 10 کورسی دانراوە و کورسییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکیش لە 41 کورسییەوە کەم دەکرێتەوە بۆ 13 کورسی و کورسییەکی زۆری ویژای خراپیی ڕەوشی ئەمنیی کەرکووک، بڕیارە نیسانی ساڵی ئایندە، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق بەشێوەیەکی بەرفراوان بکرێت، بەڵام هێشتا هیچ ڕوونکردنەوەیەک لە سنووری ئەو لیوایانە نەدراوە کە دەچنە ناو هەرێمی کوردستان یان نا.

ئەم ژمارەیە بە پشتگیریی دەزگای ئاگرکوژێنەوەی هەرێمی کوردستان دەرچووە

دەزگای ڕۆشبیریی و راگەیاندن
23ەمین ساڵیادی دامەزراندنی چاپخانەی خانی لە دهۆک پیرۆز دەکات

دوێنێ دووشەممە دەزگای ڕۆشبیریی و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی23 ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی چاپخانەی خانی لە دهۆک پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی بەڕێوەبەر و کارمەندانی چاپخانەکە کرد و رایگەیاند "چاپخانەی خانی لەو ماوەی تەمەنی کارکردنیدا توانیویەتی بەپێی پلانێکی ڕێکوپێک و سەرکەوتوو بەسەدەها کتێب و بەرهەمی نووسەران بە زمانی کوردی و عەرەبی و زمانەکانی دیکە لە هەموو بوارێکی ڕۆشنبیریی و مەعریفی چاپ بکات، بەمەش خزمەتێکی دیاروبەرچاوی نووسەر و ڕۆشنبیران و ئەدەب و کولتووری گەلەکەمانی کردووە". ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێزان/ بەڕێوەبەر و کارمەندانی چاپخانەی خانی..

بەبۆنەی 23ەمین ساڵیادی دامەزراندنی چاپخانەی خانی لە دهۆک، گەرمترین پیرۆزباییتان لێدەکەین، وێرای دەستخۆشی و سوپاسگوزاریمان هیوای بەردەوام بوون و بەرهەمی زیاتر و باشترتان بۆ دەخوازین.

چاپخانەی خانی لەو ماوەی تەمەنی کارکردنیدا توانیویەتی بەپێی پلانێکی ڕێکوپێک و سەرکەوتوو بەسەدەها کتێب و بەرهەمی نووسەران بە زمانی کوردی و عەرەبی و زمانەکانی دیکە لە هەموو بوارێکی ڕۆشنبیریی و مەعریفی چاپ بکات، بەمەش خزمەتێکی دیاروبەرچاوی نووسەر و ڕۆشنبیران و ئەدەب و کولتووری گەلەکەمانی کردووە.

جارێکی دیکە بەو بۆنەیەوە پیرۆزباییتان لێدەکەین و پشتیوانی خۆمان بۆ بەرنامە و پڕۆژەی داهاتووتان دووپات دەکەینەوە.. هەر سەرکەوتوون..

دەزگای ڕۆشبیریی و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/8/5



جوولّەی بازرگانی لە سنوورەکانی کوردستان زیادی کردووە

گوتەبێژی یەکێتیی ژووری بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات جوولّەیەکی باشی بازرگانی لە سنوورەکانی کوردستان هەیە و بەربەستیش لەبەردەم سەرمایەداران نەماوە.

کاروان سوورچی، بە خەباتی راگەیاند: ئالّوگۆڕی بازرگانی لە کوردستان زیادی کردووە و بەربەست لەبەردەم سەرمایەداران نەماوە و بە ئاڕەزووی خۆیان ئالّوگۆڕی بازرگانی دەکەن، بەشێکی زۆریش لەو جوولّە بازرگانییە پەیوەندی بە چارەسەری کێشەکانی هەولێر و بەغداوە هەیە. گوتیشی: ئێستا جوولّەی بازرگانی لە سنوورەکانی کوردستانەوە بۆ باشوور و ناوەڕاستی عێراقیش زیادی کردووە. کاروان سورچی، گوتەبێژی یەکێتیی ژووری بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان، ڕاشی گەیاند: "سنووری ئیبراهیم خەلیل نموونەی ئەو دەروازانەیە کە جوولّەی بازرگانی زیاتر بووە، چونکە دەروازەی هەرێمی کوردستان و تورکیایە و لەوێشەوە کالای ئەورووپا دێتە بۆ کوردستان.

بەرگریکردن لە ئێران بەرگریکردنە لە عێراق

بەرپرسێکی حەشدی شەعبی زانیاری لەسەر بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە عێراق بە تاران دەدات

ئەمەریکا لە سەرانسەری عێراقدا 11 بنکەی سەربازی هەیە



/K24

نەسر شەمەری، وتەبێژی گروپی نوجەبای سەر بە حەشدی شەعبی دووپاتیکردەوە، بزووتنەوەکەیان چاودێری سەرجەم بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە عێراق دەکات، کە ژمارەیان لە سەرانسەری وڵات 11بنکەیە.

ئاژانسی فەرمی هەواڵدەری ئێرانی بڵاویکردەوە، شەمەری لە دیدارێکیدا لەگەڵ یەحیا ڕەحیم سەفەوی، ڕاوێژکاری فەرماندەی باڵای کاروباری سەربازی ئێران لە تاران گوتی: بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە عێراق چالاکی بەرچاو ئەنجام دەدەن.. چەند وێنەیەکمان لەبەردەستە، پشتڕاستی دەکەنەوە کە هێزەکانی ئەمەریکا چەک بە داعش دەدەن.

ئاماژەی بەوەشدا، "بزووتنەوەکەیان چەند کردەیەکی هەواڵگری لە ناوچەی ئەلبوکەمال و بە درێژایی هێڵی سنووری نێوان عێراق و سووریا ئەنجام دەدات". هەروەها دووپاتیکردەوە: ئەمەریکا 11بنکەی سەربازیی فەرمی لەسەر خاکی عێراق هەیە، ژمارەی ئەو سەربازانەش کە لەو بنکانە جێگیرکراون، لە ئێستادا 11 هەزار سەربازن.

لە بەرامبەریشدا ڕەحیم سەفەوی جەختی کردەوە: ئێران و عێراق تەواوکەری یەکترن، بەرگریکردن لە ئێران بەرگریکردنە لە عێراقیش.

ئاماژەی بەوەشدا: بەرگریکردن لە بەغدا وەک ئەوە وایە بەرگری لە تاران بکەیت.. چارەنووسمان یەکە و سەرکەوتنی عێراقییەکان سەرکەوتنی هەمومانە.

ئەو بەرپرسە ئێرانییە هۆشداریشیدا "ئیسرائیل لە بەهێزبوونی پەیوندی نێوان ئێران و عێراق دەترسێت و هەمیشە هەوڵی لێک دوورخستنەوەمان دەدات". جێی باسە پێشتر کۆشکی سپی ناوی هەریەک لە گروپەکانی نوجەبا، حزبوڵاێ عێراقی و عەسائیب ئەهلول حەقی سەر بە حەشدی شەعبی خستووەتە لیستی گروپە تیرۆریستییەکان.

عێراق.. بە ئامانجی پاکسازیکردنی سنووری پارێزگاکانی دیالە و نەینەوا لە پاشماوەکانی داعش

قۆناغی سێیەمی ئۆپەراسیۆنی ئیرادەی نەسر دەستپێکرد



وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕایگەیاند، قۆناغی سێیەمی ئۆپەراسیۆنی "ئیرادەی نەسر" بە ئامانجی پاکسازیکردنی سنووری پارێزگاکانی دیالە و نەینەوا لە پاشماوەکانی داعش دەستپێکراوە.

جێگری فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان سەربە وەزارەتی بەرگریی عێراق، فەریق روکن عەبدولمەهدی مەهیر ڕەشید یارەڵڵا لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردووەتەوە کە قۆناغی سێیەمی ئۆپەراسیۆنی "ئیرادەی نەسر" دەستی پێ کراوە کە ئامانج لێی پاکسازیکردنی سنووری ناوچەکانی باکووری دیالە لە پاشماوەکانی داعش تا دەگاتە ناوچەکانی باشووری پارێزگای نەینەوا. لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: هێزە عێراقییەکان لە چوارچێوەی قۆناغی سێیەمی ئۆپەراسیۆنی 'ئیرادەی نەسر' دا، هەوڵەکانیان زیاتر چڕ دەکەنەوە بۆ ئەوەی کۆتایی بێهێنن بە هەڕەشە و مەترسییەکانی پاشماوەکانی داعش لە ناوچانەدا.

فەریق روکن عەبدولئەمیر ڕەشید یارەڵڵا ڕوونیشیکردووەتەوە کە لە قۆناغی سێیەمی ئۆپەراسیۆنەکەدا، هێزەکانی فیرقەی پێنجی سوپا، هێزەکانی لیوای فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکان، پۆلیسی دیالە و سێ لیوا لە میحوەری حەشدی شەعبی تیادا بەشداری دەکەن.

جێگری فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان سەربە وەزارەتی بەرگری عێراق، فەریق روکن عەبدولئەمیر ڕەشید یارەڵڵا باسی لەوەش کردووە کە لەم ئۆپەراسیۆنەدا، پاڵپشتی ئاسمانی لە لایەن هێزی ئاسمانی عێراق و فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژبە داعش بۆ هێزە عێراقییەکان دابینکراوە.

لە لایەکی دیکەوە سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی بە مەبەستی سەرپەرشتیکردنی قۆناغی سێیەمی ئۆپەراسیۆنی "ئیرادەی نەسر"، گەیشتە پارێزگای دیالە.

نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیادا ئاماژەی بەوەداوە کە سەرۆکوەزیران، عادل عەبدولمەهدی گەیشتووەتە دیالە و سەرپەرشتی بەڕێوەچوونی قۆناغی سێیەمی ئۆپەراسیۆنی "ئیرادەی نەسر"ی کردووە.

جێی باسە قۆناغی یەکەمی ئۆپەراسیۆنی "ئیرادەی نەسر" لە حەوتی مانگی ڕابردوودا بە ئامانجی پاکسازیکردنی بیابانەکانی سنووری پارێزگاکانی باکوور و ڕۆژئاوای عێراق تا دەگاتە سنووری سووریا، ئەنجامدرابوو. قۆناغی دووەمیشی لە 20ی مانگی ڕابردوودا بە ئامانجی پاکسازیکردنی سنووری باکووری شاری بەغدا تا دەگاتە ناوچەکانی دەوروبەری پارێزگاکانی سەلاحەددین و ئەنبار، ئەنجامدرابوو.

میسر.. تەقینەوەیەک لە ناوەڕاستی شاری قاهیرە 67 کەسی کردە قوربانی



بەپێی هەواڵێکی ڕۆیتەرز، سەرلەبەیانی دوێنێ دووشەممە 5ی ئابی2019 وەزارەتی تەندروستی ڕایگەیاند: لە ئەنجامی بەرکەوتنێکی ئوتۆمبێل لە قاهیرەی پایتەختی میسر 20 کەس گیانیان لەدەستداوە و 47 کەسی دیکەش بریندارببوونە. هەروەها وەزارەتی تەندروستی میسر لە ڕاگەیەندراوێکدا، ژمارەی ئەو کەسانەی بڵاوکردووە کە بوونەتە قوربانی ڕووداوەکەدا. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە20 کەس گیانیان لەدەستداوە و ژمارەی بریندارەکانیش گەیشتووەتە 47 کەس.

هاوکات خالد مجاهد گوتەبێژی فەرمی وەزارەتی تەندروستی میسر لە هەژماری تایبەتی خۆی لە فەیسبووک ڕایگەیاند: لەکۆی بریندارانی 3 بۆ 4 کەس بەهۆی سەختی بریندابوونیان لە ژێر چاودێریدان لە نەخۆشخانەی ناسر و ئەوانی تر بریندەکانیان مەترسیدار نییە و هەندێکیان بەهۆی شکاندنی دەست و قاچ و هەندیکی دیکەشیان بەهۆی سوتاوی نێردراون بۆ نەخۆشخانە بۆ تیمارکردن.

وەزارەتی ناوخۆی وڵاتی میسریش لێدوانێکی فەرمی لەسەر ڕووداوەکە ڕاگەیاند و وتی بەهۆی خێرایی لێخوڕینی ئوتۆمبێلێک دژ بە هاتوچۆ لەسەر شەقامی کۆرنیش نزیک پەیمانگای شێرپەنجەی نەتەوەیی لە پێکدادانی سێ ئوتۆمبێلی دیکە دەست بەجێ تەقایەوە و هەروەها لە لێدوانەکەدا هیچ ئاماژەی بەوە نەداوە کە تەقینەوەکە هێرشێک بووبێت و لە ئێستاشدا لێکۆڵینەوە لەسەر ڕووداوەکە بەردەوامە.

هۆشداری رووداوی شەڕێکی وێرانکەر لەکەنداو دەدرێت

ئەمەریکا: دەتوانین هاوپەیمانیەتییەکی دەریایی لە کەنداو پێکبهێنین

مایک پۆمپێیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا رایدەگەیەنێت، متمانەی تەواویان بەوە هەیە، کە دەتوانن هاوپەیمانیەتییەکی دەریایی لە کەنداو پێکبهێنن، هەرچەندە تائێستا وەڵامی هاوپەیمانەکانی واشنتن لە ئاسیا و ئەورووپا بە گوێرەی پێویست نییە. ئەمە لەکاتێکدایە هێشتا ترس و نیگەرانی لە ئەگەری شەڕ لەگەڵ ئێران بەردەوامە. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش هۆشداری لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گەورە دەدات کە ئابووری و سەقامگیری جیهان دەهەژێنێت.



هاوپەیمانی دەریایی

مایک پۆمپێیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا رایدەگەیەنێت، متمانەی تەواویان بەوە هەیە، کە دەتوانن هاوپەیمانیەتییەکی دەریایی لە کەنداو پێکبهێنن، هەرچەندە تا ئێستا وەڵامی هاوپەیمانەکانی واشنتن لە ئاسیا و ئەورووپا بە گوێرەی پێویست نییە. وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، لە میانی سەردانەکەیدا بۆ سیدنی و کۆبوونەوەی لەگەڵ مارک ئیسپێر، وەزیری بەرگری ئوستراڵیا، هۆکارەکانی پێکهێنانی هاوپەیمانیەتییەکی لەو جۆرەی گەڕاندەوە بۆ ئەو گرژیانەی ئەمدواییەی کەنداو و گەرووی هورمز، کە بە گوێرەی لێدوانەکانی بەرپرسانی ئەمەریکا، ئێران بووتە هەڕەشە لەسەر کەشتییە نەوتهەڵگرەکان، کە ئێستا دوو کەشتی بەریتانی دەستبەسەردا گرتووە. دەستبەسەرداگرتنی ئەو دوو کەشتییە بەریتانییە، وەڵامی تارانە بۆ لەندەن، کە کەشتییەکی نەوتهەڵگری ئێرانی لە گەرووی جەبەل تاریق دەستبەسەردا گرتووە. تا ئێستاش هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا، لە ئەورووپا و ئاسیا، بە گوێرەی پێویست بە پیر ئەو داوایە نەچوونە، بەتایبەتیش ئەڵمانیا، کە لە بری پێکهێنانی هێزی سەربازی دەریایی، داوا دەکات کێشەکان بە ڕێکاری دیپلۆماسی چارەسەر بکرێن.

هۆشداریی توند

هێشتا ترس و نیگەرانی لە ئەگەری شەڕ لەگەڵ ئێران بەردەوامە. سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هۆشداری لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گەورە دەدات کە ئابووری و سەقامگیری جیهان دەهەژێنێت. ئەنتۆنیۆ گۆتێرێز دەڵێت: نیگەرانم لە زیادبوونی گرژییەکان لە کەنداوی فارسی، لێکتێنەگەیشتنێکی بچووک ئەگەری هەیە ببێتە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گەورە، دوا شت کە جیهانی پێویستی پێبێت ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گەورەیە لە کەنداوی فارسی کە دەرئەنجامی ڕووخێنەری دەبێت لەسەر ئاسایش و ئابووری جیهان. ئەو هۆشدارییەی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسان نەبوو، بەڵکو بەیاننامەیەکی پێشتر ئامادەکراوبوو. ئەوەش بەگوێرەی سەرچاوەیەکی سکرتاریەتی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەوڵێکی سکرتێری گشتییە بۆ وەبیرهێنانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە مەترسی شەڕ لە کەنداوی فارسی بەردەوامە، سەرەڕای کەمبوونەوەی گرنگیدانی میدیاکان بەو بابەتە بە بەراورد بە مانگی ڕابردوو. ترسەکە لەوە نییە ئەمەریکا یان ئێران خۆیان بڕیاری شەڕ بدەن، بەڵکو زیاتر لەبەر ئەگەری ڕووداوێکی نەخوازراوە کە بێتە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی فراوان.

دروستکردنی هەژموون لە یەکێک لە ستراتیژیترین ناوچەکانی جیهان

بەڵام ڕووسیا و بەریتانیا ئەو قەیرانە وەکو دەرفەتێک بەکاردەهێنن بۆ دروستکردنی هەژموون لە یەکێک لە ستراتیژیترین ناوچەکانی جیهان. ئەوەش لەڕێگەی ئامادەکردنی دوو پێشنیازی دیپلۆماسی جیاواز لە لایەن مۆسکۆ و لەندەنەوە، کە ئەگەر جێبەجێبکرێن، ئەوە بوونی سەربازی و ئابووری وڵاتەکەیان لە ئاوی کەنداو زیاتر دەکات. لەبارەی هەڵوێستی ڕووسیا سەبارەت بە پێشنیازەکەی بەریتانیا، دیمیتری پۆلیانسکی، جێگری نوێنەری ڕووسیا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە ڕووداوی گوتووە: پێمانوایە پێویستە گرژییەکان کەمبکرێنەوە. ئێمە ستراتیژی خۆمان پێشکەشکردووە، پێشنیازەکەمان وەڵامی زۆری تێدایە و هیچ شتێک نادۆزیتەوە تێیدا دەربارەی پێشنیازەکەی بەریتانیا، ئەوەی ئێمە زۆر قوڵترێت. قوڵترێت یان نا، پێشنیازەکەی ڕووسیا ئەگەر سەرکەوتنی زۆر کەمە بەراورد بە دەستپێشخەرییەکەی بەریتانیا بۆ دامەزراندنی هێزێکی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی ڕێڕەوی دەریاوانی لە گەرووی هورمز.

پاراستنی ئاسایشی هاتووچۆی دەریاوانی

هەروەها عەبدوڵا موعەملی، باڵیۆزی سعودیە لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی پاراستنی ئاسایشی هاتووچۆی دەریاوانی لە کەنداوی عەرەبی و کەنداوی عومان گوتی: ئێمە لەو باوەڕەداین ئەمە بەرپرسیارێتێکی نێودەوڵەتییە. پێشوازی لەهەر هەنگاوێکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەین بۆ گەڕەنتی پاراستنی ئەو ئاسایشە و ڕێگەگرتن لە چالاکییە شەڕانگێزەکانی ئێران لە ناوچەکەدا. ئەو پشتگیریە عەرەبییە بۆ پێشنیازەکەی بەریتانیا دوای ڕاگەیاندنێکی هەفتەی ڕابردووی نوێنەرایەتی ئیسرائیل هات، کە ئەگەر ڕاست بێت مانای ئەوەیە ئێران سەرکەوتووبووە لەوە عێراق، سووریا و لوبنان بکاتە ڕێڕەوێک بۆ دەریای نێوەڕاست و کەناراوەکانی ئەورووپا.

بەڵگەی نوێ

هەفتەی ڕابردوو دانی دانۆن، باڵیۆزی ئیسرائیل لە نەتەوە یەکگرتووەکان گوتی: بەڵگەی نوێ ڕادەگەیەنێن کە لە ساڵانی 2018و 2019 ئیسرائیل بۆی دەرکەوتووە هێزەکانی قودسی ئێران توانا کانیان پێشخستووە بۆ سوودوەرگرتن لە کەنالە دەریاوانییە سڤیلەکان بەتایبەتی لە بەندەری بەیروت. ئەمەریکا پشتگیری لە دەستپێشخەرییەکەی بەریتانیا دەکات زیاتر لەبەرئەوەی تاکە ڕێگەیە کە وڵاتانی دیکەی ئەورووپا بەشداری لە هەر هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتی بکەن بۆ پاراستنی سەقامگیری کەنداو بێ ئەوەی وادەربکەون کە پشتگیری لە سیاسەتی ئەمەریکا دەکەن دژی ئێران.

جموجۆڵەکانی ئێران

بەپێی زانیاریی میدیاکانی ئێران، سوپای پاسداران، لە کەنداو دەستی بەسەر کەشتییەکی دیکەی نەوتهەڵگردا گرتووە و نەوتەکەشی بەتاڵ کردووە. پێگەی "هەوڵێرانی گەنج" کە سەر بە میدیای فەرمیی ئێرانە، ئاشکرای کردووە ئەو کەشتییە نەوتهەڵگرە لە کەنارەکانی "دوورگەی فارسی" لە کەنداو لەلایەن سوپای پاسدارانەوە دەستی بەسەردا گیراوە. بەپێی هەمان سەرچاوە ئەو کەشتییە نەوتهەڵگرە براوەتە شاری "بووشێهر" و حەوت هەزار لیتر سوتەمەنیی قاچاخی پێ بووە و هەموویان بەتاڵ کردووە. هەرچەند میدیاکانی ئێران ئاماژەیان بە وردەکاریی دەستبەسەرداگرتنی ئەو کەشتییە نەوتییە نەکردووە و دەریان نەخستووە سەر ڕەچ ڵاتێکە، بەڵام مالپەڕی "فارسنیوز" لەزاری فەرماندەیەکی سوپای پاسدارانەوە بڵاوی کردووەتەوە کە ئەو کەشتییە سەر بە وڵاتانی عەرەبیی کەنداوە و حەوت کەسی بیانیی تێدا بووە. دەستبەسەرداگرتنی ئەو کەشتییە لە کاتێکدایە کە ماوەی زیاتر لە یەک مانگە پرسی دەستبەسەرداگرتنی کەشتییەکان و تەقاندنەوە و هێرش بۆ سەریان بووەتە ڕۆژڤ و پاش ئەوەی بەریتانیا لە "جەبەلولتارق" دەستی بەسەر کەشتییەکی ئێراندا گرت، ئەو وڵاتەش دەستی بەسەر دوو کەشتیی بەریتانیدا گرت و یەکیان ئازاد کرد و هێشتا یەکی دیکەیان بە سەرنشینەکانەوە ئازاد نەکردووە و ئەمش بووەتە هۆی گرژی و ئاڵۆزیی پەیوەندییەکانی تاران و لەندەن.

سوپای عێراق:
لەگەڵ پێشمەرگە کۆتایی بە جموجۆڵەکانی داعش دەهێنین

رووداو/ هەرچەندە سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق لە کانوونی یەکەمی 2017دا کۆتاییهاتنی داعشی ڕاگەیاند، بەڵام جموجوولێ چەکدارانی داعش لە هەندێک ناوچە ماوە. چوارشەممەی ڕابردوو لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی ژمارەیەک چەکداری داعش لە شارۆچکەی کولەجۆ "کۆکس"ی ئیدارەی گەرمیان چوار کارمەندی دژەتیرۆر و ئاسایشی هەرێمی کوردستان شەهید بوون. سوپاسالاری پێشمەرگەش هۆشداری دەدات لە زیادبوونی جموجوولێ داعش.

بەشێکی زۆری جموجوولەکانی داعش لە سنووری پارێزگاکانی کەرکووک، دیالە و نەینەوان، بەتایبەت ئەو سنوورانەی کە پێشتر پێشمەرگەی تێدابوو و لەدوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 چۆڵکران و هێزە ئەمنییەکانی عێراقیش تاوەکو ئێستا نەیانتوانیوە ئەمنیەتی ئەو ناوچانە بەتەواوی دابین بکەن.

گوتەبێژی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراقیش دان بەوەدا دەنێت، لە هەندێک ناوچە جموجوولێ داعش هەیە، بەڵام ئاماژە بەوەشدەکات، هەوڵدەدەن بە هاوئاهەنگی لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە ئەو هەڕەشەیە نەهێڵن.

عەمید یەحیا ڕەسوڵ، گوتەبێژی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ڕایگەیاند، بەدرێژایی 605 کیلۆمەتر سنووری نێوان سووریا و عێراقمان کۆنترۆڵکردووە، ئۆپەراسیۆنی تایبەت بۆ ئەو ناوچانە ئەنجامدەدەین کە چەکداری داعشی تێدایە، لە چەند ناوچەیەکی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان جموجوولێ داعش هەیە، بەڵام ئەوزاوەتی پێشمەرگە لە هاوئاهەنگیداین بۆ ئەوەی ئۆپەراسیۆن بۆ سەر ئەو ناوچانە ئەنجامبدەین و کۆتایی بە جموجوڵەکانی داعش بهێنین.

هاوکات ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هۆشداریدەدات لە دووبارە بەهێزبوونەوەی داعش و داوای زیاترکردنی هاوئاهەنگییەکان لە سەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو ڕێکخراوە تووندئاژۆیە.

مووشەکەکانی ئەمەریکا لە ئوسترالیا جێگیر ناکرێن

وەزیری بەرگریی ئوسترالیا، لیندا ڕینۆلدس ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو مووشەکە تەقلیدیە مەودا مامناوەندانەی پلان وایە ئەمەریکا لە کاتێکی نزیکدا لە ناوچەی پاسیفیک جێگیری بکات لە خاکی وڵاتەکەی جێگیرناکرێت. لیندا ڕینۆلدس لە میانی بەشداریکردنی لە بەرنامەیەکی ڕادیۆی نیشتمانی ئوسترالیادا، هەڵسەنگاندنی بۆ لێدوانەکانی وەزیری بەرگریی ئەمەریکا، مارک ئیسپەر کرد لەبارەی جێگیرکردنی مووشەکی تەقلیدی مەودا مامناوەند لە ناوچەی پاسیفیک.

وەزیری بەرگریی ئوسترالیا باسی لەوە کرد کە لە کۆبوونەوە ڕاوێژکارییەکانی کۆتایی هەفتەی سیدنی وەزیرانی ئوسترالیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا کە بە بەشداری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپێیۆ و وەزیری بەرگریی ئەو وڵاتە، مارک ئیسپەر بەڕێوەچوون، داواکاری لە بارەی بابەتی جێگیرکردنی ئەو مووشەکانە لە خاکی ئوستراڵیا نەخراوەتەڕوو.

تا ئەمڕۆ 420 خۆپیشاندەر دەستگیرکراون

هۆنگ کۆنگ... بەردەوامی خۆپیشاندانەکان

خۆپیشاندانەکان لە دژی ئەو یاسایەی بۆ ئاسانکاریی ڕادەستکردنەوەی تۆمەتبارانی هەرێمی هۆنگ کۆنگ بە حکوومەتی چین دەرکراوە، بەردەوامە. دوێنێ دووشەممە جارێکی دیکە لە هۆنگ کۆنگ دەیان هەزار خۆپیشاندەر بە چەتر و دەمامکەکانیانەوە ڕژانەوە سەر شەقامەکان. لە ناوچەی ستیونگ گوانگ ئێ بە بەرد جامەکانی بنکەیەکی پۆلیس شکێنرا و لە چەندین شوێنی دیکەی شارەکەدا خۆپیشاندەران ڕێگا سەرەکییەکانیان داخست.

هاوکات گرووپێک خۆپیشاندەر لە ناوچەی شیونگ وانگ، ڕوویان کردە ئۆفیسی پەیوەندییەکانی چین کە پۆلیس ڕێگەنادات هیچ کەس لێی نزیک ببێتەوە. پۆلیس بە گازی فرمێسکڕێژ ڕووبەڕووی گرووپەکە بووەوە.

چوارشەممەی ڕابردوو، هێزەکانیان لە کەنداو دەستیان بەسەر کەشتییەکی بیانییدا گرتووە کە تیمی نێو کەشتەکەش لە حەوت کەس پێکهاتووە. لای خۆیەوە کەنالی "پرێس تیڤی" ئێران بڵاویکردبوویەوە کەشتییەکە لەو کاتەدا دەستیبەسەردا گیراوە کە بە قاچاغ سووتەمەنی دەگواستەوە بۆ ژمارەیەک وڵاتی عەرەبی.

بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی ئیرنای فەرمی ئێرانیش، ئاماژە بەوە کرابوو کە ئەو کەشتییەی دەستبەسەردا گیراوە هی وڵاتی عێراقە. هەروەها بانگەشەی ئەوەش کرابوو کە ئەو کەشتییە ناوی "هیتا"یە نەوتی لە ئێران بە قاچاخ بردووە و ویستوویەتی بۆ وڵاتانی عەرەبی دەورووبەری کەنداوی بەسڕە بگوازێتەوە.





وەزارەتی نەوتی عێراق ڕەتیکردەوە هیچ پەیوەندییەکی بەو کەشتییەوە هەبێت کە لە کەنداو لە لایەن ئێرانەوە دەستیبەسەردا گیراوە. عاسم جیهاد ئاماژەی بەوەشداوە کە کەشتییەکە یەکێک لە کەشتییە بچووکەکان و بەهیچ شێوەیەک وەزارەتەکەیان بۆ بەبازارکردنی نەوت، مامەڵەی لەگەڵدا ناکات.

جێی باسە پێشتر فەرماندەی ناوچەی دوو لە هێزی دەریاوانیی ئێران، عەمید ڕەمەزان زیراهی ڕایگەیاندبوو، ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو، هێزەکانیان لە کەنداو دەستیان بەسەر کەشتییەکی بیانییدا گرتووە کە تیمی نێو کەشتەکەش لە حەوت کەس پێکهاتووە. لای خۆیەوە کەنالی "پرێس تیڤی" ئێران بڵاویکردبوویەوە کەشتییەکە لەو کاتەدا دەستیبەسەردا گیراوە کە بە قاچاغ سووتەمەنی دەگواستەوە بۆ ژمارەیەک وڵاتی عەرەبی.

بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی ئیرنای فەرمی ئێرانیش، ئاماژە بەوە کرابوو کە ئەو کەشتییەی دەستبەسەردا گیراوە هی وڵاتی عێراقە. هەروەها بانگەشەی ئەوەش کرابوو کە ئەو کەشتییە ناوی "هیتا"یە نەوتی لە ئێران بە قاچاخ بردووە و ویستوویەتی بۆ وڵاتانی عەرەبی دەورووبەری کەنداوی بەسڕە بگوازێتەوە.

ئێران دەستی بەسەر دوو بەلەمدا گرت

وەزارەتی نەوتی عێراق: هیچ پەیوەندییمان بەو کەشتییەوە نییە کە لە کەنداو لە لایەن ئێرانەوە دەستیبەسەرداگیراوە

وەزارەتی نەوتی عێراق ڕەتیکردەوە هیچ پەیوەندییەکی بەو کەشتییەوە هەبێت کە لە کەنداو لە لایەن ئێرانەوە دەستیبەسەردا گیراوە. عاسم جیهاد ئاماژەی بەوەشداوە کە کەشتییەکە یەکێک لە کەشتییە بچووکەکان و بەهیچ شێوەیەک وەزارەتەکەیان بۆ بەبازارکردنی نەوت، مامەڵەی لەگەڵدا ناکات.

جێی باسە پێشتر فەرماندەی ناوچەی دوو لە هێزی دەریاوانیی ئێران، عەمید ڕەمەزان زیراهی ڕایگەیاندبوو، ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو، هێزەکانیان لە کەنداو دەستیان بەسەر کەشتییەکی بیانییدا گرتووە کە تیمی نێو کەشتەکەش لە حەوت کەس پێکهاتووە. لای خۆیەوە کەنالی "پرێس تیڤی" ئێران بڵاویکردبوویەوە کەشتییەکە لەو کاتەدا دەستیبەسەردا گیراوە کە بە قاچاغ سووتەمەنی دەگواستەوە بۆ ژمارەیەک وڵاتی عەرەبی.

بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی ئیرنای فەرمی ئێرانیش، ئاماژە بەوە کرابوو کە ئەو کەشتییەی دەستبەسەردا گیراوە هی وڵاتی عێراقە. هەروەها بانگەشەی ئەوەش کرابوو کە ئەو کەشتییە ناوی "هیتا"یە نەوتی لە ئێران بە قاچاخ بردووە و ویستوویەتی بۆ وڵاتانی عەرەبی دەورووبەری کەنداوی بەسڕە بگوازێتەوە.

دەزگای خێرخوازی بارزانی لە هەر کوێیەک پێویست بووبێت بەوپەڕی دڵسۆزی و گیانفیدایی دەستی هاوکاری درێژ کردەوە



عەلی حوسێن بەرپرسی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە یاوەری ئەندامانی مەکتەب سەردانی دەزگای خێرخوازی بارزانی لە هەولێر کرد و لەلایەن موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگا و ئەندامانی دەزگا پێشوازی کران.

لەدیدارەکدا عەلی حوسێن سالیادی دامەزراندنی دەزگای خێرخوازی بارزانی لە سەرۆک ئەندامانی دەزگا و سەرجەم کارمەندانی ئەم دەزگایە پیرۆز کرد و تەئکیدی کردەوە دەزگای خێرخوازی بارزانی لەماوەی ڕابردوودا ڕۆڵێکی بەرچاو و دیاری هەبووە لە خزمەتکردن بە خەڵکی هەژار و لێقەوماو و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەزگای خێرخوازی بارزانی لە هەر کوێیەک پێویست بووبێت بەو پەڕی دڵسۆزی و گیانفیدایی دەستی هاوکاری درێژ کردەوە و بە ملیۆنان کەس سوودمەند بوون لە هاوکارییەکانی، ئەمەش جێگای فەخر و شانازییە بۆ ئەم دەزگا پیرۆزە، عەلی حوسێن بۆ سەرۆک و ئەندامانی دەزگا تەئکیدی کردەوە هەموومان بەو پەڕی دڵسۆزییەوە هەماهەنگ و هاوکاردەبین و تەمەننای سەرکەوتن و بەردەوامی لەکارە پرپەخشەکانی بۆ دەخوازین .

پێشمەرگەیەکی دێرین کۆچی دوایی کرد

ئەحمەد ڕەسوڵ، ناسراو بە ئەحمەد برنۆ، پێشمەرگەی دێرینی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و هەڵگری مەدالیای بارزانیی نەمر، کۆچی دوایی کرد. ئەحمەد برنۆ، یەکێکە لەو پێشمەرگانەی لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە بۆ بەرگریکردن لە گەل و نیشتمان، وەک هەزاران ڕۆڵەی دیکەی کورد چەکی برنۆی کردۆتە شان و بۆ کورد و کوردستان تێکۆشاوە. هەر لەبەر ئەوەش بە ئەحمەد برنۆ ناسراوە. ئەحمەد ڕەسوڵ لە ساڵی 1947 لە گوندی گرتکی دۆڵی ڕوستی دەڤەری باڵەکایەتی لە دایکبووە و لە سەرەتای تەمەنی گەنجێتییەوە تێکەڵ بە ژیانی سیاسی و کوردایەتی دەبێت و پەیوەندیی بە ڕێزەکانی پارتیی دیموکراتی کوردستان دەکات، یەکێک بووە لەو پێشمەرگە قارەمانانەی لە ڕۆژە سەختەکاندا، بوێرانە بەرگری لە کورد و کوردستان کردووە. ئەمەش وای کرد لەلایەن سەرۆک مەسعود بارزانی، مەدالیای بارزانیی نەمری پێ بەخشرا. ئەحمەد برنۆ، یەکێک بووە لەو پێشمەرگانەی دەڤەری باڵەکایەتی، کە بێ دابڕان بەشداریی لە شۆڕشی ئەیلوول کردووە، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولیش ئاوارەی وڵاتی ئێران بووە و دواتر لەگەڵ مەفرەزەکانی شۆڕشی گوڵان گەڕاوەتەوە چیاکانی کوردستان و بەشداریی لە چالاکییەکانی پێشمەرگە



کردووە، یەکێک بووە لەو پێشمەرگانەی لە داستانی خواکورک و ڕاپەڕینی ساڵی 1991 ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە و بەشداریی لە ڕزگارکردنی زۆربەی شاروشارۆچکەکان کردووە.

ئەحمەد ڕەسوڵ، لەبەر لێهاتوویی و شارەزایی لە کاروباری سیاسی و سەربازیی، لە ماوەی ژیانی پێشمەرگایەتیدا چەندین پلەی سەربازیی پێبەخشراوە، دوایین پلەشی ئەندامی فەرماندەیی هەڵگوردی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو. شەوی ڕابردوو 2019/8/3 لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی هەولێر کۆچی دوایی کرد و پرسەکەی لە مزگەوتی پێشەوا لە شارۆچکەی دیانای سەر بە قەزای سۆرانە.

پرسەو سەرەخۆشی

بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان
بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو ئەحمەد برنۆ

بە دڵگرانییەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان، (ئەحمەد ڕەسوڵ) ناسراو بە (ئەحمەد برنۆ)مان پێگەیشت. ئەحمەد برنۆ پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و بەوەفای میللەتەکەی بوو، تا دواساتەکانی ژیانیشی بەو ڕۆحیەتی پێشمەرگایەتییەوە خزمەتی نەتەوەکەی کردووە.

هاوبەشی خەمی خانەوادە بەڕێز و تێکۆشەرەکەتانین و سەرەخۆشی ئاڕاستەی ئێوە و خزم و دۆستان و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین. لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

بارەگای بارزانی

ب هەلکەفتا 16 تەباخێ، هاریکارییێن دراڤی ب سەر هژمارەیەکا مالباتێن شەهیدان هاتنە پارڤەکر

سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنی سەرکردایەتیا پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسێ لقێ ئێک ب یاوەریا بەرپرسێ نڤێسینگەها شەهیدان ل سنوورێ لژنا ناوچا ئالا دگەل ژمارەیەکا مالباتێن شەهیدان کومبوو و دڤێ کومبونێ دا بەرپرسێ لقێ ئاماژە دا وێ چەندێ کو ویژدانا مە ل هەمبەر خوینا شەهیدان دهژیێت چونکی وان خو کوریکر داکو ئەڤرو یا کوردستانێ هەبیت و ژبو پاراستن و پیروزیو و نیمناهیا ئەڤروژی گەلەک عزیزان جانێ خوو گوری کر لەوما هین وەکو مالباتێن شەهیدان ب قیمەترین مروڤن دڤی وەلاتەیدا و ل دیف ڕاسپاردەییێن جەنابێ سەروک بارزانی ئەوە کو دڤێت ژین و ژیارا مالباتێن شەهیدان بهێتە خوشکرن ئەوا ئەڤرو ئەمژی دگەین دیف وێ ڕاسپاردێ یە کو ئەڤە بو ماوێ پترێ 3 ساڵایە هاریکارییێن مادی ب سەر خێزانێن شەهیدان دهێنە پارڤەکرن کو ب ئەرکەک ب سەر شانێن خو دزانین دگەل چارەسەرکرنا نەساخێن وان ئەڤا هەژی ئەم وێ قوتابخانێ فێربوینە ئەو قوتابخانا مەردایەتییێ خو گوری کرن و وەلات پارێزی ل جەم مروڤێ کوردستانی دروست کری کو ئەوژی قوتابخانا بارزانییێ نەمرە ئەوا کو ئەم پێشوازیا 73 ساليادا دامەزراندنا وێ دکەینە ڤە، ئەڤە و خێزان شەهیدان سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کر ژبو ڤێ پێتەدانا وی ب مالبات و کەس و کارێن شەهیدان.



بەرپرسێ لقێ 9 پێشوازیا سەرۆکا فراکسیۆنا پارتی ل جڤاتا نوێنەرێن عیراقا فیدرالێ کر



ل بارەگایێ لقێ 9 سەباح بەیتولا بەرپرسێ لقێ9 پێشوازیا دکتورە ڤیان سەبری ئاکرەیی سەرۆکا لیستا پارتی دیموکراتی کوردستان ل جڤاتا نوێنەرێن عیراقا فیدرال کر، دروینشتنەکێ دا هەردوو ئالیان بەحسێ بارودوخێ کو ئەڤرۆ عیراقا فیدرال و هەرێما کوردستانێ تێدا دەرباز دبن کر، دیسان ئاماژە دا هەلبژارتنا نێچیرڤان بارزانی سەروکێ هەرێما کوردستانێ و پێکئینانا کابینەیا نەهێ یا حکومەتا هەرێما کوردستانێ ب سەروکایەتیا مەسرور بارزانی و گرنگیا پەیوەندییێن هەرێما کوردستانێ دگەل حکومەتا ناوەندی و چارەسەرکرنا وان کێشەیێن هەلاویستی دنێڤبەرا هەردوو لایان لدویڤ دەستووری ونەمازە ئەو دەڤەرێن کوردستانی ییێن دەرڤەی هەرێما کوردستانێ، ژ ئالیەکێ دی ێ ڕوینشتنێ هەردوویان جەخت لسەر هندێ کر کو فەرە ئەڤرۆ پتر هەمی ڕۆژەکا دی لایەنێن سیاسی ییێن کوردستانێ د ئێککگرتی بن و خودان ئێک هەلویستیا نەتەوی ونیشتیمانی بن تاکو بکارین ئەو مافێن دەستووری ییێن کوردستانێ بدەستڤە بینین و خویا ژی کرن کو ب زمانێ دایەلوک و گفتوگویا دێ کارین گەلەک کێشەیان چارەسەر بکەین.

بەشێک لەناوچەی بارزان دەکرێتە ناشنالێ پارک



خەبات ـ مسلم دژلەمەری:

ناوچەی بارزان کە یەکێکە لە هەرە ناوچە پێشکەوتووەکان لە ڕووی ژینگەپارێزی لەتەواوی کوردستان کە ماوەی چەندین ساڵە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە پەیڕەوەی ئەو یاساجوان ومرۆڤانەیانە دەکەن کە لە سەر دەمی شێخ ئەحمەد بارزانی نەمر بۆ دانیشتوانی ئەم ناوچەیە دیاریکراوە کە تاکو ئێستا نەوە لەدوای نەوە دەیپارێزن و پەیڕەوەی دەکەن، بەمەش ناوچەی بارزان بووەتە ناوچەیەکی ئارام و هێمن بۆ ژیانی مرۆڤایەتی و گیاندارەکانیش. ئێستا هەولی بۆدەدرێت بەشێک لەم ناوچەیە بکرێت بە ناشنالێ پارک. بۆ ئەم مەبەستەش غەفور ئەحمەد قایمقامیی قەزای مێرگەسوور تایبەت بۆ خەبات دوا و گوتی: بەهۆی گونجانی ژینگەی دەڤەری بارزان و بە هۆی ژینگەپارێزی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە، کە دەیان ساڵە پارێزگاری لێدەکەن و بەدیان جۆری ئاژەلی کێوی لەم ناوچەیە بە ئازادی دەژین، بۆیە هەستاین بە پێکهێنانی بۆردێکی چەند کەسی پسپۆڕ و شارەزای ئیداری بۆ ئەوەی هەستن بە یاساکردنی پرۆژەی ناشنالێ پارکی ناوچەی بارزان، کە دەتوانم بلێم نزیکەی200 کیلۆمەتر چوار گۆشەی ناوچەی بارزان دەگرێتەوە کە لە ناوچەکەدا زیاتر لە80 جۆر بالندە و 800 جۆری ڕووەکی گیای و چەندین گیانداری کێوە هەنە لەوانە پلنگ، بەور، ورچ، گورگ و بزنە کێوی بە ڕێژەیەکی زۆر و چەندین گیانداری تر، بۆیە هەوڵمان بۆداوە و هیوادارین لە ماوەیەکی زووداکارە یاساییەکانی شۆڕشی تەواو دەبێت و بڕیاری لەسەر دەدرێت، چونکە لە گشت ڕۆیەکەوە ناوچەکە گونجاوە بۆ ئەم مەبەستە.

هەر ئۆتۆمبێلێکی حکوومی لە دوای دەوام کاری ببیندرێت دەستبەسەر دەکرێت

وەزارەتی ناوخۆ بڕیارێکی نوێی دەرکردووە، کە نابێ ئۆتۆمبێلی حکومی بۆ کاری تایبەت بەکار بهێنرێت، بەڕێوەبەری هاتوچۆی هەولێریش دەڵێت: هەر بەڕێوەبەرایەتی و وەزارەتێک ئۆتۆمبێلی حکوومەت لە دوای دەوام بەکار بهێنێت، ئۆتۆمبێلەکەی لێ وەردەگیرێتەوە و سزا دەدرێت.

لیوا هێرش ئەحمەد، بەڕێوەبەری هاتوچۆی هەولێر، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندوە: وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بڕیارێکی نوێی دەرکردووە، کە لە ئێستادا کەوتۆتە واری جێبەجێکردنەوە و لۆژۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش لە تەواوی ئۆتۆمبێلە حکوومییەکان دەدات، تا لە دوای دەوام بۆ کاری تایبەت و کەسی بەکار نەهێنرێن.

بەڕێوەبەری هاتوچۆی هەولێر گوتیشی: هەر ئۆتۆمبێلێکی حکوومی هی هەر دامودەزگایەکی حکوومی بێت، لە دوای دەوامی فەرمی کاری تایبەت و کەسیی پێ بکرێت، لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێت و ئۆتۆمبێلەکە دەستبەسەر دەکرێت و دووچاری سزای ماددییش دەبنەوە، جا هەر کەس و بەرپرسێک بێت.

کۆمپانیاکانی چیک لەبواری وزە نوێبووەکاندا ئامادەن ڕوو لەهەرێمی کوردستان بکەن

ڕێکەوتی 2019/8/5 ئەندازیار کەمال مەحمەد وەزیری کارەبا پێشوازی لە میشێل سفۆبۆدا کونسوڵی گشتی کۆماری چیک و بەرپرسی کۆمپانیای ئینفیرۆزی ئەو وڵاتە کرد، سەرەتای دیدارەکە کونسوڵی گشتی کۆماری چیک سوپاس و پێزانینی حکومەت و گەلی کۆماری چیک بۆ خەڵکی کوردستان دەربڕی و ئومێدی خواست وەزیری کارەبا لە ئەرکە نوێیەکەیدا سەرکەوتوو بێت، لەلای خۆشییەوە وەزیری کارەبا وێڕای بەخێرهاتنی شاندی میوان داوای لە کونسوڵی گشتی کۆماری چیک کرد لە ڕێگەی کۆمپانیاکانیانەوە بەشداری کار و پڕۆژەکانی وەزارەت بن، هەر لەو دیدارەدا کونسوڵی گشتی کۆماری چیک باسی لە توانا و شارەزایی کۆمپانیاکانی وڵاتەکەی کرد لە بوارەکانی کارەبادا بە تایبەتی لە بواری بەرهەمهێنانی کارەبا لەڕێگەی وزە نوێبووەکان، کە دەتوانن ڕوو لەهەرێمی کوردستان بکەن و بەشداربیەکی کارایان لەو بوارەدا هەبێت، ئەندازیار کەمال محمد ئامادەیی وەزارەتەکەی دەربڕی بۆ پێشوازیکردنی کۆمپانیاکانی وڵاتی چیک بەتایبەتی لە پاڵپشتی و هاوکاریکردنی پڕۆژەکانی تایبەت بە وزە نوێبووەکان کە ڕۆڵی لە پاراستنی ژینگە و کەمی تێچوونی بەرهەمهێنانی کارەبا هەیە.



هەولێر... پێنج کۆگای کاڵا و شتومەکی خۆراک پشکنین و بەدواداچوونیان بۆ کرا

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی: لێژنەی پشکنین و چاودێری بازاڕ بە سەرپەرشتی نەبەز عەبدولحەمید، قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر و لێژنەی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی شەش، پشکنین و بەدواداچوونیان بۆ پێنج کۆگا ئەنجام دا، کۆگاکان بریتی بوون لە کۆگا و کۆمپانیای خۆراک و کاڵا و شتومەکی خواردن.

لەمیانەی پشکنینەکاندا سەرپێچیەکان تۆمارکران پێنج کۆگا هۆشداریییان پێدرا بە پێی یاسا سزا دەدرێن، مەبەست لە پشکنین و چاودێری و بەدواداچوونەکانی قایمقامیەتی هەولێر لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و پاراستنی تەندروستی هاوڵاتییانە، هەر شوێنێک پابەندنەبێ بە مەرج و ڕێنماییەکان، جگە لە داخستنی شوێنەکانیان ڕێکاری یاسایی بەرامبەر خاوەنەکانیان دەکرێت ، دواتر سزای پێبڕاردن لە ملیۆنێک دینار دەست پێدەکات تا پێنج ملیۆن، ئەوەش بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووریی کە ئاراستەی قایمقامیەتی هەولێر کراوە. هەروەها هاوڵاتییان ئاگادار دەکەینەوە بەدواداچوون بۆ هەموو ئەو سکاڵایانە دەکرێن، کە ڕۆژانە ئاراستەی لێژنەکانی قایمقامیەت دەکرێن.



www.xebat.net
ساڵی شەشەم 2019/8/6 ژمارە (5805)
خەبات

لە وەرزی هاویندا ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیان ڕوو لەدەرهێنانی کارتی نیشتمانی دەکەن

بەڕێوەبەری ڕەگەزنامەو باری شارستانی هەولێر:

سااڵنە لە وەرزی هاویندا جەنجاڵی هاووڵاتیان بۆ دەرهێنانی کارتی نیشتیمانی دروست دەبێت

ڕاپۆرت/ سەید فاتیح بەرزنجی

هەر کەوەرزی هاوین داهات و دەرگای خوێندن داخرا ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیان بەمەبەستی دەرهێنانی کارتی نیشتیمانی ڕوو لە بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەی هەولێر دەکەن و لەوێدا لەاڵیەن ئەفسەران و کارمەندانەوە کارەکانیان بۆ ڕاپیدەکرێت. ئەوەی کە لەوێدا بەرچاوم کەوت خێرایی بوو لەکارەکان و جەنجاڵی هاووڵاتیانیش تا ڕادەیەک هەبوو، لەو ڕاپورتەدا ئیش و کارەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دەخەینە ڕوو.

هاووڵاتیان: ئەگەر نووسینگەی دیکەی کارتی نیشتیمانی هەبێت ئەوا جەنجاڵی هاووڵاتیان دروست نابێت.



هاووڵاتیان: جەنجاڵییەکی زۆر هەیە و ئیشوکارەکان زۆر بە سستی بەڕێوەدەچن

فەرمانگەی کارتی نیشتیمانی کراوەتەوە، تا ئێستا 12 ملیۆن کەس تۆماری کارتی نیشتیمانی کردووە و نزیکەی 11ملیۆن کەس کارتەکەیان وەرگرتۆتەوە، لەشاری هەولێر 25%ی هاووڵاتیان کارتی نیشتیمانیان دەرهێناوە، ڕۆژانە نزیکەی دوو هەزار کەس سەردانیمان دەکەن و(18فەرمانگەی کارتی نیشتیمانی) هەیەو هەوڵدەدەین ڕۆتین لەو دەزگایە نەهێڵین، تا خەڵک هەراسان نەبێت.

دەبێ هاووڵاتیان ئەوە بزانن کە ئەو پڕۆسەیە بریتییە لە (حکوومەتی ئەلیکترۆنی) و دەوام لە کاتژمێر 8ی بەیانی تا کاتژمێر 3یە، پاش نیوەڕۆیە و دەوامەکەی دیکەیش لە کاتژمێر دوو تا شەش وەرگرتنەوەی کارتەکەیە، هاووڵاتیان داتوانن لەو کاتەدا کارتەکانیان وەربگرنەوە. حەزناکەین هەرگیز سەرە هەبێت بۆ کارەکانی کارتی نیشتیمانی، زۆرترین سەرە (10-14) ڕۆژە و جەنجاڵی هاووڵاتیان بەو شێوەیە نییە و لە(پیرمام و قوشتەپە) لۆدێکی زۆرمان لەو شوێنانەدا هەیە و فەرمانبەریان کەمە و کارەکانیان بەشێوەی سەرەیە، ئەگەر هاتوو لەهەولێریش لۆدێکی زۆرمان لەسەر هەبوو، ئەوا لەو کاتەدا دەیکەین بەسەرە،

لە هەولێداین کەچوار فەرمانگەی دیکە لە (میرگەسۆر و بارزان و مەخمور و بەحرکە) بکەینەوە، تا لەو شوێنە دوورانەوە هاووڵاتیانی ئەو شوێنانەش ببنە خاوەنی کارتی نیشتیمانی خۆیان.



کارەکان و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان، پێویستە بەغدا نیاز پاکی لەگەڵ ئێمە بنوێنێ، تا کارەکان بە ڕێک و پێکی بەڕێوەبچێت و گفتوگۆی تێر و تەسەل لەگەڵ بەغدا ئەنجامدەدەین، و پڕۆسەکە ڕۆژانە درێژەی هەیەو لەبەغدا بەگرنگیەوە سەیری کارەکانی کارتی نیشتیمانی دەکرێت، ئەوەتا لە بەغدا لەکۆی 355فەرمانگە 240 لەوەرزی هاویندا جەنجاڵی هەیە، بەاڵم کارەکان بەخێرایی ڕاپیدەکرێن.

دەرهێنانی کارتی نیشتیمانی ڕۆژانە بەردەوامە

دەربارەی ئیش و کارەکانیان و گلەیی و گازاندەی هاووڵاتیان سەردانیمان کردن، لەوێدا عەمیدی پۆلیس "عەبدولڕەحمان نیسماعیل گەردی" بەڕێوەبەری (ڕەگەزنامەو باری شارستانی هەولێر) لە ڕاپۆرتکێدا بۆ خەبات ڕوونیکردەوە: لەڕۆژی 28/3ی ساڵی 2016 یەکەمین فەرمانگەی کارتی نیشتیمانی لە هەولێر کردایەوە، ئێمە خەریکی دەرهێنانی کارتی نیشتیمانین، لە 25%ی هاووڵاتیان توانیویانە کارتی نیشتیمانی دەربهێنن، دەرهێنانی کارتی نیشتیمانی و ئەو کارتە لە جیاتی چەند بەڵگە نامەیەکی وەکو (ناسنامەی باری شارستانی و ڕەگەزنامە) و لەداهاتووشدا (کارتی زانیاری)ش دەگرێتەوە، لە عێراق، هاووڵاتیان چوار بەڵگەنامەیان هەبوو، وەک (ناسنامە و ڕەگەزنامە و پاسەپۆرت و کارتی زانیاری) لەداهاتوودا ئەو چوار بەڵگەنامەیە دەبێتە دوو بەڵگەنامەی وەک (کارتی نیشتیمانی و پاسەپۆرت)، دیارە ئەو کارتە بۆ دە ساڵە و سیستەمێکی پێشکەوتووە و بە ئاسانی هەڵدەگیرێت.

لەهەولێداین بۆکردنەوەی چەندین نووسینگەی دیکەی کارتی نیشتیمانی و لەگەڵ حکوومەتی عێراق هاوکاری و هەماهەنگی تەواومان هەیە بۆ لەوەرزی هاویندا جەنجاڵی هەیە، بەاڵم کارەکان بەخێرایی ڕاپیدەکرێن.

دەرهێنانی کارتی نیشتیمانی ڕۆژانە بەردەوامە

دەربارەی ئیش و کارەکانیان و گلەیی و گازاندەی هاووڵاتیان سەردانیمان کردن، لەوێدا عەمیدی پۆلیس "عەبدولڕەحمان نیسماعیل گەردی" بەڕێوەبەری (ڕەگەزنامەو باری شارستانی هەولێر) لە ڕاپۆرتکێدا بۆ خەبات ڕوونیکردەوە: لەڕۆژی 28/3ی ساڵی 2016 یەکەمین فەرمانگەی کارتی نیشتیمانی لە هەولێر کردایەوە، ئێمە خەریکی دەرهێنانی کارتی نیشتیمانین، لە 25%ی هاووڵاتیان توانیویانە کارتی نیشتیمانی دەربهێنن، دەرهێنانی کارتی نیشتیمانی و ئەو کارتە لە جیاتی چەند بەڵگە نامەیەکی وەکو (ناسنامەی باری شارستانی و ڕەگەزنامە) و لەداهاتووشدا (کارتی زانیاری)ش دەگرێتەوە، لە عێراق، هاووڵاتیان چوار بەڵگەنامەیان هەبوو، وەک (ناسنامە و ڕەگەزنامە و پاسەپۆرت و کارتی زانیاری) لەداهاتوودا ئەو چوار بەڵگەنامەیە دەبێتە دوو بەڵگەنامەی وەک (کارتی نیشتیمانی و پاسەپۆرت)، دیارە ئەو کارتە بۆ دە ساڵە و سیستەمێکی پێشکەوتووە و بە ئاسانی هەڵدەگیرێت.

لەهەولێداین بۆکردنەوەی چەندین نووسینگەی دیکەی کارتی نیشتیمانی و لەگەڵ حکوومەتی عێراق هاوکاری و هەماهەنگی تەواومان هەیە بۆ

"کەریم عەلی" هاووڵاتیەکی دیکەبوو گوتی: لەدەوروبەری هەولێر هەق وایە چەندین نووسینگەی کارتی نیشتیمانی بکرابوایەوە، تا بەئاسانی هەموو کەسێک کارتی نیشتیمانی دەردەهێنا، چونکە جەنجاڵییەکی زۆر هەیە و ئیشوکارەکان زۆر بەسستی بەڕێوەدەچن.

"خاتوو نوخشە" گوتی: لەترسی جەنجاڵی نەمدەویرا بێم بۆ دەرهێنانی کارتی نیشتیمانی، هەرچەندە هاووڵاتی "تەحسین محەمەد": لەو بەڕێوەبەرایەتییەدا، وێڕای هەبوونی جەنجاڵی هاووڵاتیان ئەفسەران و کارمەندان کاروباری خەڵکی بەڕێک و پێکی کارەکان ڕایی دەکەن.

"مام سالح" هاووڵاتیەکی تەمەن 63 ساڵان بوو گوتی: کارەکان بەخێرایی ئەنجامدەدرێن، خۆزگە هەوڵدەدرا بۆکردنەوەی نووسینگەی دیکەی کارتی نیشتیمانی، تا کارەکان زووتر تەواو دەبوون.



ڕۆتین و دەوامی فەرمانبەران و سەرنجێک..

باشترین هەنگاو بە ئەلیکترۆنی کردنی سیستەمی ڕاییکردنی مامەڵەی هاووڵاتیانە

ڕامیار عەلی

وێڕای هەموو قەیرانەکان و ئەو بارودۆخەی لە هەرێمی کوردستان بەرلە شەڕی داعش و دوای شەڕی داعیشیش لە هەرێمی کوردستان دروست بوو، دەوامی فەرمانگە حکوومییەکان بەردەوام بوو و تا ئاستێکی باشیش توانرا ئیشوکاری فەرمی هاووڵاتیان ڕایی بکرێت، بەاڵم ئەوەیش ناگەیەنێت کە دەوامی سەرجەم فەرمانبەران و فەرمانگە حکوومییەکان بێ کەموکوڕی بووبێت و ڕۆتین و سستی لە هەندێک لەو دامودەزگایانەی حکوومەت نەبووبێت، کە زۆرترین هاموشۆی هاونیشتیمانیان لەسەر بووەو بەشێکیشیان فەرمانگە و دامەزراوەی خزمەتگوزاری و پێویستن، کە هاووڵاتی بەردەوام هاتوچۆی کردوون. لە ئێستادا و دوای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان زۆرتر جەخت لەسەر دەوامی فەرمابەران کراوەتەوەو تا ئاستێکی باشتر توانراوە ڕێکخستنەوەو پێداچوونەوە بۆ دەوامی فەرمانبەران بکرێت، کە ئەوەیش هەم هەنگاوێکی دڵخۆشکەری چاکسازییەکانە و هەمیش بەهەدەر نەدانی داهاتی حکوومەتە.

بەشێک لە فەرمانبەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە پێشتریش بە ڕێکوپێکی دەوامی فەرمی خۆیان کردووەو بەو بڕیارانەی چاکسازیش زۆرتر پابەندی ڕێنماییەکان بوونە، باس لەوە دەکەن کە دەوامی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان بەوردی ڕێکخراوەتەوەو لە ئێستا سەرجەم کارمەند و فەرمانبەرانی ئەو دامەزراوانە بە ڕێکوپێکی دەوامی خۆیان دەکەن، بەاڵم ئەوان ئەوەش ناشارنەوە کە ئەم بڕیارانە هێشتا لە بەڕێوەبەرایەتی و بەشە الوەکییەکانی ئەو وەزارەتانە وەک پێویست جێبەجێ نەکراوە، هاوکات باس لەوەش دەکەن ئەو دیاردەیەی کە پێشتر هەبووەو بە زمانی بازاڕیی بە فەرمانبەری (بن دیوار) ناسراون، هێشتا نەچوونەتە ژێرباری ئەو فەرمانە تازانەی لەاڵیەن وەزارەتەکانەوە گشتێندراوە بۆ سەرجەم دامودەزگاکان، بۆیە ئەوان پێیانوایە وێڕای گرنگیدان بە دەوامی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان، پێویستە لەاڵیەن بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگە حکوومیەکان لە هەموو شارو شارۆچکەکان و شوێنە دوورە دەستەکانیش ئەو بڕیار و ڕاسپاردانە جێبەجێ بکرێت و لێژنەی تایبەت هەبێت بۆ سەردانیکردنی ئەو شوێنانە و بەڕێوەبەر و بەرپرسی ئەو بەشانەیش پابەند بکرێن بە ڕێکخستنەوەی دەوامی سەرجەم کارمەند و فەرمانبەرانی حکوومەت.

لە فەرمانگە و دامەزراوەکانی حکوومەتدا تەنها دیاردەی دەوامنەکردن و پابەندنەبوونی کارمەند و فەرمانبەران نەبوو، بەڵکو زۆرجاریش ڕۆتین دەبووە هۆکارێک بۆ دواکەوتنی مامەڵەی هاووڵاتیان و ئەوەیش گلەیی و نارەزایی لێ دەکەوتەوە، بەاڵم چی بکرێت بۆ کەمکردنەوەو بنبڕکردنی ئەو ڕۆتینە ؟! ئایا هۆکارەکە تەنیا دەوامنەکردنی فەرمانبەر و کارمەندان بووە ؟!

بۆ وەاڵمی ئەم پرسیارە و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو شارەزایانی بواری کارگێڕی پێیانوایە باشترین هەنگاو بە ئەلیکترۆنی کردنی سیستەمی ڕاییکردنی مامەڵەی هاووڵاتیانە، کە ئەوەیش تا ڕادەیەک لە هەندێک شوێن دەستی پێکراوەو بەردەوامیشە، بەاڵم بەگشتی باشترین چارەسەر ئەوەیە خوولی هۆشیاری و پێگەیاندن و ئاشناکردن بە سیستەمی تازە و سەردەمییانەی کارگێڕی بۆ فەرمانبەرانی حکوومەت بکرێتەوە، بەمشێوەیەش دەکرێ فەرمانبەران ڕابهێندرێن لەسەر چۆنیەتی خێراکردنی ئیشوکارەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ هاووڵاتیان، چونکە شێوازی مامەڵەکردن و ئەکتیڤکردنەوەی دەو دامودەزگایانەی بە سیستەمێکی سستەوە ئیشوکاری هاووڵاتیانیان بەڕێ کردووە، بەشێکی دیکەی ئەو نارەزایەتییانەی هاونیشتیمانیان بووە، کە بەردەوام داواکراوە پێداچوونەوەی تیادا بکرێت.

بۆیەش ئەوەی لە ئێستا کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی بۆ هاویشتووە و چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت زیاتر و خێراتر بکرێت، ئومێدێکی تازەیە و هەوڵێکی دیکەی جدییە بۆ بنبڕکردنی سستی دەوامکردنی کارمەند و فەرمانبەرانی حکوومەت و نەهێشتنی ڕۆتین لە دامودەزگا حکوومییەکان، کە هاووڵاتیان بە چاوەڕوانییەکی زۆرەوە ئومێدیان بۆ خواستووە.



پەکەکە لە بیرەوەری (شێرکۆ بێکەس)ی شاعیر دا

ئەو تونددڕەویی و داخرانەی ئەوان، گەیاندنی بە کۆڵانێکی بن بەست!

لە هەموو دانیشتنێکدا بەردەوام جەختم لەسەر ئەوە ئەکردەوە کە پێویستە واز لەو پەڕگیری و دەمارگیری و پەرستنی تاکە کەسییە بێنن، بەڵام لەوە ئەچوو گوێزیان بۆ بژمێرم!. بۆیە لە دواییدا کۆڵمدا و ئیتر ئەوەندە تێکەڵیان نەئەبووم!

بۆ خۆم یەکێک بووم لە ئەندامانی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەوان (پەکەکە)، بەڵام دوای گیران و زیندانی کردنی ئۆجەلان، دوای ئەوەی هەندێ قسەی سەیر و سەمەرەی کردو ئەتاتورکی کرد بە نموونە و حەفتا سالّ خەباتی باشووری کوردستانی شەرمەزار کرد! وازم لێهێنان و کشامەوە و دەقی ئەو وازهێنانەیشم لە رۆژنامەکاندا بڵاوکردەوە



ئامادەکردنی: زانیار سەردار قرگەیی

پەکەکە هەمیشە لە هەوڵی خۆسەپاندن و فەرزکردنی راوبۆچوونی خۆیدا بووە، کە ئەمەیش کاریگەرییەکی خراپی کردۆتە سەر کاروباری نێوخۆیی خۆیان و کاروباری دەرەوەی حزبەکەیشیان و تەنانەت کاریگەرییەکی خراپی کردۆتە سەر یەکریزیی گەلی کوردستان، بۆتە هۆی کێشە و گرفت بۆ بەشەکانی تری کوردستانیش.. بەهۆی ئەو دەمارگیری و یەکتر قبوڵ نەکردن و ڕەق و داخرانەیان و ڕەتکردنەوە و سڕینەوەی بەرانبەرەکانیان، موراعات نەکردنی بارودۆخی هەستیاری ناوچەکە و بە زۆر خۆسەپاندنیان..

سەبارەت بەو هەڵوێستانەیان مامۆستا شێرکۆ بێکەس لە کتێبی ژیاننامە و بیرەوەرییەکانیدا سەبارەت بە پەکەکە و ئۆجەلان، لەو سالانەدا کە لە ستۆکهۆڵم بووە و، وەک شاهیدحاڵێک لە نزیکەوە ئاگاداری زۆر شتیان بووە و زۆرشتیان لێ دەگێڕتەوە، بەتایبەت ئەو ماوەیەی کە لەگەڵیاندا ژیاوە و تارادەیەک کاری لەگەڵیاندا بووە و ماوەیەک ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەییان بووە و دواتر لەبەر ئەو هەڵوێستانەیان دەستلەکارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاندووە، بەم چەشنە لێیان دەدوێ و کاری پێکەوە بوونیان شرۆڤە دەکات. با لە زمانی مامۆستا شێرکۆ بێکەسەوە ببیستین، کە دەقاودەق و وەک خۆی لێرەدا تۆمارمان کردووە..

* لە کتێبی (ژیاننامە و بیرەوەری- شێرکۆ بێکەس)، نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش) بەرگی دووەم، لە لاپەڕە (203) و لاپەڕە (387)دا، مامۆستا شێرکۆ بێکەس، سەبارەت بە پەکەکە و ئۆجەلان، لەو سالانەدا کە لە ستۆکهۆڵم بووە دەنووسێ: لەو کاتەدا نێوانی ڕووناکبیرانی کورد لە ستۆکهۆڵم باش نەبوو! گرووپ گرووپ و دابڕاو بوون لە یەکتر، هەرچی کوردی باکوور هەبوون دابەش ببوون بەسەر چەند ناوەندێکدا و تیرۆشیریان لە یەک ئەسوو!. بەهێزترین کەرتیان ئەوانە بوون کە سەر بە ڕێکخستنەکانی پەکەکە بوون، توانای خۆیاندا، یان لە بۆنەیەکدا دە ئالای کوردستانیان هەڵکردایە. ئەوا ئەبوو بیست وێنەی (ئاپۆ) عەبدوڵڵا ئۆجەلان بەرزبکرایەتەوە! بەر لەوەی من بگەمە سوید هەر لە سالانی (1985-1986) دا بوو، وەکوو گێڕایانەوە هەڤاڵێکی خۆیان لەناو ستۆکهۆڵم دا تیرۆر کردبوو، لەبەر ئەوەی لێیان جیابووەوە!. من بەینم لەگەڵ ئەندامانی پەکەکەدا خراپ نەبوو، بەڵام لە هەموو دانیشتنێکدا بەردەوام جەختم لەسەر ئەوە ئەکردەوە کە پێویستە واز لەو پەڕگیری و دەمارگیری و پەرستنی تاکە کەسییە بێنن. بەڵام لەوە ئەچوو گوێزیان بۆ بژمێرم!. بۆیە ئیتر لە دواییدا کۆڵمدا و ئیتر ئەوەندە تێکەڵیان نەئەبووم!.

لەناو ستۆکهۆڵم دا چوونە دەرەوەم کەم ببۆوە، ڕۆژەکان وەک بنێشت جووین دووبارە ئەبوونەوە. بۆیە زۆرترین کات لە مااڵەوە ئەبووم. کە تاقەتیشم لە خوێندنەوە و نووسین ئەچوو، خۆم بەسەیرکردنی کەناڵە جیاجیاکانی تەلەفزیۆنەوە خەریک ئەکرد.

هەر لەم کتێبەدا و لە لاپەڕە (387) دا، مامۆستا شێرکۆ، باسێکی دیکەی لەسەر پەکەکە بە ناونیشانی (وێنەکانی ئۆجەلان، وێنەکانی سەددام- یان بیرخستەوە)! دەنووسێ: لەو یەک دوو ساڵەی دواییدا زوو زوو سەفەری "برۆکسل"م ئەکرد و ئاموشۆی تەلەفزیونی "مەد"م ئەکرد و ئاشنایەتیم لەگەڵ بەشی هونەرییەکانی ئەو بەشە بوون، دیکۆرست و دەرهێنەر بوون، ئاشنایەتیم پەیدا کرد و بوونە هاوڕێی نزیک و لە هەموو سەردانێکیشدا لە مااڵی ئەواندا ئەمامەوە و لەگەڵیاندا ئەگەڕام و لە تۆمارکردنی قەسیدەکانیشمدا ماندوو ئەبوون و بەدڵ کارەکانیان ڕائەپەڕاند، ئەو برایانەش " کاک سیروان ڕەحیم" و " کاک بەکر باهۆز" و " کاکە سامان عەلی حزبایەتی ڕووبەڕوو ڕەخنەم لێئەگرتن، بەتایبەت دەربارەی ئەو تاک پەرستییەی زیاد لە پێویست بەرامبەر " ئۆجەلان" هەیانبوو. چونکە هەمومان هەستمان بەوە ئەکرد لە کۆڕ و کۆبوونەوە و قسە و بااڵوکراوەکانیاندا ئەوەندەی بە شکۆوە ناوی ئۆجەلانیان ئەهێنا، ئەوەندە ناوی کوردستانیان نەئەهێنا! جارێکیان لە یەکێک لە گۆڤارەکانیاندا ژمارەم (25) دیار بوو، لە سااڵنی دواتریشدا ئەو تێکەاڵوییەم لەگەڵ ئەم کەناڵەدا بەردەوام بوو. بوومە ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەییش، بەڵام دوای گرتنی ئۆجەلان و (ئەو قسە سەیر و سەمەرانەی کردی و دوای ئەوەی لەو ئەزموونەدا سەرنەکەوت و بەرگەی نەگرت). منیش دەستکێشانەوەی خۆم لە ئەندامێتی ئەو کۆنگرەیە ڕاگەیاند و دەقی وێنەی ئۆجەلانی تێدا بوو، پێم وتن: (ببوورن بەراستی ئەم گۆڤارەی هەندێ لە گۆڤارەکانی بەغدا و وێنە زۆرەکانی "سەددام حوسەین"م بیر ئەخاتەوە! کارێکی خراپ ئەکەن ئەگەر لەسەر ئەم ڕێبازە بەردەوام بن). گیروگرفتی گەورە لەگەڵ ئەندامانی پەکەکەدا ئەوەبوو، گوێیان لە هیچ نەئەگرت، چییان پێوترابوو، هەر ئەوەبوو. لەبەر ئەوە هەرچیت بوتایە بریتی بوو لە ئاسنی سارد کوتان. وەکیتر ئەو هەموو کادیر و کارگێڕە لاوانە ئەتوت شانەی هەنگن و سەرەتنیان بۆ نەبوو. پێشمەرگانە ئەژیان، جێدەستی کارکردن و بەرهەمیان زۆری ئەو کارمەندانەدا پەیدا کرد بوو کە لەوێ کاریان ئەکرد. ستۆدیۆکانی تەلەفزیۆنی "مەد" گەورە و مۆدێرن بوون. لە دڵ دا زۆرم پێخۆشبوو کورد خاوەنی کەناڵێکی وا گەوردیە و توانیوێتی ئەم بنکە گرنگە لە دەرەوەی وڵات دروست بکات، چاالکی و لەخۆبردوویی ئەو کارگێڕانە سەرنجی هەمووانی ڕاکێشابوو. لە میواندارێکردنیشدا ڕێکوپێک و بە بەرنامە و لە ئان و ساتی خۆیدا ئیشەکانیان ئەنجام ئەدا. هەر لەسەرەتاوە و بۆ سااڵنی دواتریش لەگەڵ چەند کارگێڕێکی بەشی کرمانجی خواروودا، کە بێژەر و نووسەر و بەرنامەڕێژی چاالکییە مادەی و دارایی باشیان هەبوو، لەبەر ئەوە ئەیانتوانی چاالکی هەمەجۆر ئەنجام بدەن، پەیوەندی چاکتر لەگەڵ ئەوروپییەکاندا ببەستن. هەروەها نێوانی حزبی کۆمۆنیست- کۆمەڵەی ئێران لەگەڵ حزبی دیموکراتدا خراپ بوو. نێوانی یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستانیش هەر گرژ و ئاڵۆز بوو. لەبیرمە وەختێ جەژنی نەورۆز ئەهات. لە چوار پێنج الوە و بەجیا ئەم یادە ئەکرایەوە. کۆبوونەوە و خۆنیشاندان و ئاهەنگەکانی پەکەکە گەورە بوون، بەاڵم تا بڵێی دەمارگیر و وشک و ڕەق و داخراوبوون، ئەگەر لە بارەگایەکی قادر"ی دراوسێی دێرینی گەڕەکی کانێسکانمان بوو، لەو ساتەوە و هەتا ئێستەیش ئەو پەیوەندیی و دۆستایەتی و خۆشەویستییەم لەگەڵیاندا بەردەوامە. ئەو وەختانەی ڕێم ئەکەوتە برۆکسل و ئەچوومە تەلەفزیۆنی "مەد" ئەگەر کارم نەبوایە، زۆربەی کات لە کافتریا خۆشەکەیان دائەنیشتم، کچ و کوڕە گەنجە کارگێڕەکانیان، کە بەشی هەرە زۆریان خەڵکی باکووری کوردستان و یان کوردستانە گچکەکەی سووریا بوون، ئەهاتن بۆ الم پێکەوە ئەدواین.

بەڕپرسەکانیانم ئەبینی و گەلێ جاریش کە باس ئەهاتە سەر باسی سیاسەت و وازهێنانەکەیشم لە ڕۆژنامەکاندا بااڵوکردەوە.

مامۆستا شێرکۆ، باسێکی دیکەی لەسەر شیعر خوێندنەوە و پەکەکە لە الپەڕە (80،79،78)دا بە ناونیشانی (ئەوان ستالین پەرستییان بیرخستەوە!)، دەنووسێ: بەشێکی زۆری پەناهندە کوردەکانی سوید، خەڵکی باکووری کوردستان بوون، لە ڕێگەی ناوەندی فدراسیۆنەوە، زۆریانم ناسی و تێکەڵیان بووم، لە دواییشدا بووم بە ئەندامی فدراسیۆن و لە کۆنگرەی سااڵنەیاندا بەشداریم کرد و خۆم پاالوت و هەڵبژێردرام و چوومە دەستەی بەڕێوەبەرییانەوە. سااڵنێک کارم لەگەڵدا کردن، بەاڵم وەختێ زانیم ململانێیەکی تۆند هەیە و هۆ و هۆکارەکانیش زیاتر بۆ ململانێی حزبی و شەخسی ئەگەڕێنەوە، وازم هێنا و کشامەوە! لەناو ئەو کوردانەی باکووردا، لەگەڵ کاک "میرۆ"دا یەکترمان ناسی.


کاک میرۆ، پیاوێکی باش و کوردپەروەر بوو، لەناو ڕێکخستنەکانی "پ.ک.ک" دا کاری ئەکرد و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا وەک نوێنەری ئەوان دەردەکەوت. لەگەڵ منداا بەیەنی خۆش بوو. یەک دوو جارێکیش لە مااڵی خۆیاندا میوانداری کردووم. لەو سەردەمەدا، بەهێزترین حزبی سیاسی ئەوان بوون. ئەیانتوانی هەزاران کەس بێننە سەر شەقام و هەزاران کەس لە بۆنەکانی خۆیاندا کۆبکەنەوە. بەپێی ئەزموونی خۆم و دیدارم و دانیشتنم لەگەڵیاندا چ لە سوید و چ لە ئەڵمانیا و زۆر شوێنی تریش، ئەندامەکانی "پ.ک.ک" تۆندڕەو و داخراو بوون، چییان بوتایە هەر ئەوە بوو، لەسەرەوە چۆن تەلقێن بکرانایە، ئەو قسانەیان لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا ئەوتەوە، خەمی گەورەیان ئەوە بوو، چۆن وێنەکانی "عەبدوڵڵا ئۆجەلان" بەرز بکەنەوە، لە باتی وێنەیەک سەد وێنە.

هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: "پ.ک.ک" لە ڕووی دارایییەوە حزبێکی دەوڵەمەند بوو، بۆیە ئەیتوانی پەلبهاوێ و بجوواڵنێ و جێدەستی دیاربێ. ئەوە بوو لە سااڵنی دواتریشدا، یەکەم کەناڵی ئاسمانی "مەد"یان دڕووستکرد. چەندین جار بانگێشتی منیان کرد و هەر لەوێش قەسیدە درێژەکانی ئەو کاتەی خۆم خوێندەوە و بااڵوکرانەوە. ئەو تونددڕەویی و داخرانە گەیاندنی بە کۆڵانێکی بنبەست!.

بۆ خۆم یەکێک بووم لە ئەندامانی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەوان، بەاڵم دوای گیران و زیندانی کردنی ئۆجەلان، دوای ئەوەی هەندێ قسەی سەیر و سەمەرەی کردو ئەتاتورکی کرد بە نموونە و حەفتا سالّ خەباتی باشووری کوردستانی شەرمەزار کرد! وازم لێهێنان و کشامەوە و دەقی ئەو وازهێنانەیشم لە ڕۆژنامەکاندا بااڵوکردەوە.

ئەو وەختەی ئۆجەلان گیرا، هەموو دنیا هەستایە سەرپێ، من ئەو کاتە پەخشانە شیعرێکم بۆ نووسیبی بەناوی (پرشنگی ڕۆح دەستگیر ناکرێ)، هەر کەسێ بەوردی ئەو پەخشانەم بخوێنێتەوە، تێبینی ئەوە دەکات، من لەو نووسینەدا، ئەمەوێ بە ئۆجەلان بڵێم: (بمرە و بەاڵم سەردامەنەوێنە. بمرە و بەاڵم الواز مەبە). وەک نموونەیش مردنەکانی "شەهاب و ئەنوەر و جەعفەر"م باسکردووە، بەاڵم بەداخەوە لەو تاقیکردنەوە سەختەدا سەرنەکەوت!. پێمواید ئەگەر ئۆجەلان، خۆڕاگر بوایە، ئەبووە گەورەترین سەرکردەی کورد، گەلی کوردستان هەموو خۆشەویستییەکی خۆی، هەموو ئیرادەی خۆی، بە ڕادەیەک دا بەو، نەک هەر خۆنیشاندان و مانگرتن، بەڵکوو گەیشتە ئەوەی هەندێ لە ڕۆڵەکانی ئەم میللەتە، لە پێناو ئازادکردنی ئەودا ئاگر لە خۆیان بەربدەن.!

من بۆ خۆم لەناو کوردەکانی باکووردا، ئەو ڕووناکبیرانەم الّ پەسەند بوون، کە سەر بە حزبە سۆشیالیستەکەی "کەمال بورقای" بوون، ژیرانە و بەشێوەیەکی عەقاڵنی و واقعی بیریان ئەکردەوە، کراوە بوون و ڕەخنەیان قبوڵ ئەکرد و دەمارگیرنەبوون و ددانیان بە هەڵەی خۆشیاندا ئەنا، بەاڵم بەداخەوە لەو سەردەمەدا ئەمان هەڵبژاردەیەکی کەم بوون و سەنگی جەماوەرییان لە چاو "پ.ک.ک" دا کەمتر و بچووکتر بوو.!





گیروگرفتی گەورە لەگەڵ ئەندامانی (پەکەکە)دا ئەوە بوو، گوێیان لە هیچ نەئەگرت، چییان پێوترابوو، هەر ئەوە بوو، لەبەر ئەوە هەرچیت بوتایە بریتی بوو لە کوتانی ئاسنی سارد

هەنگاونان بەرەو نووسینەوەی دەستووری کوردستان



4

مانپەروەر: جەواد مستەفا ستۆپەیی

بنەمای سەروەری دەستوور

بیرۆکەی بنەمای سەروەری دەستوور دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسوفەکانی یاسای سروشتی، ئەوانەی باوەڕیان بە گرێبەستی کۆمەڵایەتی هەبوو، چونکە ئەوان پێیان وابوو دەوڵەت نەبووە لە پێش بوونی دەستوور. بنەمای سەروەری دەستوور بنەمایەکی ڕاستەقینەیە و لە دەستووری زۆر وڵاتاندا پێویست بە ناونانی سەروەری دەستوور لە ناو دەقەکاندا ناکات. لەبەر ئەوەی لە ڕووی بابەتییەوە دەستوور دەوڵەت دروست دەکات و دەسەڵاتە سەرەکییەکان ڕێک دەخات و پسپۆڕی و پەیوەندی نێوانیان دیاری دەکات. هەروەها زۆر وڵاتیش لە ناو خودی دەقەکانی دەستووردا ئاماژە بە سەروەر بوونی دەستوور دەکات بەسەر یاساکانیتردا کە لەسەرەوەی هەموو یاساکانی وڵاتدایە، وەک دەستووری هەندێک وڵایەتی ئەمریکا و دەستووری ئیتالیای ساڵی 1948 و دەستووری عێراقی ساڵی 2005 لە مادەی 13دا و دەستووری چیکۆسلۆڤاکیای ساڵی 1920 و زۆر وڵاتانی تریش.... کەواتە شەرعییەتی یاساکانی وڵات سەرچاوە لە دەستوور وەردەگرێت. هەروەها هەر لە سەرەتاوە دەسەڵاتی گواستنەوەی مولکییەتی تاک بۆ مولکییەتی گشتی لە ڕێگەی دەستوورەوە بووە.

دەسەڵاتی یاسادانان ناتوانێت هیچ یاسایەک پێچەوانەی بنەماکانی دەستوور دەربکات، هەر یاسایەک پێچەوانەی بنەماکانی دەستوور بێت ئەم یاسایە نادەستوورییە. تەنانەت لە ڕووی جێبەجێکارییەوە پێویستە گەل و دەسەڵات ملکەچی یاسا و ڕێساکانی وڵات بن و یاساکانیش هاوتای دەستووربن، بەم شێوەیە ڕێز لە دەستوور بگیرێت و دەسەڵاتە سەرەکییەکان و پسپۆڕی و چالاکییەکانی هەموویان لە ژێر چەتری دەستووردا کۆبکرێنەوە.

بنەمای سەروەری دەستوور تەنها لە وڵاتە دیموکراتییەکاندا گرنگی خۆی هەیە، چونکە لە وڵاتە دیکتاتۆرییەکاندا دەسەڵاتدارەکان هیچ گوێ نادەنە دەستوور و یاساکان، هەر شتێک لە بەرژەوەندی خۆیاندا بێت بە زەبری هێز و زۆرداری و چەوساندنەوە دەستەبەری دەکەن. بەگشتی سەروەری دەستوور دوو لایەنی سەرەکی دەگرێتەوە، سەروەری شکڵی و سەروەری بابەتی کە لەراستیدا هەردووکیان دوو ڕووی یەک دراون.

سەروەری شکڵی دەستوور: سەروەری شکلی دەستوور بریتییە لەو ڕێگایانەی دەستووری وڵات پێی دادەنرێت یان هەموار دەکرێت بەتایبەتی دەستووری بەستەڵەک، چونکە دەستووری بەستەڵەک بە ڕێوشوێنی سەخت و تایبەت دادەنرێت یان هەموار دەکرێت یاخود کۆتایی بە هەندێک مادە و برگەکانی دەهێنرێت، جیاواز لەو ڕێکارانەی یاسا ئاساییەکانی پێ دادەنرێن یان هەموار دەکرێن. واتە هەموو ئەم ڕێگایانە لە ناو خودی دەستووردا دیاریکراون، هەروەک لە سەرەوە باسمان کرد هەر یاسایەکی ئاسایی پێچەوانەی بنەماکانی دەستوور بێت ئەم یاسایە پووچەڵە و نابێت کاری پێ بکرێت. سەروەری شکڵی تەنها لە دەستوورە بەستەڵەکەکاندا هەیە، هەروەک گوتمان دەستووری بەستەڵەک بە ڕێوشوێنی سەخت و جیاواز لە یاسا ئاساییەکان دادەنرێت یان هەموار دەکرێت، واتە جیاواز لە سەروەری بابەتی کە لە هەموو دەستووروەکاندا بەرجەستە دەبێت. بەگشتی لە دەستووری سەروەری نەرمەکاندا سەروەری شکڵی بوونی نییە، چونکە بە یاسای ئاسایی هەموار دەکرێن، بەڵام لە دەستووری بەستەڵەکەکاندا سەروەری شکڵی و بابەتی هەیە.

لە هەر وڵاتێکدا بنەمای سەروەری دەستوور بریتییە لە جیاکەرەوەکانی دەوڵەتی یاسایی، لەبەر ئەوەی دەستوور لە لوتکەی هەرەمی یاساکانی وڵاتدایە بۆیە ناکرێت یاسایەکی بچووک یاسایەکی لە خۆی گەورەتر هەموار بکات.

سەروەری دەستووری لە ڕووی بابەتییەوە

دەستوور بریتییە لەو سەرچاوە بنەرەتییەی کە سیستەمی یاسایی وڵات دیاری دەکات، واتە کۆمەڵێک لەو بنەما دەستوورییانە لە خۆدەگرێت کە دەسەڵاتە سەرەکییەکان و شێوازی ئەم دەسەڵاتانە لە وڵاتدا دیاری دەکات چ لە ڕووی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان ئابووری، هەروەها پەیوەندی نێوان ئەم دەسەڵاتانە دیاری دەکات کە بریتییە لە سەرچاوەی پارێزگاری کردن لە ماف و ئازادییەکانی تاک. هەروەها دەستوور لایەنی هزری و چوارچێوەی فەلسەفی و ئایدیۆلۆژیش لەخۆ دەگرێت، کە دەسەڵاتە گشتییەکان و دەستەکانی بەڕێوەبردن لە کاتی بەڕێوەبردنی وڵات پەیرەو دەکات.

سەروەری دەستوور لە ڕووی بابەتییەوە دەستوورە نووسراو و نەنووسراوەکان دەگرێتەوە و دەستوورە نەرم و بەستەڵەکەکانیش دەگرێتەوە. دەتوانین سەروەری دەستوور لەم سێ خاڵە سەرەکییانەدا کورت بکەینەوە کە جیاوازە لە یاسا ئاساییەکان:

جێگیربوونی ڕێژەیی لە یاسا دەستووریەکاندا: یاسادانەری ئاسایی ناتوانێت دەستوور هەموار بکات هاوشێوەی ئەو یاسایانەی بە شێوەیەکی ئاسایی دەری دەکات، بەڵکو ڕێگای سەخت و جیاواز هەیە بۆ هەموار کردنی دەقەکانی دەستوور، چونکە دەقەکانی دەستوور پێویستە ڕای گەل لەسەر بێت و لە هەمان کاتدا گەل دەتوانێت لە ڕێگەی نوێنەرە دەسەڵاتدارەکان ئەم کارە بکات، بەڵام ڕای لە هەموویان گرنگتر ئەوەیە کە دەبێت لە ناو خودی دەستووردا شێوازی هەموار کردن دیاری کرابێت، کە ئەمە ڕای جان جاک ڕۆسۆیە.

یاسای دەستووری هەموار ناکرێت تا بە یاسایەکی تری دەستووری نەبێت.

نابێت یاسا ئاساییەکان دابینکرنا دەرفەتێن کاری، کو ئەڤ هەردوو خالە ئێک دگرن و چ ژوان بێی یا دی نەشێت دەرفەتەکێ ئێکسان و دادپەروەر بۆ تاکێن جڤاکی دروست بکەت.

بەرهەم ئینان داینەمۆیا ئابوریە ل هەر جڤاکەکیدا.

ئانکو هندی مە کەسێن شارەزا و ژێهاتی هەبن ، بەرهەم و داهات دێ زێدەتر بیت و ئەڤەژی دبێتە ئەگەرێ وەڕاڕا ئابوری. ئەگەر ئەم بپرسین دبێژنە کێ بێکار؟... بێکار : ئەو کەسەیە کو لدویڤ کاری دگەڕیێت شیانێن کاری هەنە یێ رازیە ب وێ نرخێ ل بازاڕی هەی کاربکەت، لێ کار بدەست وی ناکەڤیت. ئانکو ئەم هەروەلاتەکیدا دوو ئەگەر ڕۆلێ خوە دبینن :

یا ئیکێ : هەبوونا باوەرنامە و ئەزموون و شارەزاییا کەسی. هەر ل زانینا زمانی، کارپێکرنا ئامێران، شارەزایی ل بەرنامەیێن سەرەکییێن کۆمپیوتەری، شیانا ئاخفتنێ و هەبونا سیڤیکێ باش .

یا دووێ : ڕۆلێ حکومەتێ ل قوربانی ژ ئەگەرێ بەرهەڤ نەبوونا دەرفەتەکا گونجای کو گەنج بشێن ڕۆلێ خوە ببینن د ناڤەندێن کاریدا. ژبەر هندێ بەردەوام داخوازا وان ئەو بویە کو دەرفەتێن کاری بهێنە ڕەخساندن، هەتا ئەو بشێن شیانێن خوە بئێخە د خزمەتا جڤاکیدا.

هەژی گوتنێیە...بۆ دەستکەفتنا کاری ل گەنجێن باشوری کوردستانێ کو پتریا جڤاکی پێک تینن، مەزنترین قوربانیا دەستێ قەیرانا دارایێی بوون ل ماوێ بوریدا. گەنج کو ب مەزنترین سەرمایەیا ڤەشارتی دهێنە دانان و ژێدەرێ گوهۆرینێن جڤاکی و سیاسی و ئابوریا هەر جڤاکەکێنە ، ل چەند سالێن بوری و نها دا، گەنج بووینە بەرهەمێ ڕەوشەکا سیاسی و ئابووری یا نالەبار و نەگونجاو و ئەو ئەگەرا ژ دەستدانا هیڤیا گەنجان بۆ ژیانەکا باش و ئاسۆیەکا ڕوون بۆ داهاتوویێ.



بێکاری دناڤبەرا مەترسی و چارەسەرییدا



سوهەیب میکائیل

بێکاری وەک دیاردە ، کو هەر دکەڤنە هەتا نها دناڤ جڤاکێن مرۆڤایەتییدا هەبوویە . دناڤ هەر جڤاکەکێدا کێم و زۆر ئەڤ دیاردە دهێتە دیتن . بێکاری ب ئێک ژ دیارترین گرفتێن ئابوری و جڤاکییێن تاک و حکومەتێ دهێتە دانان، کو کێشە و گرفتێن جودا جودا ژێ دروست دبن . هەر ژبەر هندێ پتریا وەلاتێن هەڤچەرخ، ب بەردەوامی بزاڤ و ڤەکۆلینان لسەر بێکارییێ و ئەگەرێن وێ دکەن و هەول ددەن ئەڤێ دیاردێ کێمتر لێ بکەن و بگەهینە نزمترین ئاست .

گەنجێن باشوریّ کوردستانێ کو پتریا جڤاکی پێک تینن، مەزنترین قوربانیا دەستێ قەیرانا دارایێی بوون ل ماوێ بوریدا. گەنج کو ب مەزنترین سەرمایەیا ڤەشارتی دهێنە دانان و ژێدەرێ گوهۆرینێن جڤاکی و سیاسی و ئابوریا هەر جڤاکەکێنە ، ل چەند سالێن بوری و نها دا، گەنج بووینە بەرهەمێ ڕەوشەکا سیاسی و ئابووری یا نالەبار و نەگونجاو و ئەو ئەگەرا ژ دەستدانا هیڤیا گەنجان بۆ ژیانەکا باش و ئاسۆیەکا ڕوون بۆ داهاتوویێ.

ئانکو هندی مە کەسێن شارەزا و ژێهاتی هەبن ، بەرهەم و داهات دێ زێدەتر بیت و ئەڤەژی دبێتە ئەگەرێ وەڕاڕا ئابوری. ئەگەر ئەم بپرسین دبێژنە کێ بێکار؟... بێکار : ئەو کەسەیە کو لدویڤ کاری دگەڕیێت شیانێن کاری هەنە یێ رازیە ب وێ نرخێ ل بازاڕی هەی کاربکەت، لێ کار بدەست وی ناکەڤیت. ئانکو ئەم نەشێین بێژینە هەرکەسەکی "بێکار". چونکی ئەو کەسێ دبێژنێ بێکار پێدڤیە یێ ئامادەبیت بۆ کارکرنێ و لدویڤ کاریژی بگەڕیێت. چەندین فاکتەر هەنە کو دبنە ئەگەرێ بلند بونا ڕێژەیا بێکاریێ ، ژوانا :

1- زێدەبونا ڕێژەیا خەلکی.

2- پێشکەفتنا بلەز و بکار ئینانا تەکنەلۆژیایێ.

3- زێدەبونا ڕێژەیا کرێکارێن بیانی.

4- کێم بونا داهاتێن ئابوری .... هتاد .

لدویڤ ئەو ڕاپۆرتێن ل ڤان دوماهیان بەلاڤ بوین ڕێژەیا بێکاریێ ل هەرێما کوردستانێ گەهشتیە 15%ێ . هەلبەت ئەڤەژی جهێ مەترسیێ یە .

ب دیتنا مە حکومەتا هەرێما کوردستانێ دێ شێت ئەڤێ ڕێژێ کێم بکەت و کار لسەر بکەت. هەر وەکی چاوا ل چەند سالێن بوری زێدەباری هەبونا قەیرانا دارایی لێ ب هەڤکاری دگەل کەرتێ تایبەت بزاڤێن حکومەتێ ژبۆ ڕەخساندنا دەرفەتێن کاری بەردەوام بویە. ئەڤ سالەژی وەک هەردوو سالێن بوری نێچیرڤان بارزانی سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ سێیەمین (پێشانگەها ڕوانگە) بۆ دەرفەتێن کاری ڤەکر. خویایە (پێشانگەها ڕوانگە) بۆ دەرفەتێن کاری بزاڤا ڕەخساندن و دەستبەرکرنا دەرفەتێن کاری بۆ گەنجان و کارخوازان بەرهەڤ دکەت. کار هەر دڤێ پێشانگەهێ دا نێچیرڤان بارزانی سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ گوتارەک پێشکەشکر و ڕاگەهاند : " جهێ خۆشحالیێ یە بۆ ئەڤ سالە 150کۆمپانیان بەشداری د ڕوانگە فورەسدا کریە. هەروەسا جهێ خۆشحالیێ یە کو (1700) دەرفەتێن کاری هاتینە ڤەدیتن. هەروەسا نها کوردستان بەرەڤ ئایندەیەکێ باشتر پێنگاڤان دهاڤێژیت. پشت ڕاستم دێ دەرفەتێن کاری بۆ گەنجان زێدەتر بیت و کارخواز و خودان کار لڤێرە دگەهنە هەڤدو و هەردوو ئالی سودمەند دبن". ب دیتنا نێچیرڤان بارزانی هەبونا پێشانگەهێن هۆسا گرنگن. چونکی کار ، هیڤی و ژیان و دەسپێکا ئەزمونەکا نوی بۆ کەسە و خێزانەکێ دەستەبەر دکەت. کار گرێدایی پرسێن نیشتیمانییە و حەژیکرنێ بۆ ئاخ و وەلاتی بهێزتر دکەت و هێزا بەرگریێ و ڕوبڕوبوونا تەحەددایان دناخێ مرۆڤی دچینیت و باوەڕی بخۆ بوون و خەونێن مەزن دروست دکەت. هەلبەت ئەزمونێن وەلاتێن پێشکەفتی سەلماندییە کو ڕەخساندنا دەرفەتێن کاری نە تنێ ئەرکێ حکومەتێ یە، بەلکو کەرتێن گشتی و تایبەت و جڤاکیێ مەدەنی دشێن پێکڤە هەڤکاربن هەتا پتریا دەرفەتێن کاری دابین بکەن و پێدڤیە ل هەرێما کوردستانێ ئەڤ هەرسێ کەرتە باشتر پێکڤە هەڤکاربن و پلان و میکانیزمێن هەڤبەش دناڤبەرا واندا هەبیت ، هەتا ب باشترین شێوە بەشداریێ د ڕاستڤەکرنا دۆخێ بێکاریێدا بکەن.



یونس حەمەد ـ ئۆسلۆ

مێژوو چۆن خۆی دووبارە کردەوە؟!

لە گەرمەی قەیرانەکانی نێوان چوار ساڵی 2014-2018، بڕینی مووچە، شەڕی داعش، ئالۆزیی ناوخۆ وێڕای بە ئاشکرایی چوونی هەندێک کورد بۆ باوەشی بەغدا ، جگە لە دڕووستکردنی میدیایەک بۆ بەکارهێنانی دژ بە ئەزموونی کوردستان ، سەرەڕای هەموو ئەوانە حکوومەتی کوردستان بیری لەوە کردەوە نەوتەکەی بەدەستی خۆی بفرۆشێت و سەربەخۆیی ئابووری کردە ئامانجی سەرەکی بژێوی و بەڕێوەبردن، تا ڕادەیەکیش سەرکەوتوو بوو ، توانی لەم چوارچێوەیەدا خۆی ڕابگرێت ئەگەرچی کەموکوڕی هەبوو ، بەڵام مووچە ماوە ماوە بۆ فەرمانبەران دابین دەکرا.. جارێکیان بەمەبەستی فرۆشتنی نەوت، کەشتییەکی بارهەڵگری نەوتی کوردستان بەرەو بازاڕەکانی جیهان بەرێ کەوت، بەڵام بەهۆی سکاڵایەکی دەسەڵاتدارانی بەغدا و بەپاڵپشتی ئێران بارهەڵگرە نەوتییەکە دووچاری کێشە و گرفت بوو، لێرەدا سکاڵا تۆمارکرا، بە پێی ڕێچکەی دەستووری و یاسایی مافی کورد بوو.

لە ماوەیەکی کەمی پێش ئێستا ئەمجارەشیان میژوو خۆی دووبارە کردەوە ، بەڵام بە جۆر و شێوازێکی دیکە دووبارەبوونەکە ڕوویاندا ، کەشتییەکی نایاسایی کۆماری ئیسلامی ئێران بە ئاڵای وڵاتی پاناما بەرەو بەندەرەکانی جیهان بەڕێکەوت، ئەوەبوو لە کەنارەکانی(گیربلتاری) نزیک ئیسپانیا و ژێر دەسەڵاتداریتی بەریتانیای گەورە دەستبەسەرکرا کە بەگوێرەی لێدوانە فەرمییەکان کەشتییەکە بەهۆی سزاکانی ئەمریکا بۆسەر ئێران لەلایەک و ناردنی شت و مەک بۆ سوریا کە ئابلۆقەی نێودەوڵەتی لەسەرە دەستبەسەر کراوە ، ئەم کردەوە لە نێوەندە سیاسی و ئابووریەکاندا قسە و باسی زۆری لەسەر کرا، چ لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە پێشوازی لێکرد و یەکێتی ئەورووپا لەلایەک، کۆماری ئیسلامی لەلایەکی دیکەوە، بۆ ئەم مەبەستە ئێران بە فەرمی بالێوزی بەریتانیای سەبارەت بەم دەستبەسەرداگرتنە بانگێشت کرد، وەک دەزانین ئەمڕۆ گەورەترین چەک لە جەنگەکاندا بەکار دێن جەنگی ئابوورییە ، کە لەم سەردەم و زەمەنەدا بۆتە جێگرەوەی جەنگی بۆمب و تەقەمەنییە ترسناکەکان تا ڕادەیەکی باشیش سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، وەک چۆن لە ساڵی 1990 ئەم جەنگە بەسەر ڕژێمی سەدام تاقیکرانەوە ،دواتر ڕووخانی ساناتر بوو ، هەروەها چۆکدادانی کۆریای باکوورو دواتر گرتنەبەری ڕێگای دیالۆک ..میژوو لە زۆر خاڵ و حاڵەتدا دووبارەبوونەوەی خۆی نیشاندواوە ، ئەمەی ئێستا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کردوویانەتە سەر کۆماری ئیسلامی کردەیەکی جیهانییەو مەبەست لێی نەمانی بە پلە یەک چەکی ئەتۆمییە کە ئێران و زۆر وڵاتی دیکە بە نیازبوون خۆی لێبدەن، هەروەها لەباربردنی هەڕەشە و گوڕەشەیە کە دژ بە بەرژەوەندییەکانی جیهانی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەنجام دەدرێت. جا لێردەدا و مەبەست ئەوەیە نیشان بدرێت، ئەو سەردەم کوردێکی بێ پشت و پەنا و بێ دارایی و دانانی ئابلۆقەیەکی بەهێز وێڕای جەنگێکی بەهێز ، چونکە کورد لەسەر ماف بوو توانی زاڵبێت بەسەر گرفتەکاندا، ئەوەش بۆ میژوو دەسەلێندرێت هەر کات زوڵم لە کورد کرابێت ، زۆری پێنەچووە میژووەکە بە جۆر و شێوازێکی دیکە دووبارە بۆتەوە.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی (١) هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٢٨٢٤٩٩ بەروار ٢٠١٩/٦/٢٤ بەبری ٣٠٠٠٠٠ بەناوی ئومید ئاری حمدامین وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی هەولێر ژمارەی پسوولە ٠١٣٥١٥٧ رێکەوت: ٢٠١٦/٦/١٤ بەبری ٣٠٠٠٠٠ بەناوی حمدامین محمد حمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر بەشی یاسایی و گرێبەستەکان

ژمارە: ١٥٧٩٧

رێکەوت: ٢٠١٩/٨/٤

ئاگاداری

کەمکردنەوەی نهێنی/ ژمارە (٢)

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کەمکردنەوەی نهێنی بۆ پرۆژەی (دابین کردنی بانزین و گاز سەرجەم ئۆتۆمبێلی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) جا هەر کۆمپانیایەکی تایبەتەمند بە بەم کارانەی سەرەوە ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر/ بەشی یاسایی/ هۆبەی گرێبەستەکان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەرو مەرجەکانی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنەوەی ئەو تەندەرانە دەبێ لەنا و زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەلێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراوبێت و پێشکەش بەبەشی گرێبەستەکان لەدیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر/ بەشی یاسایی/ هۆبەی گرێبەستەکان بدرێ بکرێ وە دواکاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ رۆژی (سێ شەممە) رێکەوتی ٢٠١٩/٨/٢٠ دەبێت.

وە مەرج نییە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت.

تێبینی: نرخی تەندەر (٢٠٠٠٠٠) دوو سەد هەزار دینارە.

دکتۆر/ چەتۆ محمدامین محمد رشید

بەڕێوەبەری گشتی بەوەکالەت

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/٨/٥

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (ابوبکر صدیق عبداللە) لە بەروارى ٢٠١٩/٨/٤ کە داواى تۆمارکردنى ئامێرەکانى کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆى وئێستا دانەراوە لە (گوندى عەزە) و وسفەکانى لە خوارەوەدا دیارىکراوە، بۆیە ئەوکەسەى پەیوەندى بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنى یاسایى بگرێتەبەر بۆ سەلماندنى و گەواهیەك پێشانى ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستى راگرتنى تۆمارکردن لەماوەى پازدە رۆژدا، واتە رۆژێك دواى بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتى یەکلاکردنەوەى داواکەو ناڕازییوون بۆماوەى حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگاى پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانى تۆمار دەکرێت بەناوى داواکارى تۆمارکردنەکە بەگوێرەى یاسا دانووسى ژمارە (٣٣)ى ساڵى ١٩٩٨ و بڕوانامەى تۆمارکردنیشى پێ دەدرێت.

دادنووسى یەکەم

مریوان قرەنى ابراهیم

ئامێرەکان:

١- سێ دانە خەزانى خەزنى رۆنى ئۆتۆمبێل پریستۆن بێ ژمارەن دروستکراوى محلیین مۆدێل ٢٠١٩ توانای ٤,٥*K.W٣ / ١٥٠٠٠ و ١٥٠٠٠ و ١٠٠٠٠ لترى.

٢- تێکردنى رۆن بۆ ناو دەبە چوار چاوەیى بێ ژمارە دروستکراوى ئیرانى مۆدێل ٢٠١٥ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W١٠ + لێدانى قەپاغ.

٣- کەپس کردنى سلیفونى قەپاغى دەبە حرارى بێ ژمارە دروستکراوى ئیرانى مۆدێل ٢٠١٥ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای A١٠.

٤- دووداندە کۆمپرێسەرى هەوایى بێ ژمارەن دروستکراوى سینى+ئیتالى توانای ٤,٥+K.W٧,٥ + یەکى بچووك

٥- دووداندە شرینگى حرارى کەیسى نایلۆن بێ ژمارە دروستکراوى ئیرانى مۆدێل ٢٠١٥ توانای A٢*٢٠.

***

دادگاى بارى کەسایەتى لە دهوك

ژمارە/ ١٠٢٦ /ش/٢٠١٩

رێکەفت/ ٤ /٨ /٢٠١٩

راگەهاندن

بو/داوالێکراو (هکار ایوب محمد) ل دویف داخازیا داواکار (ژیان محمد سعید علی) وکێشا ژمارا وێ ل سەرى دیار کرى تێدا داخازا بژێوى ژتە کریە وژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجى بوونا تە بو دادگەهێ ل دویف نڤیسارا بەربژارێ تاخن شورش ل رێکەفتى ٢٠١٩/٧/٣٠ ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهدارىا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادە بى ل روژا ٢٠١٩/٨/١٩ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادە بکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەهـا تە پاشەملى هێتە کرن

دادەر/ زیرڤان احمد حسین

***

دادگەها بارى کەسایەتى ل سێمێلێ

ژمارە/ ٣٥٧/ش/٢٠١٩

رێکەفت/ ٤/ ٨/ ٢٠١٩

ئاگەهدارى

بۆ داوالێکراو (سربست رمضان مصطفى) جهێ ئاکینجى بوونى نەدیارە بریار هاتە دان ژلایێ ڤێ دادگەهێ دکێشا ژمارە وى ل سەرى دیارکرى ژێك جوداببوون ژتە دکەت(تفریق) تە وداواکار (افین مجید اسماعیل) وژبەر کو جهێ ئاکنجى بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهدارىا هەلبژیر ودەستەکا هەلبژارتنا ل قەزا زاخو تاخن نەوروز ئەڤ بریار بەلاڤەکر وتە مافێ نەرازیبونێ وپیداجوونێ ل سەر بریارى هەیە بۆ ماوى (١٠) دەە روژا ژبەلافکرنا روژنامێ بەروڤاژى بریار دێ دوماهیك ئیت

دەرهەقى تەدا ل دیف یاسایى

دادەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم

***

دادگاى بارى کەسى هەولێر/٢

ژمارە: ٤٥٢/ش/٢٠١٩/٢

بەروار: ٢٠١٩/٧/١٧

جاڕدان

بۆ/داوالێکراو (زلوح موسى برکات) شوێنى دانیشتنت نادیارە

دادگا لەداواى ژمارە (٤٥٢/ش/٢٠١٩/٢)وە لەبەرواری ٢٠١٩/٦/٢٣ بڕیاریدا لەسەر (تصدیق الطلاق خارجى) لەنێوان تۆو داواکار (محمد فارس محمد عیسى) لەبەر ئەوەى شوێنى دانیشتنت نادیارە بەپێى اشعارى موختارى گەڕەکى (هەولێر- گلکند)، بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت بەهۆى دوو رۆژنامەى ناوخۆیى رۆژانە و تۆ مافى نارەزایى و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەى یاسایى ١٠ دە رۆژ لەرۆژى بڵاوکردنەوەى ئەم جاڕدانە، بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەى بنبڕ وەردەگرێت.

دادەر/طارق حسن کریم

***

دادگاى بارى کەسێتى لە شارەزور

ژمارە : ٢٠٧ / ش /٢٠١٩

بەروار : ٣٠ / ٧ / ٢٠١٩

ئاگادارى

داواکار : جعفر رشید مارف

داوالەسەرکراو : شلیر عبدول حمه مراد

بۆ داوالەسەرکراو (شلیر عبدول حمه مراد) کە ئێستا ناونیشانت نادیارە، دادگا ئاگادارت دەکات کە داواکار (جعفر رشید مارف) داواى شەرعى ژمارە (٢٠٧ / ش /٢٠١٩) ى لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە و تیایدا داواکار داواى (استرداد حصانە) ، وە لەبەر ئەوەى کە ناونیشانت نادیارە، دادگا لە رێى دوو رۆژنامەى ناوخۆیى رۆژانەوە ئاگادارت دەکات کە خۆت یان بریکارێکت لە رۆژى دادبینى ٢٠١٩/٩/٢ کاتژمێر (٩) لەم دادگایە ئامادەبن وە بە پێچەوانەوە دادگا لەسەر دادبینى خۆى بەپێى یاسا بەردەوام دەبێت.

دادەر / صلاح الدین احمد عارف

***

فەرمانگەى دادنوسى سلێمانى/١

تۆمارى ئامێرەکان

ئاگادارى

بەپێى ئەو داواىەى لەلایەن (دیارى حمە سعید علی) پێشکەش بە فەرمانگەکەمان کراوە خاوەنى کارگەى (فرنى تۆتۆماتیکى نەوژین بۆ دروست کردنى صمون) لە بەرواری (٢٠١٨/١١/٣١) داواى تۆمارکردنى ئەو ئامێرانەى کردووەکەلە سلێمانى /کازیوە دانراون کە ئامێرەکانیان لەخوارەوە دیارى کراوە بەپێ ى یاساى دادنوسى ژمارە (٣٣) ساڵى (١٩٩٨) بەرکار لە هەرێمى کوردستان بڵاو دەکەینەوە هەرکەسێ خۆى بە پەیوەندیدار یان خاوەنى هەرێەك لەو ئامێرانە دادەنێ لەماوەى (١٥) پانزە

گەڕەکى (صلاح الدین) لە شارى هەولێر بۆیە دادگا بڕیارى بە پێراگەیاندنت بەهۆى دوو رۆژنامەى ناوخۆیى تۆمارى دەکەین و بڕوانامەى تۆمارى ئامێرەکانى پێ ئەدرێت.

ئامێرەکان :-

١- ئامێرى فرن چوارخانەى جۆرى مرشد گوهر /ئێرانى /کارەباى و گازى ژمارە/ ٢٠١٧/٩٥٧٢٠٤٩

٢- ئامێرى هەویرشێل/ ١٠٠کغم /تورکى / جۆرى ALTUN TOP /ژمارە ٤١

دادنوس/ فاروق کلان شریف

***

دادگاى بارى کەسایەتى لە دهوك

ژمارە: ١٠٢٣/ش/٢٠١٩

رێکەفت: ١/٨/٢٠١٩

راگەهاندن

بۆ داوالیکراو/ اڤین محسن عمر

ل دیف داخازیا داواکار (بدرالدین مجید یونس) و کێشا ژمارا وێ لسەرى دیاکرى تێدا داخازیا (تصدیق طلاق خارجى) کرى و ژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجى بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژارێ دهۆك/ تاخى ئێتون ئەڤجا بریار هاتەدان کو ئاگەهدارىا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادەبى ل روژا (٢٠١٩/٨/٢٠) یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەهـا تە پاشەملى هێتە کرن.

القاضی/ مروان عادل اسماعیل

***

دادگاى بەرایى هەولێر/١

ژمارە/ ١٦٩٤/ب/٢٠١٩/١

رێکەوت: ٤/٨/٢٠١٩

جاڕدان

بۆ/ داوالێکراو (فرهاد انور مولود) داواکار (فریا محمد علی) داواى ژمارە (١٦٩٤/ ب/٢٠١٩/١)ى لەم دادگایە تۆمارکردووە لە سەرتان وە لەبەر ئەوەى شوێنى دانیشتنت نادیارە بەپێى اشعارى مختارى (پارێزگاى هەولێر/ گەرەکى زانایان و هەڤالان) لە ٢٠١٩/٧/١٦ بۆیە ئەم دادگایە بریارى دا بە پێراگەیاندنت بە ئامادەبوونى خودى خۆت یاخود بریکارى یاساییت لە دادبینى (٢٠١٩/٩/٩) بە پێچەوانەوە دادبینى ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەپاشملە.

دادەرى یەکەم / مجید سعید برادۆستى

***

دادگاى بارى کەسى هەولێر/١

ژمارە:١٤٠٨/ش/٢٠١٩/١

رێکەوت:٤/٨/٢٠١٩

جاردان

بۆ داوالێکراو (رێژنە کریم محمدامین) شوێنى دانیشتنت نادیارە

دادگا لە داواى ژمارە (١٤٠٨/ش/٢٠١٩/١) وە لەبەرواری (٢٠١٩/٧/٢٣) بڕیاریدا بە (تصدیق الطلاق) بۆ هاوسەرەکەت (هەژار جادر مصطفى) وە لەبەر ئەوەى شوێنى دانیشتنت نادیارە بەپێى ئیشعارى موختارى (٢١ و ٣٢ و ٣٣) کەرتى ٦٤/فلۆن هاوولاتیان (احمد و سعید منداڵانى طە حمد و پوشو و دینو منداڵانى قادر حمد و ئارام و دەشتى منداڵانى پوشو قادر و دراو چیایى و پشتیوان و نوزاد منداڵانى احمد طە و محمد و زیاد منداڵانى رسول احمد و عمر و بهار و گوڵناز و شیلان و صباح و کوپر و خناو و خونچە و ئاواز منداڵانى حسین یاسین و حسین یاسین رسول) دەکەینەوە کەوا لێژنەى بڕیارى (٢٢٢) ساڵى ١٩٧٧ هەڵدەستێت بە کۆژاندنەوەى پارچە زەوى ئامارە پێکراو بۆ بەرژەوەندى وەزارەتى کارەبا/ بەرێوەبەرایەتى گشتى گواستنەوە جا بە خۆتان یان بریکاردارتان ئامادەبن لە رۆژى ٢٠١٩/٩/١ بۆ کەشف بۆ سەر پارچە زەویەکە ئەگەر نا بە پێچەوانەوە لێژنەکە کارى یاسایى خۆى ئەنجام دەدات.

د.عبدالرحیم عمر مصطفى

سەرۆکى لێژنە

***

بەڕێوەبەرایەتى جێبەجێکردنى/هەولێر

ژمارەى دۆسیە/٢٠١٨/٢٦٤٨

رێکەوت/٢٠١٩/٨/٥

جاڕدان

بەڕێوەبەرایەتى جێبەجێکردنى هەولێر مولکى ژمارە ١٥٩/٣٤٥٨ ك ٤٥ وارش کە کەوتوەتە کەرتى ٤٥ وارش دەفرۆشێت, خاوەنەکەى قەرزار نقیب مصطفى احمد کە گلدانەوەى خراوەتەوە سەر لەجیاتى قەرزى کاروان عبداللە قادر بەبڕى/ ٥٣٧,٦١٤,٤٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سى رۆژ لە رۆژى دواى ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەى یاسایى کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتى ولاتنامەى عێراقى ئامادە بێت و پارەى تۆمارکردن و دەڵالیش لەسەر کرپیارە.

جێبەجێکارى داد / هەردى حمدامین همزه

١ – شوێن و ژمارەى/ هەولێر بەرامبەر مالى ئەمیرى کۆمەڵ ١٥٩/٣٤٥٨ ك ٤٥ وارش

٢ – رەگەزو جۆرى/ مولکى تەواو- هەولێرى نوێ ١٥٩

٣ – سنوورو ئاگادارى/ وەك لەنەخشەکەدا هاتووە

٤ – پێکهاتەکەى/ پێك هاتەکەى سەر مولکى سەرەوە پێك دێت لە سوپەر مارکێتێکى گەورە ژێرەوەى ژێرزەمین و لە دووبەزم پێك دێت نهۆمى یەکەم هۆلێکى گەورەى سوپەرمارکێتە سەرەوەى دوو ژوورو حمام و مرافق و هۆل رووبەرى گشتى پێکهاتەکەى ١٢٠٠م٢ ١٨٦,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن بەشى قەرزار خەملێنراوە دینار.

٥ – رووبەرەکەى/٤٠٠ م٢

٦ - پلەى ئاوەدانکارى/

٧- نیشتەجێکەى/

٨ – نرخى قرساو/ ١٨٦,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن بەشى قەرزار خەملێنراوە دینار.

***

ئاگادارى

ئاگادارى گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیاى (فاربن) بۆ (بازرگانى گشتى – هێنان و بردن/ سنوردار) بڕیارى پاکتاوکردنى کۆمپانیاى داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکى لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەى یاسایى دا ئاگادارى بەڕێوەبەرایەتى گشتى تۆمارکردنى کۆمپانیاکان بکاتەوە لە (پارێزگاى دهوك)

پاکتاوکار/ على عرب حسین

ناونیشان/ دهوك – زاخو

ژمارەى مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٧٣٨٦٩٨

ئیمیل: gmail.com@Lawyerali٩

ئاگادارى

ئاگادارى گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیاى (کاوان) بۆ بازرگانى گشتى و بازرگانى کەل و پەلى و بزوێنەرى سیستەمى غاز/ سنوردار) بڕیارى پاکتاوکردنى کۆمپانیاى داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکى لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەى یاسایى دا ئاگادارى بەڕێوەبەرایەتى کۆمپانیاکانى هەولێر بکاتەوە لە شارى (هەولێر- جووت سایدى بەختیارى- تەنیشت سوپەرمارکێتى ماجستى) بۆ یەکلایکردنەوەى کێشەکان.

ل. پشتیوان مصطفى قادر

بەڕێوەبەرى کۆمپانیاکان هەولێر

بەڕێوەبەرایەتى گشتى تۆمارکردنى کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتى کومپانیان دهوك

بەشێ کومپانییێن نیشتیمانى

ژمارە / ٣٦٨٠

رێکەوت / ٢٠١٩/٨/١

بریارا پاکتاوکرنا کومپانیا (سنوردار)

پاڵپشت بە ناڤەرۆکا بریارا دەستەیا گشتى یا کومپانیا (فاربن) بۆ (بازرگانى گشتى – هێنان و بردن/سنوردار) ل رێکەفتى (٢٠١٩/٧/٢٤) ێ تایبەت بە دانانا کومپانیێ ل ژێر پاکتاوکردنێ دا و دانانا بەرێز (على عرب حسین) وەکو پاکتاوکەرێ کومپانیا ناڤبرى .

ئەز وەکو رێڤەبەرێ کۆمپانییێن دهوکێ بریارا سەرى پەسەندکەم ب مەرجەکى بهێتە بەلاڤ کرن لدیڤ ئەحکامێن ماددەیا (١٦٠) ێ ژ یاسایا تومارکرنا کومپانیا یا ژمارە (٢١) ێ سالا (١٩٩٧) ێ یا هەموارکرى

وئەڤ بریارە هاتیە نڤێسین ل رێکەفتى ٢٠١٩/٨/١

مافپەروەر / شێروان حیتو عبدالرحمن

رێڤەبەرێ کومپانیان / دهوك

ئاگەهدارى

ئاگەهدارىا گشت لایەکى دکەین کۆ کومپانیا (مسعود صالح سعید) یا (پارە گهورینێ / تاك) بریارا گهورینا (ناڤ وجورێ کومپانیى) دایە ژ کومپانیا (مسعود صالح سعید) یا (پارە گهورینێ / تاك) بۆ کومپانیا (طریق المجد) یا (پارە گهورینێ / سنۆوردار) لەوما هەر کەسەکى نەرازى بیت یانژى مافەکێ یاسایى ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایى دا سەرەدانا رێڤەبەریا کومپانیا لدهوکێ بکەت ل (باژێرێ دهوکێ - جادا مازى) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان

مافپەروەر/ شێروان حیتو عبدالرحمن

رێڤەبەرێ کومپانیان لدهوك

بەڕێوەبەرایەتى گشتى تۆمارکردنى کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتى کۆمپانیاى هەولێر

بەشى یاسا

ژمارە: ١٤٣٢٥

رێکەوت: ٢٠١٩/٨/٤

بڕیارى پاکتاوکردنى کۆمپانیا (کاوان) بۆ بازرگانى گشتى و بازرگانى کەل و پەلى و بزوێنەرى سیستەمى غاز/ سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکى بڕیارى دەستەى گشتى کۆمپانیاى (کاوان) بۆ بازرگانى گشتى و بازرگانى کەل و پەلى و بزوێنەرى سیستەمى غاز/ سنوردار) لە رێکەوتى (٢٠١٩/٧/٢٩) تایبەت بەدانانى کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانى بەڕێز (ارام کریم علی) بەپاکتاوکارى کۆمپانیاى نابراو, من بەڕێوەبەرى کۆمپانیاکانى هەولێر بڕیارى ناوبراوى سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێى ئەحکامى ماددەى (١٦٠) لەیاساى تۆمارکردنى کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵى ١٩٩٧ى هەموارکراو.

ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٨/٤

ل. پشتیوان مصطفى قادر

بەڕێوەبەرى کۆمپانیاکانى هەولێر

شۆڕشەواری زیندانی زۆحاک* دەربڕین لە کام سەردەمی میژوویی دەکات؟

کەمال نوری مەعروف

پێشەکی:
گەرانێک بە هەندێک ناوچەی پارێزگای سلێمانی، (3) گۆڕی بەردینی سەردەمە کۆنەکانی میژوو دەکەونە بەرچاو، لەوانە نەخشە هەڵکۆڵکراوەکەی قزقەبانی گوندی زەرزی لە چەمی ڕەزان و ئەشکەوتی کوڕ و کچ کە دەکەوێتە بەشی خۆرهەڵاتی گوندی گەورە دێ لە ناوچەی بازیان و زیندانی زۆحاک کە دەکەوێتە بەشی خۆرهەڵاتی گوندی نەوێ(1) لە بناری شارەزوور لە شاخی سورێن، کە سەر بەناوچەی خورمالّە. جگە لەوانەش هەندێک گۆڕی بەردینی تر هەن کە بلێتون بەناوچە جیاجیاکانداو بۆ سەردەمێکی دواتر لەوانەی پێشوو دەگەڕێنەوە.

ئەوەی لێرەدا پەیوەستە بەم نووسینەوە دەمەوێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەم، پاشماوە شوێنەوارییەکەی زیندانی زۆحاکە. بەو هیوایەی بتوانین تیشکێک بخەینە سەر میژووی سەردەمەکەی، تاوەکو نیشانی بدەین کە، بۆ کام سەردەم دەگەڕێتەوە. بۆ ئەوەی لەو مشتومڕە رزگاری بکەین کە هەریەکەو بەجۆرێک ڕاڤە لەمیژووەکەی دەکات، بێئەوەی بتوانن ڕاستییەکەی بپێکن.

شوێنی زیندانی زۆحاک:
پاشماوە شوێنەوارییەکە، دەکەوێتە بەشی خۆرهەڵاتی گوندی نەوێ. گوندەکەش لەبەشی خوارەوەیدا دەکەوێتە نێوان دوو زنجیرە شاخ کە لەنێوانیاندا دەربەندێکیان پێکهێناوە، بەشی دواوەی دەگاتەوە بەزنجیرە شاخێک کە هاو سنوورە لەگەڵ بەشی خۆرهەڵاتی کوردستانی ئێران. لە دەربەندەکەدا دوو جۆگە ئاو لە دوو سەرچاوەی جیاوە بەرەو خوارەبنەوە، دواتر یەکدەگرنەوە دەبنە چەمێک، و سوودی گەورەیان بۆ ژیانی دانیشتوانی گوندەکە بەتایبەتی لە بواری کشتوکاڵدا هەبووە. کە بوونەتە ناسنامەی میژوویی بۆ گوندەکە و هەتاکو دەگاتەوە بەرۆژگاری ئەمڕۆمان.
هەڵکەوتەی گوندەکەش بەپێی گرنگی شوێنەکەی، ڕۆڵی گەورەی هەبووە لەڕووی شارستانیەتی میژوویییەوە. ئەوەش بەهۆی ئەوەی شەپۆلی شارستانیەتی شیوی نێوان دوو ڕوبار لەدەشتی شارەزووری(2) پڕ پاشماوەی شوێنەوارەوە کە ڕەنگدانەوەی ئەو شارستانیەتەیان بەسەرەوەیە، لە ڕێگای گوندەکەوە گەیشتووە بەدیوی ئێران. لەوێشەوە هەر لەو ڕێگایەوە شەپۆلێکی تری شارستانیەت، بەتایبەتی لەسەردەمی گواستنەوەی کەلتوری هێلینی لەسەدەی (3) پ.ز، دوای هێرشەکەی ئەسکەندەری مەقدۆنی بەرەو لای شیوی نێوان دوو ڕوبار بووەتەوە.
بۆ گەیشتن بەشوێنی پاشماوەی شوێنەواری زیندانی زۆحاک، دەبێت ڕێگای سەیدسادق- شانەدەری بگرین، پاشماوەیەکی کورت لای ڕاستی ڕێگایەکی تر لەناو گوندی شانەدەری دەگرین، دەمانگەیەنێتە گوندی نەوێ کە، کەمتر لەکاژێرێک دەخایەنێت، لەوێشەوە بەئۆتۆمۆبێل ڕێگایەکی بەردەڵێنی دەگرین دەمانگەیەنێتە بەشی خۆرهەڵاتی گوندەکە کە دێهاتێکی جوانی هەیەو پڕ دارو درەختەو سەرچاوەی ئاوی بەردەوامی هەیە، لێرەوە بۆ گەیشتن بەزیندانی زۆحاک بەهۆی ئەوەی ڕێگای ئۆتۆمبێل نامێنێ بەپێ دەگەینە هەندێک لایەنی ئەو شوێنەوارە بە پێویستی دەزانین ڕوونکردنەوەی لەسەر بدەین، کە ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتەوە:
1- پاشماوە شوێنەوارییەکەی زیندانی زۆحاک کە ئەو ناوەی لێ نراوە، دەبێت لەوە ئاگادار بین کە گۆڕێکی ئاساییەو بۆ دانانی لاشەی مردووەکە دروستکراوە، بەڵام لەگەڵیدا کە ناوی زیندان هاتووە، شێوەیەکی هەڵەی وەرگرتووە، بەمانا دەبێت کەسێکی تێدا زیندانی کرابێت، ناوی زیندانیش بۆ ئەمڕۆمان وشەی بەندیخانەی بۆ بەکاردەهێنرێت.
2- ناوی زۆحاک، هەروەکو لەوەو بەر ئاماژەمان دا لەمێژووی دێرینی ئێراندا پادشایەک بەو ناوە نەبووە. لەمێژووی کۆنیشدا کە تایبەتە بەسەردەمی ماددەکان (-700 550پ.ز) ئەو ناوە لە (ئاستیاگسی) دوا پادشای ماد نراوە (550-585پ.ز)، بەهۆی ئەوەی نێوانی لەگەڵ دەوروبەرەکەی باش نەبووە، بەتایبەتی ئۆرارتێیەکان، هەروەها دوژمنایەتی زۆریشی لەگەڵ هاخامەنشییەکانیشدا بۆ ڕۆژگاری کۆرشی دووەم، یان کاوەی ئاسنگەر بووە، بۆیە هەردەم بەخوێنمژ ناویان بردووە، وەکو ئەوەی لەشانامەدا باسی هاتووە.
3- هەروەکو باسمانکرد، سەردەمی ئەو پادشایە خۆرپەرستی بووە. ئەوەش ئەوە دەگرێتەوە، ماددەکان لەسەر ئایینی میترایی بوون. ئەو دیاردەیە بەلای منەوە بەردەوامی بووە هەتاکو پەیوەستبێت بەئایینزای ڕۆژگاری مردووەکە. لەتەنیشتییەوە بۆ لای چەپی هەر لەو بەرزییەدا، چوارچێوەی تاقێکی چوارگۆشەی قوواڵ دەرهێنراوە کە بۆ ئەو ڕۆژگارەی مردووەکە بەشێک بووە لە داپو نەریتەکە تایبەت بووە بە پێداویستییەکانی.

ڕامان لەسەر زیندانی زۆحاک:
هەروەکو لای شارەزایانی شوێنەوار ئاشکرایە، ناوچەی سلێمانی بەهەر لایەکیدا بڕوانیت گۆڕی بەردینی هەڵکۆڵراو زۆرن، بەڵام سەردەمەکانیان بەپێی میژووەکانیان جیاوازی دەکەوێتە نێوانیانەوە، لەوانە گۆڕە بەردینەکانی ناوچەی بازیانو شاخی باوەشاسوار لە کفریو تازەدێ لەناوچەی قەرەداغ و ناوچەی بانی خێلێن لەدەربەندیخان!
ئەمانە لە تەمەنی میژوویاندا ناچنەوە سەر گۆڕەکانی قزقەبانو هاوتەمەنی لەوانی تر. بەڕاوردێک لەنێوان ژووڕەکەی ئەشکەوتی کوڕو کچو ژووڕەکەی ئەشکەوتی مانای ئەوەمان پێدەدات کە جۆرێک لەباوەڕهێنانە بەزیندووبوونەوەو گەڕانەوە بۆ ژیانێکی تر.
لەبەر تیشکی ئەو ئەنجامەی پێیگەیشتین، ئەو هونەرمەندە، یان پەیکەرتاشەی کۆن، هەر کارێکی لەو شێوانە ئەنجامدا بێت، هونەرەکەی بەشێک بووە لەکاری هێماسازی کە بەکردەوەیان دەتوانین ناسنامەی کەسەکەو سەردەمەکەی لەسەر دیاری بکەین.

ڕووە میژووییەکەی زیندانی زۆحاک:
ئێمەی شوێنەوارناس، کاتێک قوتابی بووین لەبەشی شوێنەواری کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا، مامۆستاکەمان، تەقی دەباغ، زۆرجار پێیدەوتین: ناو لەپاشماوەی شوێنەوارییدا، بەڵگەی گەورەت پێدەدات لەساخکردنەوەی سەردەمی شوێنەوارەکە.
من لەباسی زیندانی زۆحاک دا، دەچمە سەر ئەو پرسەو کە (نەوێ) گوندێکی ئاوەدان بووە، بەتایبەتی لەڕۆژگاری ساسانییەکاندا (227-651ز) و پڕ دانیشتوان بووە.
بەڵگەی دەستیشمان دوای سەیرکردنو وردبوونەوە لەو پاشماوانە، ئەوە دەردەکەون کە لەڕووی ئەندازیارییەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان دەگەڕێنەوە واتە سەدەی پێنجەمی زایینی بەدواوە.
ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئاوی زۆرو فراوانی زۆری زەویو زاری گوندەکە، بەتایبەتی لەبەشی ڕۆژئاوایدا، کە بۆ کشتوکاڵ دانیشتوانەکەی لەخۆشگوزەرانیدا ژیاون.
گەڕانێک بەناو ئەو پاشماوانەدا کە بۆ هاڕینی دانەوێڵە بوون، دەرکەوت بەهەندێکیانەوە دەستی چاککردنیان پێوە دیارنو بەردەوامیشیان بووە، پێدەچێت هەتاکو سەردەمی ئیسلامی دوایین هەر هەبوون.
6- بەراوردێکی تر لەنێوان کلۆم کردنی دەرگای زیندانی زۆحاک بەئەشکەوتی کوڕو کچ و قزقەبان بەو قۆڵە بەردینەی، وا دیارە هەرسێکیان پاشماوەی کەلتورێکیان هەبێت. ئەو جۆرە داخستنەی دەرگاش لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا، تەنیا لە هەندێک لەگوندە دواکەوتووەکانی کوردستاندا ماون. ئەمەش دیاردەیەکە بەگۆڕە بەردینەکەی قەڵێی (زێوی) شەوە دیارە کە بۆ میرێک، یان پادشایەکی سکایی دەگەڕێتەوە، بۆیە پێدەچێت کەلتوری دروستکردنی ئەم جۆرە گۆڕانە دەتوانین را لەسەر زیندانی زۆحاک بدەین، کە بۆ (550) (3)ی پ.ز دەگەڕێتەوە. بەو بۆچوونە لەگەڵ ڕای مامۆستایان (تەها باقر) و (فۆئاد سەفەر) یەکدەگرینەوە.

پەراوێزەکان:
* بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەو پاشماوە شوێنەوارییە، ڕۆژی 2019/6/15 لەگەڵ بەڕێزان ڕەوف ئالانیی و سەلام مستەفای شاعیر سەردانمان کرد.
1- نەوێ: هەرچەندە ناوی گوندەکە لەسەرچاوە میژووییەکاندا ساغکردنەوەی لەسەر نەهاتووە، بەڵام پێدەچێت لەنزماییەوە هاتبێت. ئەوەش لەسەیرکردنی شوێنی گوندەکە دەردەکەوێت کە نزمە، واتە لەگەڵ پانتایی دەشتەکەدا یەکیگرتووە. لەوانەشە (نەوێ) لەناوێنەوە سەرچاوەی هەڵگرتبێ، بەمانای بەپێی شوێنەکەی، ناوەکەی لێنرابێت، کە کەوتووەتە نێوان دوو زنجیرە شاخ و خانووەکانی گوندەکە دەکەونە دامێنییەوە.
ئەگەر بۆچوونەکەمان ڕاست بێت، ئەوە دەگرێتەوە کە ناولێنانەکەی نوێیەو پەیوەندی بەکۆنی گوندەکەوە نییەو ناوە کۆنەکەی بە بەڕاورد بەشوێنەوارەکانی نەزانراوە. کە لەوانەیە داهاتوو بەهۆی کنەو پشکنینی شوێنەوارییەوە بتوانین زانیاری لەسەر وەربگرین.
2- ناوی شارەزوور، هەتاکو ئێستا بۆمان ساغ نەبۆتەوە لەچییەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە. زۆریش لەشارەزایانی میژۆو و زمان لەسەریان نووسیوە.
بڕوانە: جمال بابان، اصول اسماو المدن والمواقع العراقیە، بغداد 1989ص 181-183.
لەوانەشە: ناوی شارەزوور لە (دور- ئاشوور)ی ئاشوریییەوە هاتبێ کە لەسەردەمی نوێ پ.ز ئاشور ناسرپالی دووەم لەناوچەی بێستانسوور لەسەر پاشماوەکانی شاری ئاتلیلای لۆلۆیی دروستی کردبێت، بۆ کۆکردنەوەی دانەوێڵە بەئامانجی زیاتر مانەوەی لەناوچەکەدا بۆ دڕێژەپێدانی شەڕی لەگەڵ لۆلۆییەکاندا. چونکە ناوچەکە ناسراو بووە بەهۆی پیتو بەرەکەتی خاکەکەی، دانەوێڵەی بەباشی تێدایە بەرهەم هێنراوە.
2- طە باقر وفوئاد سفر، المرشد الی مواطن الاثار والحضارە، الرحلە الرابعە، بغداد- کرکوک- السلیمانیە، بغداد 1965 وزارە الثقافە



گۆڕە بەردینەکانی سەردەمی ماد، کە لە (قزقەبان) و (کوڕوکچ) و (زیندانی زۆحاک) خۆیان دەبینێنەوە.



سودان..

ئەنجوومەنی سەربازی و هێزەکانی سەربەخۆیی و گۆڕانکاری ڕێککەوتن

ئا: عەبدولقادر کەڵهۆڕ

ناڤبەرە ئەفریقاییەکەلە تەنگژەی سودان محمد ئەلحەسەن ولد لەبات بەرەبەیانی ڕۆژی 3 ئاب 2019 ڕایگەیاند، ئەنجوومەنی سەربازی سودان و هێزەکانی سەربەخۆیی و گۆڕانکاری لە هەمبەر دەستوور گەیشتوونەتە ڕێکەوتنی تەواوەتی. هەر لەو ڕووەوە ئاژانسی دەنگوباسی سودان (سونا) لە زاری ولد لەبات ڕایگەیاند، ناوبراو دوای هاتنە دەرەوەی لە هۆڵی ئەلسەداقە لە خەرتوم لە نێوان ئەنجوومەنی سەربازی و بزوتنەوەی (الاحتجاج) ڕایگەیاندووە، هەردوولا لە هەمبەر بەڵگەنامەی دەستوور بەتەواوەتی گەیشتوونەتە ڕێکەوتن و لەسەر ئەو بنچینەیە دانوستانەکان دەدەن بە گفتوگۆکانیان دەدەن بە مەبەستی ئامادەکردنی ڕێو ڕەسمی ئیمزاکردنی ڕێکەوتنەکە لە بەرانبەر گەلی سودان و وڵاتانی ئەفریقیایی دروستن و هەموو جیهان. دواتریش ولد لەبات سوپاسی هەموئەو کەسو لایەنانەی کرد کە هاوکاریان بوون لە گەیشتن بە ڕێکەوتنە.لەلایەکی دیکەوە، هەریەکە لە عومەر دقێر و بابەکر فەیسەڵ لە ئەندامانی دانوستانەکان لە هێزەکانی سەربەخۆیی و گۆڕانکاری لە لێدوانێکی ڕۆژنامەنووسی بۆ ئاژانسی دەنگوباسی سودان (سونا) دووپاتیانکردەوە، ئێوارەی یەکشەمە ڕێورەسمی ئیمزاکردنی ڕێکەوتنەکە ئەنجامدەدرێت و دواتریش ئامادەکاری دەکرێت بۆ دیاریکردنی کات و ڕۆژلا ئیمزا کردنی ڕاگەیاندنی دەستور بە بەرچاوی هەموو دەوڵەتانی ئەفریقیا وجیهان لەو چوارچێوەدا سەرچاوە میدیاییەکان ئاشکرایانکرد، لە ڕەشنووسی دەستوورە ئامادەکراوەکە هاتووە، هێزەکانی پالپشتی خێرا دەکەوێتە ژێر فەرمانی ڕاستەوخۆی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی سودان . هەروەها دەزگەی هەواڵگری سودان لە ژێر سەرپەرشتی هەردوو ئەنجوومەنی سەروەری و وەزیران دەبێت.جێی باسە، هێزەکانی پالپشتی خێرا کە سەرۆکی ئەنجوومەنی سەربازی فەریق محمد حمدان دەقلۆ ڕابەرایەتی دەکات و بەزۆرترین شوێنی سوداندا بڵاو بووەتەوە، بەردەوام هاووڵاتیان نارەزایان بەرانبەر دەدەبری و بەوە تۆمەتباریان دەکرد کە سەرپێچی و زێدەڕۆیی دەکات.

ئەو ڕێکەوتنە دوای دوو ڕۆژهات لە کۆژرانی چوار خۆپیشاندەر بە گوللەی هێزە ئەمنیەکان کاتێک بەشدار بوون لە ڕێپێوانێک لە شاری ئۆم دەرمان لە نزیک خەرتومی پایتەختی سودان، کە ئەوانیش بەهۆی کۆژرانی شەش کەسی دیکە لە خۆپیشاندانێک لە سەرتاپای سودان لە شاری ئەلئەبیەز لە ناوەراستی سودان، کە لە نێوانیاندا چواریان قوتابی بوون .دانوستانەکان بەردەوام بوون لە پێناو پاریزبەندی تەواو کە ژمارەیان سوپا داوایان دەکردو دەسەلاتەکانی ئەنجوومەنی سەروەری هاوبەش و بڵاوبوونەوەی دیاردەی چەکداری لە سەرتاپای سودان. میدیاکان ئاشکرایان کرد دوای ڕێ:ەوتنەکە و وتەکەی لەبات، لاینە سەربازیە دانوستان کارەکان دەستپێ هۆڵی دانوستانەکەیان بەجێهێشت، لە بەرانبەردا ئەندامانی شاندی دانوستانکاری هێزەکانی سەربەخۆیی و گۆڕانکاری لەناوهۆڵەکە مانەوە بۆ پیرۆزباییکردن، لەوبارەوەش ئیبراهیم ئەمین کە یەکێک بوو لە شاندانی بەشداربووی دانوستانەکان بە ئاژانسی فرانس پریسی ڕاگەیاند، لەسەر پرسە هەستیارەکانی وەکو سەربەخۆی و ئەمن و سەروەری و دادوەری و دەسەلاتەکانی ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنی سەرەڕین ڕێکەوتین، هەر ئەوانەش ن دەبنە بنەمای دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەدەنی.

جێی بیرهێنانەوەیە دوای، لەسەرکارلادانی عومەر حەسەن ئەلبەشیر سەرۆکی سودان لەسەر دەسەلات، قوناغێکی نوێ هاتە بەردەم دەوڵەتی سودان، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەدەنی و ماوەیەکە و ئەنجوومەنی سەربازی سودان کە لە ژەنەرالەکانی سوپای ئەو دەوڵەتە پێکهاتووەو ڕۆڵیان هەبوو لە پالپشتیکردنی هاوولاتیان وەستانەوە لە دژی عومەر ئەلبەشیر، لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن کە خۆی لە هێ.دکانی سەربەخۆیی و گۆڕانکارییەکان دەبینێتەوە لە ململانێدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەدەنی بۆ سودان، لەو چوارچێوە چەند ویستگەیەکی هەستیاریان بڕی و چەندین جاریش بوونە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی توندو هاوولایتانی سودانی بوونە قوربانی، دواتر بەهۆی گوشاری وڵاتانی ئەفرقیا و جیهان هەردوو لایەن دەستیان بە گفتوگۆو دانوستان کرد و لە دواجاریش گەیشتنە ڕێکەوتنی یەکجاری.

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1815:
نەرویج و سوید بوون بە یەک وڵات ، ئەمەش تا ساڵی 1905 دردێژەی کێشا.



سالی 1945:
ئەمەریکا بە بۆمبی ئەتۆمی شاری هیرۆشیمای ژاپۆنی بۆردومان کرد و لە ئەنجامدا 80 هەزار کەس کوژران.



سالی 1990:
دوای داگیرکردنی کوێت، نەتەوە یەکگرتووەکان سزای ئابووری بەسەر عێراقدا سەپاند .



سالی 1991:
لە پاریس ، شاپور بەختیاری دوایین سەرۆکوەزیرانی ئێرانی بەر لە بەرپابوونی شۆڕشی ئیسلامی تیرۆر کرا.



سالی 2011:
دوای کۆژرانی کەسێک لەلایەن پۆلیسەوە ، ژمارەیەک خۆپیشاندەر هەڵڕژانە سەر شەقام .



سالی 2015:
لە مزگەوتێکی شاری ئەبهای سعودیە تەقینەوەیەکی خۆکوژی ڕوویدا و لە ئەنجامدا 17 کەس کوژران .



زمانی ژمارە

پەنابەر و ڕاگوێزراوان لە سەرتاسەری جیهان

- لە کۆتایی ساڵی 2018، بەهۆی چەوساندنەوە و ململانێ و تووندوتیژی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤەوە 70.8 ملیۆن کەس لە سەرتاسەری جیهان ناچار کراون پەنا ببەنە بەر پەرتەوازەیی .
- لەو ساڵەدا ڕۆژانە 37000 کەس ناچار بوون شوێنی نیشتەجێی خۆی بەجێ بێڵن.
- ژمارەی پەنابەران گەیشتۆتە 25.9 ملیۆن کەس.
- 20.4 ملیۆن پەنابەر لەلایەن کۆمسیۆنی پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان تۆمار کراون .
- ژمارەی ڕاگوێزراوان لە سەرتاسەری جیهان 41.3 ملیۆن کەسە.
- 3.5 ملیۆن کەس داوای مافی پەنابەریی سیاسیان کردووە .
- بەشی زۆری کۆچکردوان زیاتر لە 5 وڵات بووە : سوریا 6.7 ملیۆن کەس ، ئەفغانستان 2.7 ملیۆن کەس. باشووری سودان 2.3ملیۆن کەس.
- میانمار 1.1 ملیۆن کەس . سۆمال 900 هەزار کەس.
- 5 وڵات لە هەموو وڵاتانی تر زیاتر پێشوازیان لەو پەنابەر و ڕاگوێزراوانە کردووە : تورکیا 3.7ملیۆن . پاکستان 1.4ملیۆن کەس . ئۆگەندا 1.2 ملیۆن کەس . سودان 1.1 ملیۆن کەس . ئەڵمانیا 1.1ملیۆن کەس .
- هەر لەو ساڵەدا 2.9 ملیۆن پەنابەر گەڕاونەتەوە وڵاتانی خۆیان .

زیاتر لە نیوەی کۆنگرێسمانە دیموکراتەکان:

بەڵێ بۆ دوورخستنەوەی دۆنالد ترەمپ



ئا: هەندرین شێرزاد

ماوەیەک دوای دەستبەکاربوونی دۆنالد ترەمپ وەک سەرۆکی ئەمەریکا لە ساڵی 2016، لەسەر ئاستی جیهان و ناوخۆی ئەمەریکاش مقۆمقۆی ئەوە پەیدا بوو کە ترەمپ بەبێ گەرانەوە بۆ پەرلەمانتاریزم کارپێکراوەکان هەنگاو دەنێ و بە شێوازێکی نادروست مامەڵە لەگەڵ دەرووبەر و وڵاتانی جیهاندا دەکات. زۆربەی ئەو دەنگە ناڕازیانە ژمارەیەک سیفەتی وەک تووندڕەو و راسیست و هی تریش ئاراستەی سەرۆک دەکەن.

زیادبوونی ئاستی ناڕەزایی

ژمارەیەک دەزگای میدیایی ئەمەریکی رایانگەیاند کە ئێستا زیاتر لە نیوەی نوێنەرانی سەر بە پارتی دیموکراتی ئەمەریکا پشتگیری لە گرتنەبەری ژمارەیەک ڕێوشوێن دەکەن کە بینە مایەی دوورخستنەوەی دۆنالد ترەمپ لە پایەکەی . ئەو دەزگا میدیاییانە باس لەوەش دەکەن کە لە کۆی 233 نوێنەر ، 118 لەو نوێنەرانە هیوایان خواستووە خاتو نانسی پیلۆسی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران (کە سەر بە پارتی دیموکراتە) هەڵوێستی خۆی بگۆڕێ و بڕیار لەسەر گرتنەبەری ئەم ڕێوشوێنانە بدات .

ترسی دیموکراتەکان

بە گوێرەی زانیارییەکان، بەرپرسە باڵاکانی پارتی دێموکرات ، لە سەرووشیانەوە نانسی پیلوسی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران ناخوازن ڕاشکاوانە دەست بە گرتنەبەری ڕێوشوێنەکانی دوورخستنەوەی ترەمپ بکەن چونکە ترسیان هەیە لەوەی ئەمە ببێتە هۆی لاوازکردنی هەڵوێستەکانیان لە ماوەی هەڵمەتی خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ساڵی 2020، بە ڕای ئەوان لەوانەیە ئەمە نارووندنیەک بخاتە سەر ئەو دۆسیە و بابەتە سەرەکیانەی کە لە ماوەی هەڵمەتی پروپاگەندەکردن بۆ هەڵبژاردن بایەخی پێ دەدەن ، وەک بابەتی ژینگە و تەندروستی چاکسازیی لە بواری دادوەریی.

مولەر دەرگای ناڕەزایی والا کرد

دەبێ بزانین کە دوای خستنەرووی ڕاپۆرتی مولەر لە کۆتایی مانگی تەموزی ڕابردوو سەبارەت بە ئەگەری دەستوەردانی ڕووسیا لە هەڵبژاردنی ساڵی 2016ی سەرۆکایەتی ئەمەریکا ئاستی ناڕەزایی و ژمارەی ئەوانەی کە داوای دوورخستنەوەی ترەمپ دەدەن ، ڕووی لە زیادبوون کرد ، بەڵکو لەوەش زیاتر ئێستا ئەوان جەخت لەوە دەکەنەوە کە سەرۆکی ئەمەریکا هەوڵ دەدات کۆسپ بخاتە بەردەم کاری دادوەریش.

ڕاپرسییەکان چ دەڵێن؟

وێڕای ئەو هەڵمەتە تونده‌ی دیموکراتەکان ، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتووە کە زیاتر لە نیوەی دەنگدەرانی ئەمەریکا ناخوازن سەرۆک ترەمپ لە پایەکەی دوور بخرێتەوە . لەو بارەوە زانکۆی کیڤینییک ڕاپرسیەکی



ئەوەشدا خەڵکی ئەمەریکا بۆچوونێکی جیاوازیان هەیە . بە گوێرەی دوایین ڕاپرسی ئەنجام داوە و تیایدا 60% ی دەنگدەرانی ئەمەریکا پێیان وایە کە پێویست ناکات هەمان ئەو بۆچوونەیان هەیە . لە بەرامبەردا 50% ی دەنگدەرانی سپی پێست ئەمە ڕەت دەکەنەوە . لەوڵاشەوە 70% ی دەنگدەران نیگەرانیان دەربڕیوە لەوەی دوور نیە حکومەتی بیانی دەست وەربداتە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا لە ساڵی 2020

پرۆسەکە شکست دێنێ

دیموکراتەکان پێیان وایە کە مولەر ژمارەیەک بەڵگەی خستۆتە ڕوو دەربارەی ئەوەی ترەمپ دەیان جار هەوڵی داوە کۆسپ بخاتە بەردەمی کاری دادوەریی ، بۆیە کۆمەڵێک لە نوێنەرانی پارتی دیموکرات دەڵێن پێویستە ڕێوشوێنی پێویست بەرامبەر بەم پێشێلکارییانەی ترەمپ بگیرێنە بەر . بەڵام لە کۆتاییدا دەبێ بزانین ئەگەر دیموکراتەکان شتی واش بکەن ، بەڵام لە کۆتاییدا ڕووبەڕووی شکست دەبنەوە ، بەو پێیەی لە ئەنجومەنی پیراندا کۆماریەکان زۆرینەن .

بەپێی دەستوور

بە گوێرەی دەستووری ئەمەریکا ، هەر کاتێک تۆمەتی خیانەت یان بەرتیل یان تاوانی گەورەی دیکە بەسەر سەرۆکدا ساغ ببنەوە ، دەتوانرێ لە دەسەڵات دوور بخرێتەوە ، دەنگدانی دوورخستنەوەکەش پێویستی بە زۆرینەی دەنگی ئەنجومەنی نوێنەران هەیە ، ئەمە دوای وەدەستهێنانی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی پیران .

چاوخشاندنەوەیەک بە مێژوو

ئەگەرچی تا ئێستا لە مێژووی ئەمەریکا هیچ سەرۆکێک بەم شێوەیە لە کار دوور نەخراونەتەوە بەڵام مەترسیەکە ڕووبەڕووی چەند سەرۆکێک بۆتەوە ، لەوانە ئاندرۆ جۆنسنی سەرۆکی دیموکرات ،کاتێک لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی ناوخۆیی و بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی کۆنگرێس ئیدوین ستانتۆنی وەزیری سەر بە پارتی کۆماری لەکار دوور خستەوە، ئەمەش وەک پێشێلکردنی یاسای فیدرالی لێک درایەوە .ئەوە بوو ساڵی 1868 لە دەنگدانی ئەنجومەنی پیران 35 ئەندام لە دژی ئەو دەنگیان دا لە بەرامبەر 19 دەنگ، لەسەر کارلادانەکەی پێویستی بە 36 دەنگ هەبوو ، بەمەش جۆنسن ڕزگاری بوو .

لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردووشدا کاتێک ئابرووچوونەکەی وۆتەرگێت ئاشکرا بوو و دەرکەوت کە ڕیچارد نیکسۆن لە پرۆسەی سیخوڕیکردن دژی دیموکراتەکان تێوەگلاوە ، وەک هەوڵێک بۆ خۆ ڕزگارکردن ، نیکسۆن ئەو کەسەی لە کارەکەی دوور خستەوە کە ئەرکی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی پێ سپێردرابوو ، بەمەش چارەنووسی خۆی خستە مەترسیەوە ، تا لە کۆتاییدا ناچار بوو دەست لەکار بکێشێتەوە .

دواتر لە ساڵی 1998 ڕێوشوێنی دوورخستنەوە لە دژی بیل کلینتۆن گیرایەبەر، بەهۆی دۆسیەی مۆنیکا لوینسکی ، ئەوەبوو ئەنجومەنی نوێنەران دەنگی بۆ دوورخستنەوەی کلینتۆن دا، بەڵام دواتر دیموکراتەکان لە ئەنجومەنی پیران ڕزگاریان کرد.



وێنەوکۆمێنت

تیرێزا مای بۆ شوێنگرەوەکەی:

چوونە دەرەوە بەبێ ڕێککەوتن لە یەکێتی ئەورووپا، مەترسیەکی گەورەیە بۆ سەر یەکێتی خاکی شانشینی یەکگرتوو.



مانشێت



سکای نیوز:
بەهۆی سەرهەڵدانەوەی ناکۆکی لەنێوان هیند و پاکستان، دەسەڵاتدارانی کشمیر ژمارەیەک ڕێوشوێنی ئەمنیان گرتەبەر .



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
سوپای پاسدارانی ئێران کەشتیەکی دیکەی لە تەنگەبەری هورمز دەست بەسەر کرد و 7 کەسیشی لە دەریاوانەکان دەستگیر کرد .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا سەبارەت بە سیاسەتی پەناپەرێتی بەنیازی ئەنجامدانی گۆڕانکاری بنەڕەتین .



ئەی ئێف پی:
حکوومەتی ئوستڕالیا بە دووری زانی بە داوایەکی واشنتۆن رازی بێ سەبارەت بە جێگیرکردنی موشەکی ئەمەریکی لەسەر خاکی وڵاتەکەی.



کەنالی ئار تی:
سیئۆل و واشنتۆن بەنیازی ئەنجامدانی ژمارەیەک مانۆری سەربازی هاوبەشن، لە بەرامبەریشدا پیۆنگ یانگ هۆشداری دا لەوەی دوور نیە ئەمە کاریگەریی نێگەتیڤی بۆ سەر دانوستانەکان هەبێ .



ڕۆیتەرز:
سەرۆکی هۆنگ کۆنگ ڕایگەیاند ئەو خۆپیشاندانانەی لە وڵاتەکەیدا ئەنجام دەدرێت پێشێلکردنی سەروەریی خاکی چینن .

لە کوردستان.. دارستان لە داری پاوڵۆنیا دروست دەکرێت

نرخی بەرهەمی هەر دارێک لە نێوان 200 تا 300 دۆلار دەبێت





نەسرەدین جەمیل عەلی، بەڕێوەبەری کۆمپانیای شەی پاوڵۆنیا

خاوەن کۆمپانیایەک: لە بەرنامەمان دایە کارگە بهێنینە کوردستان تاوەکو بەرهەمی داری پاوڵۆنیا لە ناوەخۆی کوردستان سوودی لێوەربگیرێت

ڕاپۆرت: سەنگەر حوسێن

ماوەی چەند ساڵێکە هەرێمی کوردستان لە ڕووی کشتوکاڵییەوە پێشڤەچونێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە، چ لەلایەن حکومەتەوە یاخود کەرتی گشتییەوە، لەئێستادا جۆرە درەختێک کە بە (داری پاوڵۆنیا) ناسراوە بە بڵاوەیی لە ناوخۆدا دەچێنرێت کە لە داهاتوودا سوودێکی زۆری بۆ جووتیار دەبێت. لەم دیمانەیەدا لەگەڵ (نەسرەدین جەمیل عەلی) بەڕێوەبەری کۆمپانیای شەی پاوڵۆنیا تیشکی زیاتر دەخەینە سەر چاندنی داری پاوڵۆنیا:

لەسەرەتادا دەڵێت: سەرەتای دۆزینەوەی ئەم جۆرە دارە پێش چوار هەزار ساڵ لە وڵاتی چین بووە. لە ئوستراليا و نیوزلەندا ش ڕووبەرێکی فراوانی داگیر کردووە. داری پاوڵۆنیا لە ماوەی ساڵێکدا شەتڵەکەی لە 10 تا 15 سانتیمەترەوە بۆ 4 مەتر بەرز دەبێتەوە، هەر ساڵە و 4 تا 6 مەتر بەرزدەبێتەوە، تەمەنی ئەو دارە دەگاتە 80 بۆ 100 ساڵ. دوای ئەو تەمەنەش هەر سوودی دەبێت، بەڵام ئەوکات بۆ تەختە بەکەڵک نایەت، بەڵکو بۆ دروستکردنی کاغەز و دەستماڵ و شتی دیکە بەکار دێت. داری پاوڵۆنیا هەر چوار ساڵ جارێک دەبڕدرێتەوە بۆ تەختە دروستکردن. نرخی یەک مەتر سێجا تەختەی ئەم جۆرە دارە نزیکەیی 500 تا 600 دۆلار دەکات. لەهەر دۆنمێکدا دەتوانرێت 1250 دار بچێنرێت، لەدوای بڕینەوەی هەر دارێک نرخەکەی لەنێوان 200 تا 300 دۆلار دەبێت. داری پاوڵۆنیا لەوەرزی بەهاردا گوڵێکی هەیە بۆ مێش هەنگوین زۆر بەسوودە. گەڵایەکەشی بۆ مێش هەنگوین باشە چونکە شیلەی تێدایە و لە هەموو وەرزێکیش سوودی لێدەبینێت تەنها لەوەرزی زستان نەبێت.

لەبارەی سوودی گەڵاکانی داری پاوڵۆنیا، (نەسرەدین جەمیل) گوتی: گەڵای ئەم دارە وەک عەلەف بۆ ئاژەڵ بەسوودە، چونکە بەهای خۆراکی زۆرە، 22.6٪ پڕۆتینە، بەبەراورد بە وێنجە کە عەلەفێکی زۆر باشە 17٪ی پڕۆتینە، هەر دارێک ساڵانە 60 کیلۆ گەڵای دەوەرێنی کە بۆ پەینی کیمیایی زۆر گرنگە، چونکە دەتوانی گەنمی لەگەڵ بکەیت و بۆ ساڵی دووەم پێویستی بە پەینی کیمیایی نابێت، ساڵانە 18٪ تا 20٪ بەرهەمی گەنم و جۆ زیاد دەکات، هەروەها دەتوانرێت لەنێوان دارەکاندا بەڕووبوومی دیکە بچێنرێت. گشت بەشەکانی ئەو دارە (گەڵاکەی، لقەکەی، قەدەکەی و گوڵەکەی) بەسوودە، هەروەها ئۆکسجینێکی باشمان دەداتێ، هەر دارێک بەقەد 10تا 12 دار ئۆکسجین دەدات. داری پاوڵۆنیا لە 15تشرینی دووەم تا کۆتایی مانگی نیسان ئاوی ناوێت، دواتر هەر 3ڕۆژ جارێک دەبێ ئاو بدرێت.

سەبارەت بە بەرهەمی ئەو جۆرە درەختە، (نەسرەدین جەمیل) گوتی: ئەوەی جێی دڵخۆشییە لە ئێستادا گەیشتینە بەرهەمی ئەو دارە، دوای 4 ساڵ دارەکان گەورە بوون و توانیمان بیبڕینەوە و ئەنجامەکەی زۆر باش بوو. ئێمەش وەک کۆمپانیا بەرهەمەکەی لە جووتیاران دەکڕینەوە، بۆ ئەم مەبەستەش هەر لە سەرەتای چاندندا گرێبەستێک لەگەڵ جوتیار دەکەین و دوای بڕینەوەی دارەکەی لێی دەکڕینەوە و هەناردەی دەرەوەی دەکەین.

نەسرەدین دەشڵێت: پێش 12 ساڵ ئێمە یەکەم کۆمپانیا بووین ئەم جۆرە دارەمان هێنا کوردستان، بەڵام ئەوکات بەشێوەی تاک تاک دەمانڕواند، بەڵام وەک پڕۆژەی چاندنی ڕووبەری گەورە و فراوان ماوەی 3 ساڵە دەستمان پێکردووە، لە ئێستادا نزیکەیی 25000 دارمان لەیەک پارچە زەوی چاندووە، هەمانە 15 هەزار و 10 هەزار و 8 هەزار دار، تێبینی سەرکەوتنی باشمان بەدەست هێناوە. دوای 3 مانگ لە بڕینەوە دارەکە بااڵی دەگاتە نزیکەیی 5- 6 مەتر، کە تەمەنی ساڵێک بوو دوای بڕینەوە ئەوا دەبێتە 8 مەتر.

ئەو خاوەن کۆمپانیایە زیاتر دەڵێت: لەبەرنامەمان دایە کارگە بهێنینە کوردستان تاکو بەرهەمی ئەو جۆرە دارە لە ناوەخۆی کوردستان سوودی لێوەربگیرێت، ئەوەی زیادەش دەبێت دەینێرینەوە دەرەوە ئەم هۆیەش لەگەڵ چەندین کۆمپانیای ڕۆمانی و سوێدی و فینلەندی پەیوەندی باشمان هەیە و یەک گروپین.

لەبارەی کۆمپانیاوە: کۆمپانیای شەی پاوڵۆنیا کاری سەرەکی هاوردە و چاندنی داری پاوڵۆنیایە. پرۆژەیەکی گشتگیرە، هەر لە هێنانی شەتڵ و چاندن و سەرپەرشتیکردن تا بە بازارکردنی تەختەی دارەکە، لەگەڵ ڕاهێنانی جوتیاران لەسەر پەروەردەکردنی ئەم جۆرە دارە. لەبەر ئەوەی پەروەردەکردنی داری پاوڵۆنیا تایبەتمەندی خۆی هەیە و کۆمپانیاش تا بڕینەوەی دارەکە لەگەڵ جوتیار دەبێت. **خاوەن کۆمپانیاکە دەڵێت:** ئێمە شەتڵ نافرۆشین بەڵکو دارستان دروستدەکەین و سەرپەرشتی دەکەین بەبێ بەرامبەر و دڵنیایش دەدەین ئەگەر هەر دارێک تا ساڵێک لەناووچوو ئێمە بەخۆڕایی بەداری دیکە قەرەبووی دەکەینەوە.

چەند ڕێنماییەک بۆ زیادکردنی بەرهەمی کونجی



بۆ بەدەستهێنانی بەرهەمێکی باش لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی چەند ڕێنمایی و ڕاسپاردەیەک هەیە پێویستە لە کاتی بەرهەمهێنانی کونجی پەیڕەو بکرێت وەک:

لە قۆناخی گوڵکردندا

یەکەم: پێویستە بەروبوومەکە بە توخمە بچووکەکان بڕشێندرێت لە هەمانکاتدا توخمی زەنگ و ئاسن و مس بە ڕێژەی 60:40:50:20 تێکەڵ بە هەر 500لیتر ئاو دەکرێت بە دۆفێک دەدرێت.

دووەم: لە کاتەی باڵای ڕووەک دەگاتە 15سانتیمەتر ڕشاندن ئەنجام دەدرێت.

سێیەم: بە باش دەزاندرێت لە کاتی ڕۆژ ئاوابوونداڕشاندن ئەنجام بدرێت بە مەرجێک ئاودانی بۆ نەکرابێت و بەروبوومەکە زۆر تێنوو نەبێت.

لە قۆناخی دروستکردنی کەلووەکان و تۆودا

یەکەم : هەردوو پەینی سلفاتی پۆتاس و سلفاتی مەگنیسیۆم لە گەڵ ئاوی ئاودان بە بەروبوومەکە دەدرێت.

دووەم: ڕووەکەکە بە ترشیی ئەمینی دەڕشێندرێت کە فۆلفیک و ئەمینۆ پڕۆلین و هایدرۆکسیدی پڕۆلینی تێدایە.

خۆپاراستن لە زیانەکانی برژاندنی گۆشت لەسەر خەڵووز



زۆر لە لێکۆڵینەوەکان دەیسەلمێنن کە برژاندنی گۆشت لەسەر خەڵووز پێکهاتەی گۆشتەکە دەگۆڕێت و لە ئەنجامدا چەند ئاوێتەیەک بەرهەم دێت کە ئەگەری هەیە ببێتە هۆی توشبوون بە نەخۆشیی شێرپەنجە. لە هەمانکاتدا دووکەڵی برژاندن کە لە ئەنجامی سوتانی خەڵووز و کەوتنی چەوری بۆ سەر خەڵووزەکە کە هایدرۆکاربۆنەکانی بۆنی فرە بازنەیی تێدایە هۆکارن بۆ توشبوون بە نەخۆشیی شێرپەنجەی سیپەکان.

یەکێ لە هۆکارەکانی ئەگەری توشبوون بە نەخۆشیی شێرپەنجە زیاد دەکات بە هەبوونی مادەی ئەمینەکانی هیترۆسایکلە یان HCAS کە لە چێشتخانە لە پلەی گەرمیدا بەرهەم دێت. لێکۆڵینەوەکان ئاشکرایانکردووە خواردنی گۆشتی زۆر برژاو و سوتاو بە تایبەتی گۆشتە دروستکراوەکان ئەگەری توشبوون بە نەخۆشیی شێرپەنجەی بەنکریاس و پرۆستات بەرز دەکاتەوە.

لە هەندێک کاتدا ئافرەتانی ماڵ پەنا بۆ داگیرسانی پارچە خەڵوزێک دەبەن بۆ ئەوەی خواردنەکەیان تامی خۆڕاکی برژاوی سەر خەڵووز وەربگرێت، ئەوەش هەمان زیانی ئامادەکردنی گۆشت لەسەر خەڵووزی هەیە و خۆڕاکەکە تێر دەبێت لەو دووکەڵە کە پڕە لە ژەهر و زیان بە تەندروستیی دەگەیەنێت.

بۆ کەمکردنەوەی زیانەکانی برژاندن لەسەر خەڵووز ئەو خاڵانە پیادە دەکرێت:-

یەکەم- مەنقەڵەی برژاندن باشترە لە کەشوهەوایەکی کراوە دابندرێت و لە شوێنێکی داخراو دانەنرێت کە پڕ دەبێت بە دووکەڵی خەڵووز کە ئاوێتەی ژەهراوی زیانبەخشی تێدایە.

دووەم: باشترە خەڵووزی ڕووەکی بەکار بێت و دوور کەوینەوە لە خەڵووزی دروستکراو.

سێیەم: دڵنیابوون کە خەڵووزەکە بە تەواوی داگیرساوە وسوتاوە پێش دانانی گۆشت لەسەری.

چوارەم: مەنقەڵەکە با کراوەبێت و سەری دانەخرابێت بۆ ئەوەی دەرفەت هەبێت لە دووکەڵی خەڵووزەکە دەربازبێن.

پێنجەم: پێشوەختە گۆشتەکە دەکرێتە پارچەی بچووک تاکو برژاندنی ئاسان بێت و ماوەیەکی درێژ لەسەر خەڵووز نەمێنێتەوە.

شەشەم: بەردەوام گۆشتەکە هەرچێر و وەرچێری بۆ دەکرێت تا ئەو کاتەی دەبرژێت.

حەوتەم: پێویستە گۆشتەکە بە تەواوی ببرژێت چونکە گۆشتی نەبرژاو هۆکارە بۆ ژەهراوی بوون بە تایبەتی بە سالمۆنێلا.

هەشتەم: دوای برژانی گۆشتەکە لەسەر کەرەوز یان بەقەدۆنس دادەندرێت بۆ ئەوەی چەوریبەکەی و ئاوێتە زیان بەخشەکان بمژێت.

بێستانسوور... ڕنینی بەرهەمی کاڵەک





سڵێمانی:

کاڵەک بەروبوومێکی هاوینەیە و ساڵانە لە هەرێمی کوردستان لە مانگی تەمووزدا پێدەگات. هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان لەم وەرزەدا خواستێکی زۆریان لەسەر بەرهەمی شووتی و کاڵەک هەیە. کاڵەک لە ڕووی تەندروستییەوە سوودی زۆری هەیە و هەڵگری چەندین ڤیتامینی بەسوودە، ئەوەش وای کردووە خواستی زیاتری لەسەر بێت.

لە نزیک گوندی بێستانسوور لە دەشتی شارەزوور لە سنووری پارێزگای سڵێمانی دا ژمارەیەک لە جووتیاران سەرقاڵی ڕنینی کاڵەکن. ئەوان بەیانیان زوو دەچنە نێو بێستانەکانیان و بەگەورە و بچووک سەرقاڵی ڕنینی کاڵەکن.

دواتر ڕەوانەی عەلوەی سڵێمانی دەکەن بۆ فرۆشتن. (فەلاح محەمەد) جووتیارێکی ناوچەکەیە و سەرقاڵی ڕنینی کاڵەک بوو. ئەو بۆ ئاژانسی ئەنادۆڵ گوتی: ئەمساڵ بەهۆی باران بارینی وەرزی زستانەوە لەڕووی بڕ و جۆرەکەشیەوە کاڵەکێکی باشمان هەیە، بە بەراورد بەساڵانی ڕابردوو زۆر باشترە. ئەوەی جووتیارانی هەرێمی کوردستانی نیگەران کردووە کەمی نرخ و ساغ نەبوونەوەی بەرهەمەکانیانە وەک پێویست لە بازاڕەکاندا، ساڵانەش داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێت ڕێوشوێنی پێویست بگرێتە بەر و هاوکاری جووتیاران بکات. (فەلاح محەمەد) لەو بارەیەوە گوتی: ئەوەی کێشەی بەردەوامی ئێمەیە کەمی ئەو داهاتەیە کە لەرێگای کشتوکاڵەوە دەستمان دەکەوێت، بۆ نموونە ئەو کاڵەکەی کردوومانە بڕێکی باش و زۆری هەیە، بەڵام لە بازاڕدا پارە ناکات و هەقی ماندووبوونەکەمان بۆ دەناهێنێتەوە.

گواردیۆلا هەڵەکانی پێشووی راستکردەوەو لە کلۆپی بردەوە



یانەی مان سیتی توانی نازناوی قەڵغانی خێرخوازی ئینگلیزی بەدەست بهینیت دوای ئەوەی بەلێدانی یەکلاکەرەوە 4-5 گۆڵ لە یانەی لیڤەرپوولی بردەوە، کاتێک لەکاتی یاساییدا 1-1 گۆڵ بەرامبەر بوون.
گواردیۆلا لە خولی ئینگلیزی هەڵەی بەرامبەر لیڤەرپوول هەبوو، بەڵام ئەو راهێنەرە زیرەکانە یارییەکەی خویندەوە و ئەو هۆکارانەی بۆ دەرکەوتن کە یاریزانانی ناوەراستی یانەکەی پێشتر وەک پێویست نەیاندەتوانی پارێزگاری و بەرگری لە یاریزانانی هێلی دواوە بکەن، ئەمجارە یاریزانانی ناوەراست تەکتیکی گواردیۆلایان بەدروستی جێبەجێکرد و زیرەکانە هێرشەکانی لیڤەرپوولیان بەسەرکردایەتی محەمەد سەلاح بەرپەرچ دەدایەوە بەتایبەتیش گۆڵچی مان سیتی.
جێی باسە پێشتر یۆرگن کلۆپی راهێنەری لیڤەر رایگەیاندبوو کە یارییەکە بۆ ئەوان هێندە ئاسان نابێت و دانی بەوەشدانا کە ئەوان وەک پێویست ئامادەکاریان بۆ ئەو یارییە نەکردبوو.



کەرکووک.. بۆ یەکەمین جار پاڵەوانێتی بەرزکردنەوەی قورسایی پێنج پریس بۆ ئەفراتان بەرێوەدەچێت

خەبات/ ئارام شێرکۆ
لە مێژووی وەرزشی شاری کەرکووک بۆ یەکەمجار پاڵەوانێتی بەرزدنەوەی قورسایی ئافرەتان لە هۆڵی ئیمپراتۆریەتی قووەی یەکێتی هێزی لەشی کەرکووک و بە هاوکاری گرووپی نەهرۆ، پاڵەوانێتی کراوەی کلاسیکی پێنج پریسی خانمان بۆ هۆڵەکانی کەرکوک رێکخست، دوای ملاملانێیەکی بەهێز ئەنجامەکان بەمشێوەیەی خوارەوەبوو:
#ئاستی هۆڵەکان:
هۆڵی عالەمی پلەی یەکەم 56خاڵ
هۆڵی ئیمپراتۆریەتی قووە پلەی دووەم 47خاڵ
هۆڵی ئیمام قاسم پلەی سێهەم 30خاڵ
 # ئاستی تاک:
کێشی 57کگم تاژان عیزەت
کێشی 63کگم شیرین حمە فەرەج
کێشی 72کگم ساریا بەکر
کێشی 84کگم کنێر مەحمود
کێشی +84کگم نازەنین ئەبوبەکر
سەبارەت بە پاڵەوانیتیەکەش جەنگیز رەشید سەرۆکی یەکێتی هێزی لەشی کەرکوک لە لێدوانێکی بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند و گوتی: ئەمە یەکەمین پاڵەوانێتیە بۆ هێزی لەشی خانمان لە کەرکووک ئەنجام دەدرێت و بەشێوەیەکی سەرکەوتو بەرێوە چوو، سەرەڕای کەمی رێژەی بەشداربووان، بەڵام دەستپێکێکی زۆر باش بوو بۆ داهاتووی بۆ ئەوەی ئافرەتی زیاتر بێنە نێو یارییەکە و بتوانن بەشداری پاڵەوانێتییەکان بکەن.



چارەنووسی رۆدریگز نادیارە

هێشتا چارەنووسی خیمێس رۆدریگزی کۆڵۆمبی لەگەڵ یانەی ریال مەدرید بەنادیاری ماوەتەوە، ئەویش دوای ئەوەی دوو وەرز مانەوە بەشێوەی خواستن لە بایرن میونشن گەرایەوە قەڵای سانتیاگۆ ببرنابێتۆ.
رۆژنامەی کریری دلۆ سپۆرتی ئیسپانی ئاشکرای کرد کە یانەی ریال مەدرید دەکەوێتەر ژێر باری یانەی ناپۆلی ئیالییەوە بۆ ئەوەی جاریکی تر ئەو یاریزانە کۆڵۆمبیە بە خواستن بداتە یانەی ماپۆلی، بەتایبەتیش کە رۆژنامەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە هەڵوێستی یانەی ریال ئالۆز بووە بەتایبەتیش لە نزیکبوونەوەی کۆتایی هاتنی گواستنەوەی زستانەدا، کە لەولاشەو ئەتلەتیکۆ مەدرید لە گفتوکۆکانی کشایەوە کە رایگەیاندبوو ئامادەیە بڕی 27 ملیۆن یورۆ بدات لەپێناو رۆدریگیز.



جۆنیۆر وێنەیەکی خۆی بەدرێسی بەرشلۆنە بڵاوکردەوە

جۆنیۆر فیربۆ لە ئەکاونتی تایبەتی خۆی لە تویتەر وێنەیەکی خۆی بە درێسی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی بڵاوکردۆتەوە کە لە وێنەکەدا دەرکەوتووە و ئالایەکی یانە کەتالۆنیەکەی بەتەنیشتیەوە هەلواسراوە،
ئەم تویتەی جۆنیۆر دوای ئەوە دیت کە یانەی بەرشلۆنە بە فە رمی لە پەیجی خۆی گرێبەستی لەگەل ئەو یاریزانەی یانەی ریال بیتس بڵاوکردەوە، جۆنیۆری بەرازیلی لە تویتەکەیدا چەند هێمایەکی بەختەوەری پێکەنیناوی بڵاوکردۆتەوە کە ئاماژەیەکە بەوەی زۆر دڵخۆشە دریسی بەرشلۆنەی لەبەر کردووە.

رۆنی

چاوەڕوانی گلۆپی سەوزی مان یونایتد دەکات

واین رۆنی یاریزانی پێشووی یانەی مان یونایتد و ئێستای یانەی واشنتۆن دی سی لە خولی ئەمریکی خۆشحالی خۆی بەوەی دەربڕی کە یتوانێت جاریکی تر دوای ماوە پیشەگەربییەکەی جارێکی تر بگەڕێتەوە و یاری بۆ یانەی مان یونایتد بکات.
رۆژنامەی دایلی مایلی بەریتانی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە واین رۆنی هیوای ئەوە دەخوازێ کە ناوی لەنێو پلانەکانی سۆلسکایەری راهێنەری مان یونایتد هەبێت، چونکە ئەو یاریزانە میژوویەکیان لەگەڵ یانە ئینگلیزییەکە تۆمار کردووە و لەهەمان کاتیش خێزان و منداڵەکانی پەرۆشن بگەڕێنەوە بەریتانیا و لای ئەوان سالێکی تر مانەوە لە ئەمریکا زیاتر نیگەرانیان دەکات.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Tue, 6. Aug. 2019 No: (5805)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



ئەڤین ناوی بەرهەمە نوێیەکەی ئاگرینە

هەمزە سەرحان

هونەرمەندی گۆرانیبێژی لاو "ئاگرین دڵشاد" کاتی بڵاوبوونەوەی بەرهەمە نوێیەکی ئاشکرادەکات. ئاگرین لەهەژماری تایبەتی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبوک)، کاتی بڵاوکردنەوەی بەرهەمە نوێیەکەی ئاشکراکردووەو نوسیویەتی"بەروارى **2019/8/10**کاتژمێر **21:00**بە کاتی کوردستان بەرهەمی (ئەڤین) بڵاو دەبێتەوە، ئاگرین دڵشاد گۆرانیبێژ و ئاوازدانەرێکی خەڵکی کەرکووکە، ساڵی **2014**پەیمانگای هونەرەجوانەکانی تەواو کردووە، قووتابی کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سەلاحەدینە، یەکێکە لە هونەرمەندە گۆرانیبێژە گەنجەکانی ئێستا، چەندان ڤیدیۆ کلیپ و گۆرانیی تۆمارکراوی هەیە.

شانۆکار جەلال محەمەد مستەفا:

زۆر درامای بیانی هەیە و کەناڵەکان تەنیا بۆ بازرگانی پەخش دەکرێن





دیمانە:بەرهەم شێخ عزەدین

جەلال محەمەد مستەفا،ساڵی **2004**دەستی بەکاری شانۆیی کردوە یەکەم کاری شانۆیی شانۆیی (خەونێک) بووە لە نووسین و دەرهێنانی (ئومێد کەمال)کە هەمان ساڵ هەر لەگەڵ ئەو بیرۆکەی دامەزراندنی تیپی شانۆی پیرەمەگروونیان دانا و لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیان ئەو تیپەیان دامەزراند تا ئێستاش لەکاری هونەری بەردەوامن، خاوەنی ئەم شانۆیانەن: (خەونێک .سندوقی سکاڵا . خەندەکانمان درۆن . شێتەکانی ولاتی من . وەرن بەگریانمان پێ بکەنن . چیمان بەچی کرد. گردو . ڕەجەب تاوانبار نیە . ئەوانەی هەن نین ئەوانەی نین هەن . جەژنانەی جەژمان خوێنە . ماڵەکەی ئێمە . مەملەکەتێکی سەیر. فسفس پاڵەوان . باشترین مرۆڤی کۆمەڵگا . کۆژەر) لەم دیمانەکورتەدا ئەوشانۆکارە دڵی خۆی بۆخەبات کردەوە:

هۆکارچیە کەبینەر لەدرمای کوردی تۆراوە؟

هۆکاری تۆرانی بینەر لە درامای کوردی نەبونی درامای کوردی و گرنگ نەدانە پێی و زۆری درامای بیانی لە تیڤیەکان.

چی دەربارەی هونەری کوردی دەڵێت؟

هونەری کوردی هیچ جیاوازی نابی لە هونەری بێگانە ئەگەر گرنگی بە هونەرمەندانی خۆمان بدرێت.

تاچەند درمای تیجاری یان باشتر بڵێین ئەو فلیمانەی کە لەهەندێک کەناڵ یان لەسینەماکان دەکرێت خزمەتی هونەری کوردیدەکەن؟

فیلمی بازرگانیش گرنگە هەبێ چوونکە ئەوەش بۆ بژێوی هونەرمەندانە.

وەکو ئەکتەرێک چی دەربارەی فلیمی دۆبلاژکراو دەڵێی کەلەکەناڵە کان پشان دەدرێت؟

درامای دۆبلاژ باهەبێ، بەڵام بەو زۆری و بۆریەی ئێستا نا چونکە زۆر درامای بێگانە کاریگەری خراپی لەسەر کۆمەڵگای کوردی هەیە و کەناڵەکان تەنیا بۆ بازرگانی پەخشی ئەکەن.

دەبێت چی بکرێت بەبێچوونی تۆ هەتا بینەر و شانۆ



درامای کوردی ئاشت بکرێتەوە؟

هەرکات شانۆ هەبێ بینەر هەیە، بەڵام شانۆییەکی ڕاستەقینە زۆجاریش نزیک بون لە واقع کاریگەری هەیە لەسەر بینەر.

تاچەند تەنز کاریگەری هەیە لەبۆشارکردنەوەی خەڵک و دەسەڵات؟

تەنز بەشیکی زۆرگرنگە و کۆمیدیا جۆرێکە لە جۆرەکانی شانۆ کە ئەبێ هەبێ .بەتایبەت بۆ کۆمەڵگای پڕ کارەساتی ئێمە.




نانسی عەجرەم بە پێنەدانی ماچێک هەوادارێکی شەرمەزار دەکات

هەمزە سەرحان: گۆرانیبێژی لوبنانی نانسی عەجرەم لەکاتی سەردانکردنی بۆ ولاتی ئوردن بەمەبەستی بەشداریکردنی لە فێستیڤاڵی جەرەس بۆ هونەر و ڕۆشنبیری، هەوادارێکی شەرمەزار دەکات.لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا گرتە ڤیدیۆی گەنجێک و نانسی عەجرەم بڵاوبووەتەوە، گەنجەکە باوەش بە نانسی دا دەکات، دواتر داوای لێدەکات ماچی بکات بەڵام نانسی بە زەردەخەنەوە پێی دەڵێت "نەخێر، حەزم لە ماچکردن نییە".ڤیدیۆکە کاردانەوەیەکی زۆری بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی لێکەوتەوە .ئەم ڕووداوە لە شوێنی چاوەڕوانی گەیشتنی نانسی عەجرەم بووە بۆ پایتەختی ئوردن "عەممان"، کە ٢٠ی تەممووز بووە بە بەمەبەستی ئاهەنگ گێران تایبەت بەو فێستیڤاڵە، بەوهۆیەشەوە ژمارەیەکی زۆر لە هەوادارەکانی لە چاوەڕوانی نانسیدا بوون و پێشوازی هاتنیان لێکردبوو.نانسی عەجرەم لەدایکبووی ١٦ی ئایاری ساڵی ١٩٨٣یە، لە لوبنان لەدایکبووە و لە خێزانێکی مەسیحییە، لە منداڵییەوە سەرقاڵی کاری هونەرییە و دوو جار خەڵاتی مۆسیقای جیهانیی وەرگرتووە، جگە لە کاری هونەری لە چەندین بەرنامەی تەلەفزیۆنیدا بەشداریی کردووە، هاوسەرگیریی لەگەڵ پزیشکێک کردووە بە ناوی فادی هیشام و دایکی سێ کچە.

چاپکراوی نوێ

منالەکانی مام تۆم



کۆمەڵە چیرۆکێکی چیرۆکنووس و شاعیری ئامریکایی (ریچارد ڕایت **1908- 1960**) کە وە رگێڕ و چیرۆکنووس (ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی) لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوە ودە زگەی سەردەم بۆچاپ وبڵاوکردنەوە لەم ڕۆژانەدا ، لەبەرگ و دیزاینێکی جوان و شیاو بەقەبارەی **231** لاپەڕە خستوویەتیە کتێبخانەکانەوە . ریچارد ڕایت یەک لەو چیرۆکنووسە ڕەشپێستە بەتوانایانەی ئامریکایە کەبەرهەمەکانی تەرخان کردوە بۆ پیشاندانی ئەو ژیانە نالەبارە پڕمەینەتی وچەرمەسەریەی کە هاوڕەگەزە پێستڕەشەکانی لە ولاتەیەکگرتووەکانی ئامریکا لەژێر سایەی سیستەم و نەریتێکی چەپەڵی سپی پێستە ڕەگەزپەرستە توندڕەوەکاندا بەسەریان دەبرد . بەتایبەت لەسالەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا ، کەدرێژەی ئەو کۆیلایەتیەبوو سەدان ساڵ لەوەبەر بۆیان مابووەوە ، ڕەشپێستەکانیان وەک ئاژەڵ لەمەزراو کێڵگەو ئاومال و کۆشک و کارخانەکانیانداکاریان پێدەکردن و دەیانڕەتاندنەوە . چیرۆکەکانی ئەم کتێبە شایەدحاڵێکی ڕاستی ئەو ژیانە سەختەی بەشێک لەگەلانی ناو ولاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا دەخاتە ڕوو . کتێبەکە بە پێشەکییەکی وەرگێڕ دەستپێدەکات لەتەک (کورتەیەک سەبارەت بەکۆیلایەتی) وچەمکی ئەم دیاردە ناهەموارەی کۆمەڵگەی مرۆیی ، بە پێنووسی خوالێخۆشبوو (د . فازل قەفتان) کە کاتیخۆی لەتەک وەرگێڕانەکەیدا بۆڕۆمانی (کووخەکەی مام تۆم) نووسیویە ، وەرگێڕ لە پاینی چیرۆکەکانەوە (فەرهەنگۆک) یەکی بۆ بڕێ لەو وشەو زاراوانە ڕێکخستووە کەدەشێ لە کاتی خوێندنەوەدا بێنە بەر چاوی خوێنەر و ئەو مەبەستانەی وەرگێڕ مەبەستی بووە لێیان ڕوونتریان بکاتەوە.

لوتبەرزی وڕەگەزایەتی کوێری کردبوون و خۆیان لەگشت بوارەکانی ژیاندا بەلەپێشترو بالاتر دەزانی لەبەرامبەر پێستڕەشەکان .... بۆغراییەکی ڕەگەزیی بێتوێژدانانە . ئەمە لەهەرێمەکانی خواروی ئەو ولاتە (دالاس ، ئۆکلاهۆما ، میسیسیپی ، ئەلەباما ، کارۆلاینا وئەرکەنساس) ئەو هەرێمانەی کە زیاتر لەوانیدی خەڵکە سپیەکانیان هەوای

زیانێکی دیکەی جگەرەکێشان

بە گوێرەی توێژینەوەیەک، کە توێژەرەوان لەپەیمانگەی شێرپەنجەی نەتەوەیی ئەمریکی ئەنجامیانداوە دەرکەوتووە، جگەرەکێشان مەترسی توشبوونی شێرپەنجەی میزەڵدانی بەدواوە دێت، ئەمەش پێچەوانەی ئەو توێژینەوانەیە، کە توێژەرەوان پێشتر ئاماژەیان بەهەمان نەخۆشی کردووە. بەگوێرەی سایتی (جامع ئیخباری)، لەتوێژینەوەکانی پێشوودا توێژەرەوان ئەوەیان خستوەتەڕوو، جگەرەکێشان ژنان بەڕێژەی (20-30%) تووشی شێرپەنجەی میزەڵدان دەکات، بەڵام بەگوێرەی دواینی ڕاپۆرت، کە لەپەیمانگەی ناوبراوەوە بڵاوکراوەتەوە دەرکەوتووە، هەردوو ڕەگەز بەڕێژەی (50%) تووشی ئەو نەخۆشییە دەبنەوە.